# هەنگاو بە هەنگاو

# بەرگی دووهەم

Second Step, grade 2

Third edition

www.cfchildren.org

هەنگاو بە هەنگاو - بەرگی دووهەم

Second Step, grade 2

Third edition

©2002 Committee for Children, USA

www.cfchildren.org

تەرجەمەکردنی کۆمەک 2005 www.komak.nu

مشتومالّدانی زمان و ڕێنووس: مامۆستایانی فێرگەی برادۆست:
ئاسۆ عومەر خدر و عەبدولّا عەبدولڕەحمان عەبدولّا

# بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## دەربارەی بەشی یەکەم

ئامانج لەم بەشە، پەرەپێدانی هاوسۆزییە لە لای منداڵ. هاوسۆزی ڕیشاڵێکی گرینگی توانا و ڕەفتاری جڤاکدۆستانەی منداڵە و هەروەها نیشانەی توانایەتی لە دۆزینەوە و بڕیاردانی ڕێگەچارەی کێشەدا.

ئەو منداڵەی پەی بە هەست و سۆز دەبات، بەرەو وەلانانی کینە و شەڕەنگێزی دەچێت و خاستر لە لایەن منداڵی هاوپۆل و هاوتەمەنەوە پەسەند دەکرێت.

ئەو منداڵەی هەست و سۆزی بەرانبەر دەرک دەکات، لە پەیوەندیی جڤاکیدا سەرکەوتووترە و بۆ نموونە لەم خاڵانەدا تواناترە:

**1**- دیاریکردنی هەست، ئەمیان بریتییە لە:

- ناسینەوەی هەستی خۆی لە ڕێی نیشانەگەلی دۆخەکی و فیزیکی و ئەوجا ناونان لەو هەستانە.
- ناسینەوەی هەستی بەرانبەر لە ڕێی نیشانەگەلی دۆخەکی و فیزیکی و ئەوجا ناونان لەو هەستانە.
- جیاکردنەوەی هەست و دۆخ لە یەکدی و تێکەڵ نەکردنیان.

**2**- وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر، ئەمیان بریتییە لە:

- دەرککردنی ئەوەی کەسانی جیاواز بۆچوون و هەستی جیاوازیان بەرانبەر دۆخێکی تایبەت هەیە.

- خوێندنەوەی بارودۆخ لە ڕوانگەی بەرانبەرەوە، نەک تەنها لە ڕوانگەی خۆوە.

3- میهرەبانی بەرانبەر کەسانی دیکە، ئەمیان بریتییە لە:

- پێشاندانی هەست و هاوسۆزی و پەرۆشی بەرانبەر کەسانی دیکە.

**خاڵی سەرەکی**

**چەمکی زمان**

لە وانەکانی بەشی یەکەمدا فێری ئەو چەمکە زمانیانە دەبین کە پەیوەندییان بە شێوازی ئەنجامگیری و ڕەخنەوە هەیە.

زۆربەی هێما زمانییەکانی ئەم وانانە بۆ مەبەستی شیکردنەوەی سۆز تەرخان کراون.

**دیاریکردنی هەست**

دیاریکردنی هەست، چ لای خۆ و چ لای بەرانبەر، بنەمای هاسۆزییە و ڕێ خۆش دەکات بۆ بڕینی بەشەکانی دیکەی ئەم بەرنامەیە. گەر مرۆڤ پەرۆشی هەستی بەرانبەر نەبێت چ هاندەرێک نامێنێت بۆ چارەی کێشەی جڤاکی و بۆ جڵەوگرتنی تووڕەیی. نیشانەی فیزیکی و دۆخەکی یارمەتیی منداڵ دەدەن هەست دیاری بکەن.

وانەکانی بەشی یەکەم لەم باسانە دەدوێن: وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر، سەرنجدانە وێکچوون و جیاوازی، دانوستاندن لەگەڵ هەستدا، پێشبینی لە هەستی بەرانبەر و هەروەها پێشاندانی پەرۆشی.

**وانەکانی بەشی یەکەم**

1- ڕاهێنانی هاوسۆزی / سەرنجێکی گشتی - باس لە شاچەمکە گرینگ و بنەڕەتییەکانی هاوسۆزی دەکات وەک ناسینەوەی هەست، گرتنی ڕوانگەی بەرانبەر، وەڵامدانەوەی هاوسۆزانە.

2- هەستی شانازی – ڕوونکردنەوەی هۆکاری هەستی شانازی و هەروەها پەیبردن بەوەی هەست دێتە گۆڕین.

3- خواست - دەرککردنی ئەوەی خەڵک خواستی جیاوازیان هەیە و ئەو خواستانەش بەدەم کاتەوە دێنە گۆڕین.

4- هۆکار و ئەنجام – دەرکی ئەوەی هەڵسوکەت چۆن کار لە بەرانبەر دەکات.

5- مەبەست – دوورکەوتنەوە لە مەبەستی بەد.

6- ڕەوایەتی - دەرککردنی مافی کەسانی دیکە و پێشنیازکردنی چارەسەری ڕەوا بۆ کێشەیەکی دێتە پێش.

کاتی تەواو بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی «ڕۆڵوازی و چالاکی» تەرخان بکە و چاک لە سیناریۆکان بگە. هەوڵ بدە بەسەرهات و سیناریۆکان لەگەڵ بەسەرهات و ئەزموونی تایبەتیی فێرخوازاندا بگونجێنیت. گەر دەزانیت فێرخواز توانای خوێندنەوەیان هەیە، بەشەکانی «ڕۆڵوازی و چالاکی» کۆپی بکە بۆیان و هەر فێرخوازێک بەشی خۆی بدەیە کاری لەسەر بکات.

## چەمکی زمان

گفتوگۆ دەربارەی هەست، ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە پەرەپێدانی هاوسۆزی و هونەرەکانی دیکەی پێویست بۆ چارەی کێشە (Spivack and Shure, 1974). لە هەموو وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»دا، سەردێڕێکی تایبەت هەیە بە «چەمکی زمان» بۆ دیاریکردنی شاچەمکەکانی ئەو وانەیە. ڕەنگە زۆربەی ئەو چەمکانە وشەی نوێ نەبن بەڵام واتا و بەکارهێنانی تازە وەردەگرن. چەمکە زمانییەکان بریتین لە:

- بۆ ئەوەی منداڵ فێری دیاریکردن و جوداکردنەوەی هەست بێت دەبێت فێر ببێت بزانێت ئەو هەستە «چییە» و «چی نییە»، بۆ نموونە: کارزان دەترسێت، نەک حەپەساوە.

- پەیوەستەی «وێکچوو – جودا» یارمەتیی منداڵ دەدات دەرکی دۆخە جوداکانی هەست بکات. بۆ نموونە: «ئاراز لە ئاو دەترسێت، شیلان حەزی لە مەلەیە. ئەم دووانە دوو هەستی جودایان هەیە بەرانبەر بە هەمان بابەت». دەشکرێ هەمان منداڵ بەرانبەر هەمان بابەت بەدەم کاتەوە هەست بگۆڕێت.

- پەیوەستەی «ئێستا- دوایی، پێش – پاش، جاروبار – بەردەوام» یارمەتیی منداڵان دەدات سروشتی گۆڕانکارانەی هەست دەرک بکات. بۆ نموونە:
«نەسرین ئێستا پێی خۆش نییە لە دەرەوە یاری بکات، لەوانەیە دواتر پێی خۆش بێت». «مەریوان پێش سەفەر خەمبار بوو، پاش سەفەرەکەی شاد بوو».
«ڕێزان جاروبار پێی خۆشە تەنیا بێت نەک بەردەوام».
وردەکاری، تەمەن و زانیاریی دیکە ڕەنگە کار لە گۆڕینی هەست و خواستی مرۆڤ بکەن.

- پەیوەستەی « ئەگەر- ئەوسا، بۆچی – لەبەر ئەوەی» منداڵ فێری بیرکردنەوەی ئەنجامگیرانە دەکات. «ئەگەر من لەو بدەم لەوانەیە بگری» یان «ئەو ئازاری

پێگەیشت، چونکە من لێمدا». ئەم ناسینەی هۆکار و ئەنجامە، نەخشی کاریگەری هەیە بۆ هەڵبژاردنی بڕیاری دروست.

- بە گشتی منداڵ گەر بزانێت ڕووداوەکە ڕێکەوت بووە نەک بە مەبەست، کەمتر بە ئەنجامەکەی تووڕە و پەست دەبێت. «دلێر بە ئارەزوو ئازاری کاروانی نەدا، ئەو ویستی تۆپەکە بگرێتەوە».

- پەیبردن بە «ڕەوابوون» یارمەتیمان دەدات ڕوانگەی بەرانبەر بگرین و تێبگەین. «ڕەوا نییە شێرزاد هەموو کاتەکە تۆپەکەی لە دەست بێت، ئەوانەی دیکە دەرفەتی یاریکردنیان نابێت».

لیستی بەشی یەکەم: ڕووداو، چالاکی، داوای لێبوردن، پێش – پاش، ڕەوا، نیشانە، ئەگەر- کەواتە، زانیاری، هەیە- نییە، ئێستا- پاشان، بە مەبەست، خواست، شانازی، دروست، ڕۆڵوازی، وێکچوون – جیاوازی، بارودۆخ، بەشێک – گشت، تێگەیشتن، بۆچی – بۆیە.

## سەرچاوەکان بە ئینگلیزی

Spivack, G., and Shure, M. B. (1974). *Social Adjustment of Young Children: A Cognitive Approach to Real-Life Problems.* San Francisco: Jossey-Bass.

## تێبینی دەربارەی ئاستی گەشەسەندن

## بابەتی تایبەت و ناساندن

هاوسۆزی لای منداڵ هۆکار و بنەمای هەیە، بۆ نموونە دەرک و ناسینی هەستی خۆ و کەسانی دیکە، تێگەیشتن لە هۆکاری هەست و دەربڕینی دروست.

بەهای فەرهەنگی کاریگەریی لەسەر تێگەیشتن و دەربڕینی هاوسۆزی هەیە.
ڕەنگدانەوەی هاوسۆزی لەم فەرهەنگەوە بۆ ئەویان جیاوازیی هەیە.

بەگشتی، منداڵ، لە ساڵی یەکەمی خوێندنەوە:

- هەستی خۆی و کەسانی دیکەی دەناسێتەوە
- هۆکاری هاوکۆی هەستەکان دەناسێتەوە
- پەی دەبات بەوەی دەشێت هەستی خۆی و هەستی بەرانبەر جودا بن
- تێدەگات کە دەشێت مرۆڤ لە یەک کاتدا زیاتر لە یەک هەستی هەبێت
- تێدەگات کە ڕەفتار هەیە مەبەستی لە پشتە، هەیشە بێمەبەستە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم تواناگەلە لەم تەمەنەدا هێشتا سەرەتاییە. لە پۆلەکانی سەرەتادا زۆربەی فێرخوازان پەی دەبەن بەوەی مرۆڤی جودا، هاوکات بەرانبەر هەمان دیاردە، دەشێت هەستی جودایان هەبێت. بەڵام گەر هاتە سەر نموونەیەکی تایبەت کەم کەسیان دەتوانێ بە جوانی ڕاڤەی بکات.

لە قۆناغی سەرەتاییدا:

- توانای هاوسۆزی لای منداڵ خێرا پەرە دەستێنێت.
- منداڵ دەتوانن ڕوانگە و دیدی کەسانی دیکە تێبگەن.

- هەتا دێ جیاوازییان لە بواری هاوسۆزیدا فرەوانتر دەبێت.

## گرینگیی ئەم بەشە

لاوازیی هونەری هاوسۆزی، پەیوەستە بە نزمیی ئاستی گەشەسەندنی توانای جڤاکی، بە بەرزیی ڕادەی دڕی و توندوتیژی و هەروەها بە کزیی لە خوێندندا.

## گواستنەوەی زانیار

«گواستنەوەی زانیار» سێ هەنگاون - / بڕوانە «ڕێنامەی مامۆستا»، بیانکە یاریدەرێکی منداڵەکان ڕووەو گشتاندنی هونەرەکانی هاوسۆزی.

**خەیاڵی ئەمڕۆ:** لە سەرەتای ڕۆژدا یارمەتیی فێرخوازان بدە کاتێک دیاری بکەن بۆ پیادەکردنی ئەو هونەرەی تازە فێری بوون، بۆ نموونە بپرسە:

- ئەمڕۆ، کەی هەموو خەریکی هەمان کار دەبین؟ (لە وانەی ماتەماتیکدا).
- ئەدی کەی خەریکی کاری جیاواز دەبین؟ (لە وانەی چالاکیدا).
- کەی هەست بە ئارامی دەکەیت؟ (کاتی فراڤین، کاتی پشوو).

**ڕاهێزانی ڕەفتار:** بەدەم خوێندن و کارەوە، دەرفەتی ڕاهێزانی ڕەفتار پەیدا دەبن. ئەمانە چەند نموونەیەکن بۆ فێرخوازان، تا توانای هاوسۆزیی خۆیان بخەنە کار:

- بە بڕوای تۆ، لەیلان هەست بە چی دەکات؟ (تووڕەیە) چۆن دەزانیت تووڕەیە؟ مۆنە و باسکی ڕاستوچەپ لە باوەش گرتووە. (نیشانەی هەست).
- تۆ بە تەنێ سەرلەبەری پرۆژەکەت تەواو کرد! ئێستا هەست بە چی دەکەیت؟ (پەیوەندیی نێوان هۆکار- ئەنجام)

- شیلان خەمبارە و تۆش دەچیتە لای و پێکەوە تەماشای کتێبێک دەکەن. دەبێت ئێستا هەست بە چی بکات؟ (هەستگۆڕین)
- گەر ڕاستگۆ لە گەمەکە وەدەرنێیت، ئەوسا ئەو هەست بە چی دەکات؟ (پێشبینی لە هەست).

**یادی ئەمڕۆ:** پرسیار لە فێرخوازان بکە بزانە کەی هونەرەکانی ئەم بەشەیان بەکار هێناوە.

- کێ ئەمڕۆ هەستی بە شانازی کرد؟ بۆچی تۆ هەستت بە شانازی کرد؟
- کێ ئەمڕۆ کێشەیەکی چارەسەر کرد؟
- کێ ئێستاکە هەستێکی جیاوازتری لەو هەستەی سەر لە بەیانی هەیە؟

بە گونجاندنی «گواستنەوەی زانیار» لە کاتی دەوامی فێرگەدا، دەتوانیت یارمەتیی فێرخوازان بدەیت تا فێر ببن خۆیان ئارام بکەنەوە، ڕێگەچارە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە و ئەم هونەرانە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پیادە بکەن.

## چالاکیی دیکە

ئەمەش چەند پێشنیازێک بۆ تێهەڵکێشانی بابەتەکانی بەشی یەکەم لەگەڵ بابەتی دیکە:

**1**- با فێرخوازان وێنە لە گۆڤار و ڕۆژنامە دەربهێنن و لە ئەلبومێکدا کۆیان بکەنەوە و «کۆلاژی فێرخوازان» دروست بکەن. بۆ ئەوەی هەستە جۆراوجۆرەکان پێشان بدەن (هونەر).

2- «گەڕیانەلیست running list» (لیستەیەکە دەگەڕێت لە نێو پۆلدا) یێک بۆ هەست ساز بکە و پۆلەکە هان بدە تا ڕستەی زیادی بخەنە سەر، بۆ نموونە تۆ بنووسە «من زۆر شاد بووم کاتێک کە...». ئەوجا با فێرخوازێک ڕستەکە تەواو بکات و هەوڵیش بدات وێنەیەکی گونجاو بۆ ئەو ڕستەیە پەیدا بکات (زمان و هونەر).

3- لە ڕێی بەکارهێنانی دایگرامەوە، هەڵبژاردنی ڕەنگ لای منداڵەکان پێشان بدە و بەراورد بکە. باس لە جیاوازیی خواستی فێرخوازان بکەن. (ماتەماتیک)

4- «ڕاهێزانی ڕەفتار» دەربارەی چەمکی «وێکچوو - جودا» بخەنە کار. لە کاتی پشوودا لە منداڵان بپرسە، بۆ نموونە، ڕەنگی کراسەکەی کێ لەوەی تۆ دەچێت، یان جۆری پێڵاوەکەی کێ لەوەی تۆ ناچێت. (زمان و هونەر).

5- باس لە زیندەوەرانی ژینگەی هەمەجۆر بکەن، وەک جەنگەڵستانی زۆرباران، بیابان، خولگەی باکوور، جەنگەڵەستانی کەمەری زەوی (ئێکڤاتۆر) و هتد. هەروەها بۆچی ئەو گیانەوەرە لە ناوچەی زۆر تایبەتدا دەژین. هۆکارەکانی چین؟ (سروشتناسی، بیری ورد)

6- لە ڕۆژنامەکاندا، وێنەی کاربەدەستان و بەرپرسیارانی لێ دەر بکەن، بۆ نموونە سەرداری ئاگرکوژانەوە، شاردار، ئوستاندار، بەڕێوەبەرانی فێرگە و فێرکاری و هتد. پاشان گفتوگۆ لەسەر هەستی ئەو کەسانە ساز بکەن. ڕوخسار و هەستیی ئەوان بە باسی جڤاکییەوە گرێ بدەن. داوا لە فێرخوازان بکە باس لە هەستی ئەو کەسانەی نێو وێنەکان بکەن. ئەو باسانە بنووسنەوە و لەگەڵ وێنەکان پێشانیان بدەن.

دەشکرێت فێرخوازان وێنەی ئەو کەسانە بکێشن و هەوڵ بدەن هەستە جۆراوجۆرەکانیان لە وێنەکاندا دەرببڕن. بۆ نموونە شاردار لە میهرەجانی نەورۆزدا زۆر دڵشاد بوو، بەڵام سەرداری ئاگرکوژانەوە کاتی گوتار خوێندنەوە شڵەژانی پێوە دیاربوو. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی- هونەر).

7- کاتێک کە چیرۆک بۆ فێرخوازان دەخوێننەوە، جارجارە، لە خوێندنەوە بوەستە و پرسیار دەربارەی هەستی کارەکتەری چیرۆکەکە بکە. چۆن ئەو هەستە دەبینن. ئەوجا لێیان پرسە بزانە پێشبینیی ڕووداوەکان چۆن دەکەن، چی ڕوو دەدات و ئەو ڕووداوانە چ کارێک لە هەستی کارەکتەری چیرۆکەکە دەکات. (زمان — هونەر).

8- با پۆلەکە «گەڕیانەلیست» ـێک ساز بکەن بۆ تۆمارکردنی هەست. هەموو هەستێک هەم بە وێنە و هەم بە وشە. (هونەر)

9- لیستی هەستەکان (ئەوەی خاڵی پێشوو) لە نزیک ئاوێنەیەکی گەورەوە هەڵبواسە. با فێرخوازان بە نۆرە لەبەر ئاوێنەکەدا هەستەکانی ناو لیستەکە بە ڕوخسار و لەش بنوێنن. باس لە گۆڕینی دەم، چاو، ماسولکەکانی ڕومەت، دەست، شان بکەن. (زمان، هونەر، دراما).

10- سندوقێکی «دەستی لێ بدە و بزانە چییە» ساز بکەن. کاڵای وەهای تێهاوێژە کە شێوەی سەیریان هەبێت، بۆ نموونە کاغەزی سمارتە، پەڕی باڵندە، قوڕەچەورە، هەڵمات (کەلای شووشە) و زیندەوەری وشکێنراو.
با هەریەک لە فێرخوازان دەست بکەن بە سندوقەکەدا و تەنها بە دەست لێدان ناوی ئەو شتانە هەڵبهێنن. گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن چۆن مرۆڤ نیشانە و سەرەداو بەکار دێنێت بۆ دۆزینەوەی وەڵام. (سروشتناسی و بیری ورد).

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی لەبارت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

### وانەی یەکەم:

### ڕاهێنانی هاوسۆزی - سەرنجێکی گشتی

وانەی ڤیدیۆ

**چەمک**

هونەری هاوسۆزی پێویستی بە دیاریکردنی هەستی بەرانبەرە، ئەویش لە ڕێی نیشانەی فیزیکی، زارەکی و دۆخەکییەوە (واتە نیشانەی بەرجەستە، بگوترێت یان پەیوەندیی بە دۆخەوە هەبێت).

بە گرتنی ڕوانگەی بەرانبەر مرۆڤ تێدەگات کە دەشێت مرۆڤی جودا دیدی جودایان بەرانبەر هەمان بابەت هەبێت.

چەمکی زمان

ڕۆڵوازی (نواندن / تەمسیل)، نیشانە و سەرەداو، دۆخ، ئەگەر- کەواتە، ببێت- نەبێت، وێکچوو - جودا، پێش- پاش.

**ئامانج**

فێرخواز دەبێت:

- ناوی هەستە جیاوازەکان بزانێت
- بزانێت خەڵکی هەستی جیاوازیان هەیە
- فێر بێت ڕوونی بکاتەوە کە هەست دێتە گۆڕان
- دەرک بە هەستی کەسانی دیکە بکات

**پێداویستی**

- فیلمی ڤیدیۆی بەرگی دووهەمی «هەنگاو بە هەنگاو» - «گەشتی خێزان».
- تەلەڤیزیۆن و ڤیدیۆ

- بۆماڵەوە: نامەی یەکەم، دەروازەیەک بەرەو «هەنگاو بە هەنگاو» - بەرنامەی خۆپاراستن لە توندوتیژی.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

سوود لە دید و سەرنجی فێرخوازان وەربگرە بۆ بژار و دارِشتنەوەی رِێساگەلی گفتوگۆی نێو پۆل. ئەم وانەیە بەسەرکردنەوەیەکی گشتیی چەمکی هاوسۆزییە کە بناخەی «هەنگاو بە هەنگاو» ە. فێرخوازان فێر دەکات بگەرِێن بەدوای نیشانەی فیزیکی، زارەکی، دۆخەکیی هەستەکان لای کەسی بەرانبەر. فێری ئەوەشیان دەکات سەرنج لە وێکچوون و جیاوازیی هەستی کەسی دیکە بدەن و لە گۆرِانی هەستیان بگەن.

هانی فێرخوازان بدە، ئاشنای پەرەسەندی هەست و سۆزی خۆیان بن.

فیلمی ڤیدیۆکە هەڵکەوە بۆ سەرەتا، تا ئامادە بێت بۆ جاری داهاتوو.

دەکرێت ئەم وانەیە بکەیت بە دوو بەش، بەڵام نابێت هەر بەشەی لە دوو رِۆژ زیاتر بخایێنێت.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمساڵ پرۆگرامی «هەنگاو بە هەنگاو» بەکار دەهێنین. هەر وانەیەک وێنەیەکی لەگەڵە و چیرۆکێک دەگێرِێتەوە. ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین. ئەوەی فێری دەبین، لە رِێی رِۆڵوازی و چالاکیی دیکەوە پیادەی دەکەین. ئەو هونەرانەی فێریان دەبین سوودیان زۆرە.

لە رِێی وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»ەوە:

- باشتر ئاشنای هەستەکانی خۆمان و بەرانبەر دەبین.
- فێر دەبین گەر تووشی کێشە بووین لەگەڵ خەڵک، چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.
- فێر دەبین کاتی تووڕەبوون چۆن ڕەفتار بکەین.

ئەمڕۆ، باس لە هەستی کەسی بەرانبەر دەکەین. خۆمان دەکەینە دۆزکار (کەسێکی خەریکی دۆزینەوەی باس و بابەت بێت) و بە شوێن نیشانە و سەرەداودا دەگەڕێن. سەرنج دەدەینە ڕوخسار و لەشی بەرانبەر. سەرنج دەدەینە بارودۆخ، چی ڕوو دەدات. وانەی ئەمڕۆمان بە فیلمێکی ڤیدیۆ دەربارەی دانیاڵ و خێزانەکەی دەست پێدەکات. بەدەم تەماشای فیلمەکەوە سەرنج بدە هەستی دانیاڵ و ئەندامانی خێزانەکەی، هەست بە چی دەکەن و نیشانەی هەستەکان چین.

فیلمەکە پێشان بدە. پشوویەک بۆ گفتوگۆ و ڕا دەربڕین. فۆتۆگرافی دانیاڵ پێشان بدە.



1- دانیاڵ هەست بە چی دەکات؟ (دەترسێت) چۆن دەزانیت دەترسێت؟ (چاوی زەقن، برۆی بەرزبوونەتەوە، دەمی کراوەتەوە).

2- دەبێت چی ڕووی دابێت وا دانیال دەترسێت؟ (ونبووە) بارودۆخی دانیاڵ پێشانی دەدات کە دەترسێت.

3- ئایا تۆ هەرگیز نەترساوی؟ (ئەریٚ ترساوم) کە ترساوم ڕوخسارم وەهای لێهاتووە. (پێشانی پۆلەکەتی بدە) هەم بە ڕوخسار و هەم بە لەش. ئاماژە بە نیشانەکانی ترس بکە. بۆ نموونە: دەکرێت هەم بە گوتن و هەم بە ڕۆڵوازی پێشانی پۆلەکەتی بدەیت و بڵێیت «کاتێک کە دەترسم شانەکانم کووڕ دەبنەوە و نینۆکەکانم دەگەزم». (هەوڵ بدە هەموو لەشت بەکار بهێنی بۆ پێشاندانی دیمەنی هەستی ترس).

4- گەر خێزانەکەی بیدۆزنەوە، ئەوساکە دانیاڵ هەست بە چی دەکات؟ (هەست بە خۆشی دەکات و شاد دەبێت).

5- گەر خێزانەکەی دانیاڵ هەست بە ونبوونی دانیاڵ نەکەن، ئەو کاتە دانیاڵ هەست بە چی دەکات؟ (خەمبار دەبێت و دەترسێت).

خێزانەکەی دانیاڵ پەرۆشی هەستی دانیاڵن. ئێمەش پەرۆشی هەستی کەسانی بەرانبەرین.

فۆتۆی (ماردین و بابی ماردین) پێشان بدە.



6- بابی ماردین، هەست بە چی دەکات؟ (شادە) چۆن دەزانیت شادە؟ (پێدەکەنێت، ددانەکانی دیارن، کولمەکانی بەرزبوونەتەوە. پێڵوی چاوەکانیشی زۆر لێک نزیکن و چاوی نیمچەنووقاون). لەوەش بترازێت، دۆخی فۆتۆکە پێشانی دەدات شادن. ماردین و بابی شۆخی دەکەن و خۆشیان لێ دەگوزەرێت.

7- ماردین و بابی هەمان هەستیان هەیە، هەردووکیان.......... (شادن). هەردوو فۆتۆی دانیاڵ و ماردین پێشان بدە. ماردین و دانیاڵ دوو هەستی تەواو جودایان هەیە. ماردین.......... (شادە) و دانیاڵ.......... (دەترسێ).

دانیاڵ لە خێزانەکەی دابڕاوە، دیارنین و نازانێت لە کوێن. دانیاڵ دەترسێت. وەرن سەیری بەشێکی دیکەی فیلمەکە بکەین و بزانین هەستی دانیاڵ چۆن دێتە گۆڕین.

(بڕگەی دووهەمی فیلمەکە پێشان بدە و پشوویەک بدەن بۆ ڕاگۆڕینەوە).

8- هەستەکان هەمیشە لە گۆڕان و هەڵچوون و داچووندان. دانیاڵ ئەو کاتەی کە ون بووبوو، زۆر دەترسا. ئەدی ئێستاکە، دانیاڵ هەست بە چی دەکات؟ (شادە) ئێستاکە هەستێکی دیکەی هەیە، تەواو لەو هەستەی ئەو کاتەی جودایە کە ون بووبوو. ئەوسا ......... (دەترسا). بەڵام دوای ئەوەی کە باوکی دیتییەوە، ئیدی ئەو ناترسێت. ئێستا ئەو......... (شادە).

9- چ کاتێک هەستت گۆڕاوە (کاتی ماڵ گواستنەوە. کاتێک چوومە کۆرسی ژێرەمەلە، کاتێک بە داردا هەڵگەڕاوم. لە ماڵی دۆستێک ڕۆژم کردۆتەوە). نموونەی دیکە لە بەسەرهاتی خۆت بێنەوە.

**ڕۆڵوازی**

وەرن بە ڕۆڵوازی هەستەکانمان پێشان بدەین. یەکێک بە ڕوخسار، لەش و وشە هەستەکانی دەردەبڕێت و ئێمەش تەماشا دەکەین و هەوڵ دەدەین هەڵی بێنین چ جۆرە هەستێکە. من دەست پێ دەکەم.

هەوڵ بدە ڕوخسارێک و لەشێکی تورە پێشان بدە و بڵێ: «چۆن وا دەبێت! دواهەمین کولیچەی ڕفاند. هاوکارییەکی نەکرد، نە لە شێلان و نە لە برژاندا. بەڕاستی دەمویست لە چنگی دەربهێنمەوە. دەزانن ئێستا هەست بە چی دەکەم؟» (کاتێک فێرخوازان تێگەیشتن و گوتیان توورەیت، تۆش بڵێ: «ئەرێ هەست بە توورەیی دەکەم»).

(پاش ڕۆڵوازی پرسیار بکە) چ نیشانەیەک پێشانی دایت من هەست بە چی دەکەم؟

ئەوجا بە چرپە هەستێک لای منداڵەکە بدرکێنە، ئەویش بە ڕۆڵوازی پێشانی پۆلەکەی دەدات. پۆلەکەش ئەو هەستە هەڵبێنن. گەر پێویستی کرد سەرەداویان بدەیە تا لە هەستەکان بەتەواوی بگەن. کاتێک کە پۆلەکە دەرکیان بەهەستەکە کرد، ئەو کات فێرخوازی ئەکتەر دەڵێت: «ئەرێ هەست بە ......... دەکەم».

لەم لیستەیەی خوارەوە نموونە هەڵبژێرە لەگەڵ بەسەرهاتی فێرخوازاندا یەک بگریتەوە و لایان ئاشنا بێت. گەر خۆشتان نموونەی لەبارترتان لا هەیە، باشتر.

- هاوڕێیەک دیارییەکت دەداتێ (سەرسامیت – شادیت)
- دایکت نەخۆشە (خەمباریت- نیگەرانیت)
- بەنیازی بچیت بۆ سینەما و سەیری فیلم بکەیت (بە پەرۆشیت – شادیت)
- پێت ناوە بە تۆپەڵێک بنێشتدا (بێزاریت – دڵتەنگیت)
- بە درەختێکدا هەڵگەڕاویت و ناتوانیت بێیتە خوارەوە (ترس – نیگەرانی)
- هاوپۆلێکت گشت فێرخوازانی بۆ ئاهەنگ و میوانی بانگ کردووە تەنها تۆ نەبێت. (دڵت ئێشاوە، خەمباریت، تووڕەیت).

لەگەڵ هەر یەک لەو دۆخانە فێرخوازان هەستی جودایان هەیە. دوای ئەوەی پۆلەکە لە دۆخەکان تێگەیشتن، پرسیاریان لێ بکە ئاخۆ هەستی جودایان بەرانبەر هەمان دۆخ هەبووە. ئەوانەی هەستی جودایان بووە با بە ڕۆڵوازی پێشانی بدەن. بیری فێرخوازانی بخەوە کە دەکرێت خەڵکی هەستی جودایان بەرانبەر هەمان بابەت هەبێت.

- چاوەڕوانی نۆرەیت تا لە کۆبوونەوەی فێرگەدا وتار بخوێنیتەوە (شپرزەیت، دڵەڕاوکێتە، دەترسیت، نیگەرانیت).
- تازە هاتوویتە ئەم پۆلە. (شەرم دەکەیت. نیگەرانیت)
- لەسەر کورسیی نێو پۆل دانیشتوویت و خەریکی ئەرکی خۆتیت لەپڕ زەنگی پشوو لێ دەدات. (نیگەرانی، شادیی – ئاسودەیی)
- دەگوازنەوە بۆ خانوویەکی نوێ. (شادیت، خەمباریت، نیگەرانیت پەرۆشداریت).

**ئەنجامگیری**

لەم وانەیەدا فێر بووین چۆن مرۆڤ، لە ڕێی سەرنجدانە نیشانەی ڕوخسار، لەش و دۆخ، دەتوانێت هەستی بەرانبەر دیاری بکات. هەروەها فێر بووین کە دەشێت مرۆڤ هەستی جودای هەبێت و هەستیش دەشێت بێتە گۆڕین.

**نامەیەک بۆ ماڵەوە:** نامەی ژمارە یەک، «هەنگاو بە هەنگاو» - بەرنامەی ڕێگرتن لە توندوتیژی.

**گواستنەوەی زانیار**

لە ژیانی ڕۆژانەدا فێرخوازان هان بدە بیر لە هەستی خۆیان بکەنەوە و هەروەها پێشبینی لە هەستی بەرانبەر بکەن لە ئاست بارودۆخی تایبەتدا.

گەڕیانەلیستی هەستەکان لە پۆلدا پێشان بدە و داوا لە فێرخوازان بکە بەردەوام خاڵی دیکەی بخەنەسەر.

**یادی ئەمڕۆ:** داوا لە فێرخوازان بکە ئەو ساتانە بێننەوە یاد، کە هەستێکی تایبەتیان هەبووە.

ئاگاداریان بکەوە لەوەی هەست دێتە گۆڕین، بۆ نموونە «ڕۆنیا، بیرتە تۆ جاران دەترسایت سواری ئۆتۆبوس (پاس) بیت. کەچی ئێستا زۆرت لا خۆشە. ئێستا تۆ یەکەم کەسیت لە ڕیزەکەدا دەوەستیت تا سواری ئۆتۆبوس بیت!»

## چالاکیی دیکە

داوا لە فێرخوازان بکە چیرۆک دەربارەی ونبوون بنووسن. هانیان بدە ناوی هەستەکان بنووسن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی دووهەم: هەستی شانازی

## چەمک

مرۆڤ کاتێک کارێکی سەخت ئەنجام دەدات، هەست بە شانازی دەکات.

خەڵک شاد دەبن بەوەی کەسێکی نێزیکیان هەست بە شانازی بکات.

هەست بەپێی بارودۆخ دێتە گۆڕین.

چەمکی زمان: نیشانە، دۆخ، شانازی، وێکچوو – جودا، پێش– پاش، هەیە – نییە.

## ئامانج

فێرخوازان دەبێت بتوانن:

- هەستی شانازی دیاری بکەن.
- هۆکاری شانازی دیاری بکەن.
- چۆنەتیی گۆڕینی دۆخ دیاری بکەن.

## پێداویستی

- پۆستەر، کاغەز و هەندێک مارکە و نیشانە.
- بۆماڵەوە، نامەی دووهەم «هەنگاو بە هەنگاو» - بەشی یەکەم.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

لە بەرگی یەکەمدا، فێرخوازان هەر شەش هەستە بنەڕەتییەکەیان خوێند و فێری وشەکانی: هەست، شادی، خەم، تووڕەیی، سەرسوڕمان و ترس، بوون. لەم وانەیەدا، هەست بەگشتی و هەستی شانازی بەتایبەتی، زیاتر ڕاڤە دەکرێت. فێرخواز، بۆ

ناسینەوە و دیاریکردنی هەستی بەرانبەر، فێر دەبێت بگەڕێت بۆ نیشانە و سەرەداوی فیزیکی، بابەتی، زارەکی و دۆخەکی (نیشانەی وەها کە پەیوەندیی بە لەش، بابەت، وشە و دۆخەوە هەیە). لەم وانەیەدا باسی وێکچوون و جیاوازی، هەستی خەڵک و گۆڕانی هەستی مرۆڤ دەکرێت. منداڵ بە کردەوە و بە ڕۆڵوازی هەستگۆڕین پێشان دەدەن.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

لە وانەی ئەمڕۆدا، فێر دەبین چۆن هەستی شانازی دیاری بکەین. تۆ دۆزکاریت (دۆزکار: کەسێک خەریکی دۆزینەوەی ڕاستییەک بێت) و بە شوێن دۆزینەوەی سەرەداوێکدا دەگەڕێیت. سەرنج بدە ڕوخسار و لەشی ئەوانەی دەیاندوێنیت و هەروەها بە وردی سەرنج بدە بارودۆخیان. دەبینیت هەستەکان دەگۆڕدرێن. (فۆتۆی تانیا و باوکی پێشان بدە).



ئەمە تانیایە. تانیا زۆر شادە بەو وێنانەی کە لەم دواییەدا کێشاونی. گەلێک خۆی ماندوو کرد تا تەواویکردن. ئەمڕۆ لە فێرگە مامۆستا پێی گوت، وێنەکان گەلێک جوانن و داوای لێ کرد هەندێکیان لە پۆلەکەدا هەڵبواسێت. تانیا وێنەکانی هێناوە پێشانی باوکی دەدات.

1- دەبێت تانیا هەست بە چی بکات؟ (شانازی) هەستی شانازی مانای ئەوەیە هەست بە شادی بکەیت لەبەر ئەوەی کارێکی سەختت ئەنجام داوە. دەشکرێ تۆ شانازی بە کەسێکی خۆشەویست و نزیکەوە بکەیت.

2- چۆن دەزانیت تانیا شانازە؟ (سەری بەرزە، قیت وەستاوە، پێدەکەنێت).

3- بۆچی شانازە؟ (بە نیگارەکانی خۆی شادە. خۆی لە گەڵیاندا ماندوو کردووە. مامۆستاکەی پەسنی کارەکەی کردووە).

ببە بە نموونە و مۆدێل بۆ فێرخوازان، ڕوخسار و لەشێک پێشان بدە هەستی شانازیی پێوە دیار بێت. نیشانە و سەرەداوی ئەو هەستە دیاری بکە و بڵێ: ئەو ساتە بێننەوە یاد، کە تێیدا هەستتان بە شانازی کردووە. هەموو لەش بەکار بهێنن و ڕوخسارێکم پێشان بدەن، هەستی شانازیی پێوە دیار بێت.

4- باسێک بکە تێیدا هەستت بە شانازی کردبێت. بەسەرهاتی فێرخوازان لەسەر پۆستەرێک بنووسەوە و گرینگی بدە بە وشەی شانازی. ئەو ساتانەش دیاری بکە کە فێرخوازان هەستیان بەشانازی کردووە، با خۆشیان نەزانن بۆچی و لەبەر چی و چۆن ئەو هەستەیان کردووە.

جار هەیە، با کەسیش گوێ نەداتە کارەکەمان، هەر هەست بە شانازی دەکەین. جارێکیان من زۆر هەستم بە شانازی کرد کە ........ (بەسەرهات و ئەزموونی خۆت باس بکە).

5- پێت وایە گەر باوکی تانیا و مامۆستاکەی گرینگییان بە وێنەکان نەدابا، تانیا هەستی بە شانازی کردبا؟ (ئەریَ) بۆچی؟ (چونکە تانیا دەزانێت چەند بەو کارەوە ماندوو بووە و چ کارێکی سەختی ئەنجام داوە).

6- دەبێت باوکی تانیا هەست بە چی بکات؟ (شادە) چۆن دەزانیت؟ (پێدەکەنێت)

7- بۆچی باوکی تانیا شادە؟ (چونکی تانیا کارێکی سەختی ئەنجام داوە).

دەشێت هەست بێتە گۆڕین. ساڵی پار تانیا حەزی لە هونەر نەبوو. نیگاری دەکێشا هەرگیز ئەوە نەبوون خۆی دەیویست. بەڵام لەبری ئەوەی واز لە وێنەکێشان بهێنێت زیاتر هەوڵی دەدا و خۆی ڕادەهێنا. کاتێک بابی دیتی تانیا زۆر هەوڵ دەدات، دەستەیەک پێنووس و بۆیەی بۆ کڕی و هانی دا زیاتر هەوڵ بدات.

8- تانیا بەر لە هەوڵ و ڕاهێنان، هەستی بەرانبەر وێنەکانی خۆی چۆن بوو؟ (دڵشکاو، ناکام). ئایا دوای هەوڵ و ڕاهێنان هەستی بەرانبەر وێنەکێشان گۆڕا؟ (ئەریَ) تانیا ئێستا هەست بە ............... دەکات. (شانازی) ئەو هەست بە ............. ناکات. (ناکامی)

9- کاتێک هەستت بەرانبەر «بابەتێک» دەگۆڕدرێت، حەز دەکەیت ئەو کاتە لەگەڵ کێدا بیت و لەگەڵ کێی بەسەر بەریت؟

## ڕۆڵوازی

وەرن با بە ڕۆڵوازی، پێشانی بدەین چۆن هەست دێتە گۆڕین. ڕوخسار و لەش بەکار بهێنن، پێشانی بدەن هەستتان بەرانبەر «بابەتێک» چۆن دەگۆڕدرێت. تەماشای من بکەن و هەڵی بێنن هەستەکانم چۆن دەگۆڕدرێن.

دەست پێ بکە. خۆت خەمبار پێشان بدە و بڵێ: «لە ئەزموونی ڕێنووسدا هەڵەم زۆر بوون». دواتر ڕوخسارێک پێشان بدە شانازی پێوە دیار بێت و بڵێ: «چونکە زۆرم هەوڵ دا، لە ئەزموونی ئەمڕۆدا باش بووم». دوای ڕۆڵوازی پرسیاریان لێ بکە و بڵێ: «هەستەکانم چۆن گۆڕان؟» «بە چیدا دیارە، چۆن دەزانیت وایە؟»

با فێرخوازان خۆیان بنوێن و هەستەکانیان پێشان بدەن، پرسیاریان لێ بکە چۆن هەستی هەر یەکەیان هاتە گۆڕین. نیشانە و سەرەداوەکان دیاری بکەن.

- خوشکەکەت دەیەوێ لەگەڵ خۆیدا بتبات بۆ سینەما بۆ سەیری فیلمێکی ترسناک. (دەترسیت، بە پەرۆشی)، کاتێک دەگەنە سینەما، دەبینن کە جێگە نەماوە، بلیت گشتی فرۆشراوە. (شاد، ناکام). (ڕوونکردنەوە: شادیت چونکە لەو فیلمە ترسناکە ڕزگارت بوو. ناکامیت چونکە بە پەرۆش بوویت فیلمەکە ببینیت).
- خەریکی بەرەو دوکانی بەستەنی دەچیت. (شادی، بە پەرۆشی) دەگەیتە جێ و دەبینی ئەو بەستەنییەی تۆ ئارەزووت لێیە نەماوە. (ناکام، تووڕە).
- دەتەوێت لە کۆبوونەوەی فێرگەدا گوتارێک بخوێنیتەوە (شپرزەیی)
- گوتارەکەت بە باشی خوێندەوە (شادی، ئاسوودەی)
- لە وانەی وەرزشدا مەشقی مەلەکردن دەکەن و تۆش لە ڕیزدا وەستاوی تا خۆت هەڵبدەیتە ئەستێڵی مەلەکردنەوە (ترس)

- دوای ئەوەی خۆت هەڵدەدەیتە ناو حەوزەکەوە و سەرئاو دەکەویت، تا ئەوسەری حەوزەکە مەلە دەکەیت. (شادیی، شانازی).
- مامۆستاکەت سەیری وەڵامەکانی تواناداۆزیی (ئیمتحان) ماتەماتیکی تۆ دەکات. (نیگەرانیت). بەڵام تۆ لەوە باشتر وەڵامت دابۆوە کە خۆت مەزەندەت دەکرد، (ئاسوودەیی، شانازیی).

### ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێر بووین، لە ڕێی سەرنجدانە نیشانەی ڕوخسار و لەش و زمان و دۆخ، هەستی شانازی دیاری بکەین. هەروەها فێر بووین کە دەشێت هەستی مرۆڤ بەرانبەر ئەو بابەتە بگۆڕدرێت.

**بۆ ماڵەوە:** نامەی دووهەم – «هەنگاو بە هەنگاو»، بەشی یەکەم.

### گواستنەوەی زانیار

بەدەم کاری ڕۆژانەوە فێرخوازان هان بدە باس لە شانازیی خۆیان و کەسانی دیکەش بکەن.

**یادی ئەمڕۆ:** منداڵ هان بدە باس لە گۆڕینی هەستی خۆیان بکەن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی سێهەم: خواست

## چەمک

مرۆڤ خواستی جودایان هەیە و تەنانەت لای یەک مرۆڤیش بەدەم کاتەوە خواستەکانی دێنە گۆران.

چەمکی زمان: خواست، بەشێک - گشت، ئێستا- پاشان، تێگەیشتن

## ئامانج

فێرخوازان دەبێت:

- تێبگەن کە مرۆڤی جودا، خواستی جودایان هەیە.
- تێبگەن کە خواستی مرۆڤ بەدەم کاتەوە، گۆڕانی بە سەردا دێت.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستایان

ئەم وانەیە لە سەربنەمای چەمکی «وێکچوون – جیاوازی» ی وانەی دووهەم بنیات نراوە. منداڵانی کەمتەمەن، بێئاگان لەوەی دەکرێت خواستی خەڵکی وەک خواستی خۆیان نەبێت. ئەمەش دیاردەیەکە دەشێت، لە بواری پێوەندیدا لەگەڵ خەڵکی دیکە، بەرەو ئەنجامگیریی نادروستیان بەرێت. بۆ نموونە: «گەر فوتبۆڵێنم لەگەڵدا نەکات مانای وایە منی ناوێت!»

گرینگە منداڵ تێبگات لەوەی مرۆڤی جیاواز خواستی جیاوازیان هەیە و ئەم جیاوازییەش دیاردەیەکی دروستە. منداڵ گەر فێر بوو نیشانەکانی هەستی بەرانبەر، دروست «بخوێنێتەوە» ئەوسا دەتوانێت تێبگات لەوەی دژ بە خودی خۆی نییە.

## چیرۆک وگفتوگۆ

ئەمرۆ فێر دەبین کە مرۆڤ لە کاتی جیاوازدا بابەتی جیاوازی دەوێت. (فۆتۆی ژینۆ و دارۆ پێشان بدە). ئەمە ژینۆیە. ژینۆ دەیەوێت لەگەڵ کەسێکدا یاری بکات. ژینۆ بڕیاری دا لیستۆکە تازەکەی خۆی بەرێت بۆ ماڵی دراوسێکەیان و لەگەڵ دارۆی هاوڕێیدا پێکەوە یاری بکەن. بەڵام دارۆ ئەم لیستۆکە تازەیەی ژینۆی زۆر لا مەبەست نەبوو. دارۆ پتر دڵی بە قەڵاکەی خۆی خۆش بوو، خۆی تێدا مەڵاس بدا. کەواتە دارۆ پێی خۆشە قەڵا ساز بکات.



**1**- بە بڕوای تۆ، ژینۆ هەست بە چی دەکات؟ (ئازار، ناکامی) چۆن دەزانیت وایە؟ (مرۆمۆچە، سەری شۆڕکردۆتەوە تەماشای زەوی دەکات).

**2**- ئایا ژینۆ و دارۆ دەیانەوێت هەمان یاری بکەن، یان دوو یاری جودا؟ (جودا)

3- پێت وایە دارۆ گەمەکەی ژینۆی لا خۆش بێت؟ (لەوانەیە، بەڵام ئێستا نا). پێت وایە دارۆ بۆ هەمیشە هەمان هەستی بەرانبەر بەو گەمەیە هەبێت؟ (لەوانەیە وەها بێت، لەوانەیە وەها نەبێت).

4- ژینۆ چۆن دەتوانێت بزانێت دارۆ حەزی لە چییە؟ (لێی بپرسێت). ژینۆ دەبێت چی بە دارۆ بڵێت؟ (دارۆ، تۆ حەز لە چ گەمەیەک دەکەیت؟)

دارۆ ڕوونی دەکاتەوە کە لیستۆکە تازەکەی ژینۆی لا باشە بەڵام جارێ پێی خۆشە خەریکی سازکردنی قەڵاکەی خۆی بێت. جار هەیە دارۆ پێی خۆشە بە تەنها یاری بکات، بەتایبەتی کاتێک خەریکی بیناسازی بێت.

5- پێت وایە دارۆ پێی خۆش بێت هەمیشە بە تەنها یاری بکات؟ (نا، لەوانە نییە)

دارۆ ڕوونی کردەوە کە ئێستا پێی خۆشە بەتەنها یاری بکات، بەڵام دواتر دەچێت بۆ ماڵی ژینۆ و پێکەوە یاریی بە لیستۆکە تازەکەی دەکەن. دارۆ پێشانی دا کە هەستەکانی ژینۆ دەرک دەکات بۆیە پێی دەڵێت پاشان دێمە ماڵەکەت و گەمانت لەگەڵ دەکەم. ژینۆیش دەبێت دەرکی هەبێت بۆ هەستی دارۆ کە جارێ پێی خۆشە بە تەنیا یاری بکات.

6- ئەو کارانە چین، کە تۆ پێت خۆشە بە تەنها بیانکەیت؟ (خوێندنەوە، دۆزینەوەی وشەی شاراوە، یاریی پەزڵ - ڕێکخستنەوەی دیمەنی پارچەپارچەکراو، گوێگرتن لە مۆسیقا) حەز دەکەیت هەمیشە ئەم کارانە بە تەنها بکەیت یان جاروبار؟

**چالاکی**

چالاکیی یەکەم

با وا دابنێین پۆلەکەمان دەچێت بۆ باخی گیانەوەران. بێگومان گەلێک چالاکی هەیە لەوێ دەتوانین بیانکەین. دەڵێی چی، یەکەم جار چی بکەین باشە؟ بچینە سەیری مەیموون؟ تەماشای سەگلاو بکەین چۆن خواردن دەخوات؟ یان بچینە سەیری فیل؟ (با فێرخوازان لە ژوورەکەدا بەپێی خواستەکانیان دابەش بن) با بزانین چەند کەس — چی هەڵبژاردووە.

گەر بتوانیت خۆت بکەیت بە گیانەوەرێکی دیکە، خۆت دەکەیت بە کامیان: پڵنگ، مەیموون، سەگلاو یان هەڵۆ؟ (فێرخوازان بەپێی خواستەکانیان بە ژوورەکەدا دابەش بکە).

گریمان هەمووومان لە ئاهەنگێکین و چەندین جۆر خواردن دانراوە. گەر بۆت هەبێت تەنها یەک لەمانە هەڵبژێریت، دەڵێی چی؟ کەباب، کێک یان بەستەنی؟ (فێرخوازان بەپێی خواستەکانیان لە ژوورەکەدا جودا بکەوە).

گەر خواستی تۆ لەگەڵ خواستی هەڤاڵەکەتدا لە هەر هەڵبژاردنێکی کردمان جودا بوو دەست هەڵبرە. (ناوی فێرخوازێک بڵێ بۆ نموونە دیاکۆ) چیت هەڵبژاردووە؟ ئەدی هەڤاڵەکەت چی هەڵبژاردووە؟

هەڤاڵەکەت شتێکی جیاوازی لەوەی تۆ هەڵبژاردووە. ئایا بەوە ئێوە دەبنە نەیاری یەک؟ (نەخێر) کەواتە دەکرێت ئارەزووتان جودا بێت و هاورێش بن.

چالاکیی دووهەم

بابەت هەیە خۆشە مرۆڤ جاروبار خەریکی بێت بەڵام نەک بەردەوام.

- کێ پێی خۆشە جاروبار یاری لەگەڵ خوشک یا برای خۆیدا بکات؟ کێ پێی خۆشە بەردەوام یاری لەگەڵ خوشک یا برای خۆیدا بکات؟ بۆ؟ کەواتە تۆ پێت خۆشە جاروبار یاری لەگەڵ براکەت یان خوشکەکەت بکەیت، نەک هەموو جارێک.
- کێ پێی خۆشە جاروبار کتێب بخوێنێتەوە؟ کێ پێی خۆشە شەو و ڕۆژ خەریکی کتێب خوێندنەوە بێت؟ بۆ؟ کەواتە تۆ پێت خۆشە جاروبار کتێب بخوێنیتەوە، نەک بەردەوام؟
- کێ حەزی لە کەبابە؟ چەند کەس لە ئێوە حەز دەکات هەموو ڕۆژێک، سێ ژەمە، هەر کەباب بخوات؟ کەواتە مرۆڤ جاروبار کەبابی لە لا خۆشە، نەک بەردەوام.

**ئەنجامگیری**

ئەمرۆ فێر بووین کە خواستی خەڵک بەدەم کاتەوە دەگۆڕدرێت. ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە مرۆڤ پێی خۆشە لە کاتی جیاوازدا کاری جیاواز بکات.

**گواستنەوەی زانیار**

بەدەم گێڕانەوەی ئەزموون و بەسەرهاتێکی تایبەتیی خۆت، چەمکە زمانیەکانی وەک «ئێستا- پاشان، بەشێک – گشت» بەکار بهێنە، بۆ نموونە دەتوانیت بڵێیت: «دایانا پێی خۆش نییە ئێستا لەگەڵماندا بێت بەڵام ڕەنگە دواتر پێی خۆش بێت». «گێلاس پێی خۆشە جاروبار بە تەنیا بێت بەڵام نەک بەردەوام».

**یادی ئەمڕۆ:** فێرخواز هان بدە باس لە جیاوازیی خواستەکانیان بکەن.

### چالاکیی دیکە

خواستی فێرخوازان لە ڕووی چالاکیی وانەکەوە تۆمار بکە. داوایان لێ بکە گرافی بۆ ڕێک بخەن و پیشانی پۆلەکەی بدەن.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی چوارەم: هۆکار و ئەنجام

## چەمک

هونەری هاوسۆزی پێویستی بەوەیە دەرکمان هەبێت بۆ کاریگەریی مرۆڤ لەسەر یەکدی.

چەمکی زمان: ئەنجام، ڕەفتار، بۆچی – لەبەر ئەوەی، ئەگەر- کەواتە.

## ئامانج

فێرخوازان دەبێت بتوانن

- پەی بە «هۆکار و ئەنجام» ببەن
- دەرکی هەڵسوکەوت و هەستی بەرانبەر بکەن
- پێشبینیی هەستی بەرانبەر بکەن

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

دەرککردنی هۆکار و مەبەست مەرجە بۆ پەیبردن بە هەستی بەرانبەر. گەر منداڵ هۆکار و مەبەست دەرک بکات، لە دۆزینەوەی چارەی هەستیار و کاریگەردا، تواناتر دەبێت. کزیی توانای بەستنەوەی «هۆکار و ئەنجام»، لە لایەن چ گەنجان و چ گەورەساڵانەوە، دەبێتە هۆی ڕوودانی توندوتیژی.

لەم وانەیەدا منداڵان فێر دەبن لە هۆکاری هەست و ڕەفتاری خۆ و بەرانبەر ورد ببنەوە و هەروەها سەرنجی ئەنجامی ڕەفتارەکانیش بدەن.

فێرخوازان هان بدە، بە شێوەیەکی گازەندەبەدەر (بێ ئەوەی بیکەنە گازەندە لە بەرانبەر) باس لە گرێی نێوان تابان و ڕێبین بکەن و لایەنی گەشی لێ ڕوون بکەنەوە.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

لە وانەی ئەمڕۆدا فێری ئەوە دەبین سەرنج بدەینە ئەنجامی هەڵسوکەوت.
هەڵسوکەوت: واتە کردار و ڕەفتاری مرۆڤ. ئەنجام: واتە ئەوەی پەیدا دەبێت لە هەڵسوکەوتەکە.

(فۆتۆکە پیشان بدە) ئەمە ڕێبینە و ئەمەش تابان. تابان، دووچەرخە (بایسیکل / پایسکیل) یەکی بە بۆنەی ساڵڕۆژ (جەژنی لە دایکبوون) ی خۆیەوە بە دیاری وەرگرتوە، بەڵام ناتوانێت سواری ببێت چونکە لێی نازانێت. ڕێبین هاوڕێی تابانە، پێی دەڵێت کە ئەم لێی دەزانێت و بێ ئەوەی لە پێشدا پرسی پێ بکات دەست دەبات بۆ بایسیکلەکە و بە نیازە سوار بێت. تابان دەسک/ سوکانی بایسیکلەکە دەگرێت و نایەڵێت ڕێبین سوار بێت.

**1**- هەڵسوکەوتی ناو چیرۆکەکە چییە؟ (ڕێبین، دەیەوێت سواری بایسیکلەکە بێت، تابان سوکانەکەی گرتووە).



2- به بڕوای تۆ، تابان هەست بە چی دەکات؟ (تووڕەیی، کەللەیی بووە) بۆ؟ (چونکە ڕێبین دەیەوێت بەبێ پرس، سواری بایسیکلەکەی ئەو بێت)

ڕێبین هەوڵی دا سواری بایسیکلەکە بێت و ئەنجامەکەی ئەوە بوو تابان وەهای لێکدایەوە، کە ڕێبین دەیەوێت بایسیکلەکە بەبێ پرس بەرێت.

3- بە بڕوای تۆ، ڕێبین هەست بە چی دەکات؟ (تووڕەیە، دڵشکاوە) بۆچی؟ (چونکێ تابان بایسیکلەکەی ناداتێ. ئەمیش دەیەوێت پێشانی بدات کە چۆن سواری بایسیکل دەبێت).

4- بە ڕای تۆ، ڕێبین بۆچی هەوڵی دا بەبێ پرس سواری بایسیکلەکە ببێت؟ (ئەو دەیویست سواری بایسیکلەکە بێت و پێشانی تابانی بدات چۆن سواری بایسیکل دەبێت).

5- ڕێبین دەبێت چی بکات تا پێشانی تابانی بدات کە دەیەوێت یارمەتیی بدات؟ (پرسیاری لێ بکات ئایا یارمەتیی دەوێت. بە تابان بڵێت کە ئەم دەزانێت چۆن سواری بایسیکل بێت).

6- چی دەبوو گەر ڕێبین پرسیاری لە تابان بکردایە، ئایا یارمەتیی دەوێت بۆ ئەوەی فێری بایسیکلسواری ببێت؟ ئایا ئەو پرسیارکردنە، ئەنجامی جیاوازی نەدەبوو؟ (ئەرێ لەوانەیە بیبوایە). ئەو کاتە تابان هەستی بە چی دەکرد؟ (شادی و سوپاسگوزاری) گەر ڕێبین لە تابانی پرسیبا ئایا پێویستی بە یارمەتی هەیە، لەوانەیە تابان شاد بایە.

7- بە بڕوای تۆ، ڕێبین هەستی بە چی دەکرد گەر یارمەتیی تابانی دابا، فێری بایسیکلسواری بێت؟ (شاد دەبوو بەوەی یارمەتیی دۆستێکی خۆی داوە).

8- بۆچی ڕێبین دەیویست تابان فێری بایسیکل بێت؟ (بۆ ئەوەی پێشانی بدات کە پەرۆشیەتی، بۆ ئەوەی پێکەوە سواری بایسیکل بن).

9- ئایا هەرگیز ڕووی داوە هاوڕێیەکت فێری شتێک بکەیت؟ چیت فێر کردووە؟ هەستت بە چی کردووە؟ ئەی هاوڕێکەت هەستی بە چی کردووە؟

## چالاکی

چالاکیی یەکەم

با زیاتر دەربارەی هەستەکانمان بدوێین. کاتێک لێت دەپرسم بۆچی هەستت وەها کرد؟ لە وەڵامدا «لەبەر ئەوەی» بەکار بهێنیت. هانی فێرخوازان بدە بە ڕستەی تەواو پڕمانا وەڵام بدەنەوە.

(تۆ دەست پێ بکە). من بیر لەو کاتە دەکەمەوە کە تێیدا هەستم بە شادی دەکرد. هەستم بە شادی دەکرد لەبەر ئەوەی هاوڕێیەکی کۆنی خۆم دیت، زۆر لەمێژ بوو نەمدیتبوو.

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. بیر لەوکاتە بکەوە کە:

- هەستت بە خەمباری دەکرد. بۆچی هەستت بە خەمباری دەکرد؟
- هەستت بە پەرۆشی دەکرد. بۆچی هەستت بە پەرۆشی دەکرد؟
- هەستت بە ترس دەکرد. بۆچی هەستت بە ترس دەکرد؟
- هەستت بە گەوجێتی دەکرد. بۆچی هەستت بە گەوجێتی دەکرد؟
- هەستت بە سەرسامی دەکرد. بۆچی هەستت بە سەرسامی دەکرد؟
- هەستت بە شانازی دەکرد. بۆچی هەستت بە شانازی دەکرد؟
- هەستت بە بێزهاتنەوە دەکرد. بۆچی هەستت بە بێزهاتنەوە دەکرد؟

چالاکیی دووهەم

با ئێستا باسی ئەو هەستە بکەین کە لامان دروست بووە کاتێک شتێکمان بەرانبەر کەسێک کردووە، یان کەسێک شتێکی بەرانبەر ئێمە کردووە. بۆ نموونە: «جارێکیان من تۆپەکەم دایە سامان و سامان بەو کارە شاد بوو». یان «جارێکیان ئەڵوەند تۆپەکەی دایە من و من بەو کارە شاد بووم».

بیر لە کاتێک بکەوە تۆ هەڤاڵەکەی خۆتت شاد کردبێت. بۆچی هەڤاڵەکەت شاد بوو؟
(لەبەر ئەوەی من.... ئەو کارەم..... بۆ ساز کرد).
بیر لە کاتێک بکەوە کەسێک تۆی شاد کردبێت. تۆ بە چی شاد بوویت؟ بەوەی هەڤاڵەکەم........ ئەو کارەی....... بۆ ساز کردم.

ئەم پرسیار و وەڵام و ڕاڤەکردنە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم هەستانەدا دووبارە بکەوە:
ترس، پەرۆشی، گەوجی، سەرسامی، شانازیکردن و بێزهاتنەوە.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێر بووین سەرنج بدەینە ئەنجامی هەڵسوکەوتەکانی خۆمان. ئێمە زۆربەی جار هەست بە تووڕەیی دەکەین کاتێک یەکێک شتێکمان لێدەستێنێت. ئێمە زۆرجار شاد و سوپاسگوزار دەبین گەر کەسێک یارمەتیمان بدات. ئەوەی دەیکەین و دەیڵێین کار دەکاتە سەر کردار و گوتاری کەسانی دیکە.

**گواستنەوەی زانیار**

لە ڕێی پرسیارەوە یارمەتیی منداڵان بدە هۆکار و ئەنجام کۆ بکەنەوە. بۆچی بەو شێوەیە ڕەفتاریان کردووە، یان بۆچی بەو شێوەیە هەستیان کردووە. دڵنیایان بکەن کە تەواو سەربەستن لە هەڵبژاردنی هەست و ڕەفتار. پرسیارەکان بۆ کۆنترۆڵ و ڕێگرتن نییە.

**چالاکیی دیکە:** دەرفەت ساز بکە بۆ فێرخوازان لە «هۆکار و ئەنجام» ورد ببنەوە و تێی بگەن. بۆ نموونە ڕێیان بدە ڕووەک لە بارودۆخی جیاوازدا بچێنن، گڵی جیاواز، ڕووناکیی کز و گەش، ئاوی کەم و زۆر.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی پێنجەم: مەبەست

**چەمک**

منداڵ کاتێک توانای هاوسۆزیی لە لا کز بێت بە ئاسانی دەکەوێتە سەر باری دژایەتیی هاوتەمەنەکانی خۆی.

ئەو منداڵەی توانای جڤاکیی بەرزە، لێکدانەوەی خۆڕسکی هەیە بەرانبەر ویستی هاوتەمەنەکانی خۆی (تەنانەت لە بارودۆخی ناخۆشیشدا). بێگومان ئەمیان باشتر لەنێو خەڵکدا هەڵدەکات و جێی خۆی دەکاتەوە.

چەمکی زمان: ڕووداو، مەبەست، پەرۆشی، زانیاری و داوای لێبوردن.

**ئامانج**

فێرخوازان دەبێت بتوانن و فێر بن:

- ڕاڤەی جۆراوجۆریان هەبێت بۆ دیاردە جڤاکییەکان.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

منداڵ، بەدەم تەمەنەوە، کاتێک تووشی ڕووداوێک دەبێت، کەمتر گازندە لە خودی ڕووداو دەکات، زیاتر سەرنج لە مەبەستی بەرانبەر گیر دەکات. منداڵ گەر بزانێت ڕووداوەکە بێمەبەست بووە، ژانیشی بێت، وەڵامی هەر نەرمتر دەبێت و کێشەکە گەورەتر نابێت. لای منداڵی درِ ئەم هونەرە لاوازە چونکە لای ئەو هەموو ڕووداوێک مەبەست و بەدکاریی لە پاشە.

گەر منداڵ دەرکی ئەوە بکات کە بەرانبەر مەبەستێکی بەدی نییە، پیشاندانی هاوسۆزیی لە لای ئاسانتر دەبێت.

## چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا ئاشنای جیاوازیی نێوان ڕووداوی ڕێکەوت و ڕووداوی مەبەستدار دەکەین. ئاسان نییە مرۆڤ هەموو جارێک ڕووداوی ڕێکەوت و ڕووداوی بە مەبەست جودا بکاتەوە.

فۆتۆکە پێشان بدە. ئەمە کاژاوە، کاژاو لەگەڵ هاوڕێیاندا لە گۆڕەپانەکەدا یاریی ڕاوڕاوێنی دەکرد. کاژاو چاوی لێبوو کە جوودی بەدەم یارییەوە پاڵێکی نا بە لەوەندەوە و خستی. لەوەند کەوت و لاقی ڕووشا. کاژاو هات بەلای لەوەندەوە تابزانێت چۆنە.



**1**- بە بڕوای تۆ، لەوەند هەست بە چی دەکات؟ (خەمگینە، ساکاوە).

2- چۆن دەزانیت کاژاو بۆ لەوەند بە پەرۆشە؟ (یارییەکەی جێهێشت و چۆتە لای لەوەند، تەماشای لەوەند دەکات).
کاژاو کەسێکی دڵسۆزە. کاتی دڵسۆزی مەبەستمانە پێشانی بدەین کە پێمان خۆش نییە بەرانبەر ئازار بچێژێت.
کاژاو دەبینێت لەوەند تووڕەیە. لەوەند دەڵێت، «جوودی پاڵی پێوەنام و خستمی، سەیرە! تێناگەم بۆ کاری وەهای کرد!» کاژاو دەڵێت: «بوەستە لەوەند، من چاوم لێبوو چۆن بوو. تۆ دڵنیایت جوودی بە مەبەست پاڵی پێوە نایت؟ لەوانەیە بە ڕێکەوت بووبێت و تەنها مەبەستی گرِدان بووبێت». (گرِدان: واتە دەستدان لە کەسی بەرانبەر لە یاریی ڕاوڕاوێندا)

3- ڕووداو چییە؟ (شتێک کە بە مەبەست نەکرێت، بێمەبەست ڕوو بدات).

4- ئایا ئێمە بە دڵنیاییەوە دەزانین کە جوودی بە مەبەست یان بەڕێکەوت پاڵی بە لەوەندەوە ناوە؟ (نەخێر)

5- ئایا لەوەند زانیاری تەواوی هەیە ئاخۆ جوودی بە مەبەست پاڵی پێوە ناوە؟ (نەخێر)

هەرچەندە لەوەند هەست بە ئازار و تووڕەیش بکات، دەبێت ئارام بێتەوە ئەوجا دەتوانیت لە چەند و چۆنی ڕووداو دڵنیا بێت.

لەوەند هێشتا نیگەرانە و هەڵچووە، لە کاژاوی پرسی: «باشە ئەگەر جوودی بە مەبەست پاڵی پێوە نەنابم، بۆچی نەهات داوای لێبوردنم لێ بکات؟»

6- بۆچی جوودی داوای لێبوردنی نەکرد؟ (ڕەنگە، نەزانێت کە ئەو بۆتە هۆی کەوتنی لەوەند. ڕەنگە لەبەر یاری ئاگای لە کەوتنی لەوەند نەبێت).

دواتر، جوودی بە لای لەوەندا ڕادەکات و دەپرسێت چی ڕوویداوە. لەوەند وەڵامی دەداتەوە «کاتێک کە تۆ پاڵت پێوەنام من کەوتم. تۆ بە مەبەست ئەو کارەت نەکرد، وا نییە؟» جوودی ڕوونی دەکاتەوە، کە بەڕێکەوت بووە، بە مەبەست پاڵی پێوە نەناوە و مەبەستی نەبووە ئازاری لەوەند بدات.

7- جوودی دەبێت چی بکات بۆ ئەوەی یارمەتیی لەوەند بدات تا ئارامبێتەوە؟ (داوای لێبووردن بکات. بە پەلە برینەکەی بۆ بپێچێت. داوا لە کەسێکی گەورە بکات یارمەتیی لەوەند بدات).

داوای لێبووردن ڕێگەیەکە بۆ مرۆڤ پەرۆشیی خۆی پێشان بدات. باش بوو لەوەند زانیاریی زیاتری دەربارەی ڕووداوەکە وەرگرت. ئێستا دەزانێت ڕووداوەکە بێمەبەست بووە و پێویست ناکات گلەیی لە جوودی بکات.

## چالاکی / ڕۆڵوازی

چالاکیی یەکەم

هەموو کەسێک هەڵە دەکات و ڕووداوی بەسەر دێت. بەڵام جار هەیە مرۆڤ نازانێت ئەوەی ڕووی داوە ڕێکەوت بووە یان بە مەبەست. بۆ دڵنیابوون پێویستمان بە زانیارییە. ئێستا من چەند دۆخێک باس دەکەم و تۆ بیری لێ بکەوە بزانە ڕووداوی ڕێکەوت بوون یان بە مەبەست.

بێنە بەرچاوی خۆت کە منداڵێک:

- تۆپێک هەڵدەدات و دەبێتە هۆی ئازاردانی پەنجەی منداڵێکی دیکە کە دەیەوێت تۆپەکە بگرێتەوە.
- باڵۆنێک دەتەقێنێت و منداڵێکی ساوا ڕادەچڵەکێت و دەیکاتە گریان.
- بوتڵە شەربەتی کەسێکی دیکە دەڕژێنێت.
- کاتێک یەکێک دەیەوێت لەسەر کورسییەک دانیشێت، پاڵ بە کورسییەکەوە دەنێت و دووری دەخاتەوە.
- بەدەم گەمەوە، تۆپێک دەکێشێت بە پشتی یەکێکدا.
- پاشقول لە کەسێکی دیکە دەگرێت و دەیخات.
- لە باخچەکەیاندا، بە ئاوپرژێن هاوڕێکەی خۆی تەڕ دەکات.

چالاکیی دووهەم

وەرن با پێکەوە چەند ڕۆڵێک وازی بکەین (خۆت و چەند فێرخوازێک بە خواستی خۆیان ڕۆڵەکان بنوێنن) با یەکێکیان تۆپێکت بۆ بهاوێژێت، کە دەیگریتەوە وەهای پێشان بدە پەنجەتی ئازار داوە و بڵێ: «ئاخ! ئێشا». دواتر بە دەنگێکی پڕ لە نارەزایی و گلەییەوە (ناوی فێرخوازەکە بهێنە) و بڵێ: «... ... بۆچی تۆپەکەت هێندە بە توندیی هاویشت؟ دەتویست ئازاری من بدەیت؟» فێرخواز: «نەخێر، مەبەستم نەبوو ئازارت بدەم».

ئەوجا سەرەی منداڵەکانە. ڕۆڵەکانی کۆپلەی «چالاکیی یەکەم» بکەنە بابەتی ڕۆڵوازییان. ئەم جارەیان داوا لە فێرخوازان بکە هۆی ڕووداوەکە ڕوون بکەنەوە.

## ئەنجامگیری

گەر ئێمە سەرکۆنەی کەسێک بکەین لەسەر ڕووداوێکی ئەو مەبەستی لێ نەبووە، ئەوا ئەو کەسە هەستی بریندار دەبێت. زۆربەی جار ئێمە زانیاریی تەواومان نییە تا بزانین ئاخۆ ئەو ڕووداوە، بەمەبەست بووە یان بەڕێکەوت. جا باشتر وایە هەمیشە لە سەرەتادا بە ڕێکەوتی دابنێین و پاشان لێی ورد ببینەوە بۆ ئەوەی بزانین ڕاستییەکەی چی بوو.

## گواستنەوەی زانیار

کاتێک گلەیی و سەرکۆنە دێتە کایەوە پرسیار لە فێرخوازان بکە بیر لە شیمانە (ئیحتیمال) کانی دیکەی ڕووداوەکە بکەنەوە.

**یادی ئەمڕۆ:** لە فێرخوازان بپرسە ئاخۆ ئەوان تووشی چ ڕووداوێک بوون. بۆچوونیان دەربارەی هۆکاری ڕووداوەکە چی بووە. پاشان چۆن لە هۆکارەکەی دڵنیابوون.

## چالاکیی دیکە

گەر چیرۆکێک، کێشەیەک، یان ڕووداوێک دەزانیت کە بە کەڵکی باسەکە بێت پێشنیازی بکە بۆ خوێندنەوە.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

## وانەی شەشەم: ڕەوایەتی

## چەمک

لە دۆخێکدا کە دوو کەس مافی وەک یەکیان لە بابەتێک هەبێت چارەی ڕەوا ئەوەیە هەردووکیان سوود لەو بابەتە وەربگرن.

چەمکی زمان: ڕەوا، ماف

## ئامانج

فێرخواز دەبێت ئاشنا بێت بە:

- مافی یەکسانی و بەرابەری.
- چارەسەری ڕەوای هەبێت بۆ کێشەیەکی دێتە ڕێ.

## پێداویستی

- کاڵا، بابەت یان کەرەستەیەک دابەش بکرێت.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

دەرکی منداڵ بۆ ڕەوایەتی و مافی بەرانبەر تەواو نەڕسکاوە. گرینگە مرۆڤ تێبگات کە دنیا جاروبار ناڕەوایە. لەوەش بترازێت، فەرهەنگی جودا ڕوانگەی بۆ ڕەوایەتی جودایە.

لەم وانەیەدا بەم جۆرە باس لە چەمکی ڕەوایەتی دەکرێت: لە دۆخی یەکساندا، واتە دۆخێک کە هەردوو لا وەک یەک مافیان لە بابەتێک یان هەڵسوکەوتێک هەبێت، چارەی ڕەوا ئەوەیە هەردوو لا وەک یەک سوود لەو بابەتە یان هەڵسوکەوتە وەربگرن.

فێرخوازان لە فێرگەدا، مافی وەک یەکیان هەیە سوود لە کاڵا و توانای فێرگە وەربگرن. دیارە مافی خاوەندارەتی بەپێی فێرگە دێتە گۆڕین، تۆش ئەم وانەیە لەگەڵ بارودۆخی فێرگەی خۆتاندا بگونجێنە.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ باس لە ڕەوایەتی دەکەین. ڕەوایەتی ئەوەیە هەر هەموو بۆیان هەبێت بەشداربن لەوەی مافیان لێی هەیە.

(فۆتۆی بارام، مەریەم، دیانا، ڕێبین پێشان بدە). مەریەم و دیانا زۆریان پێ خۆشە یاریی بە تۆپەگیرە (تۆپێکە بە پەتێکەوە لە جێیەک گیر دەکرێت) تازەکە بکەن بەڵام بارام و ڕێبین نۆرەبڕیی دەکەن و خۆیان یاریی بە تۆپەکە دەکەن. ئەوە نیوەی کاتی پشوو تێپەڕی و ئەوان تۆپەگیرەیان بۆ خۆیان داگیر کردووە، ڕێ نادەن کەسی دیکە یاریی پێ بکات.



- دەبێت مەریەم و دیانا هەست بە چی دەکەن؟ (خەمبار، پەشێو، توورە).
- ئایا دەبێت بارام و ڕێبین بە درێژایی کاتی پشووەکە هەر ئەوان یاریی بەو تۆپە بکەن؟ (نەخێر) بۆچی نا؟ (چونکی ئەو تۆپە، تەنها تۆپی ئەوان نییە، فێرخوازانی دیکەش مافیان تێیدا هەیە).
- ئەی ئەو تۆپەگیرەیە، تۆپی کێیە؟ (تۆپی فێرگەیە).
- کێ مافی هەیە یاریی بەو تۆپە بکات؟ (هەموو فێرخوازان).
- گریمان بارام و ڕێبین ئەو تۆپەیان لەماڵەوە هێناوە، مافیان دەبوو هەموو پشووەکە یاری پێ بکەن و نەیدەن بە کەسی دیکە؟ (ئەرێ) بۆ؟ (چونکە تۆپی خۆیانە).
- ماوەی پشووەکە دە خولەکە. چارەی ڕەوا بۆ یاریکردن بەو تۆپە چۆنە؟ (پێنج خولەک بۆ لایەک و پاشان بۆ ئەوانەی دیکە، یان پاش دوو / سێ جار یاریکردن، چۆڵی بکەیت و لێ بگەڕێت ئەوانی دیکە یاری بکەن).
- گریمان ئەو چوار فێرخوازە ڕێکەوتوون ئەم پشووە تۆپەکە بۆ بارام و ڕێبین بێت و پشووی داهاتوو بۆ مەریەم و دیانا بێت. بەڵام پشووی داهاتوو دەیکاتە باران و دەرفەتی یاریی تۆپەگیرە نامێنێت. ئەو کاتە مەریەم و دیانا هەست بە چی دەکەن؟ (ناکامی، توورەیی، خەمباری)

جار هەیە ڕووداوی نارەوا دێتە پێش بەڵام گوناهی کەسی تێدا نییە. مرۆڤ، لەو بارەشدا، دەتوانێت چارەی ڕەواتر بدۆزێتەوە.

- دەیسا ئەوە بارانە و کچەکان لە یارییەکە بێبەش بوون. چارەی ڕەواتر چییە؟ (بڕیار دەدەین یەکەم دەرفەتێکی بێتە پێش سەرەی ئەوان بێت).

دوور نییە بارێک بێتە پێش تۆ خۆت بە بەشخوراو بزانیت، کارێکی ناڕەوا بەرانبەرت کراوە. لە باری وەهادا زۆر گرینگە خۆت ئارام ڕاگریت و داوای هەڵسوکەوتی ڕەوا بکەیت. لە داهاتوودا زیاتر باسی ئەم خاڵە دەکەین.

## چالاکی

### چالاکیی یەکەم

فێرخوازانی پۆلەکە بکە بە چەند دەستەیەک، هەر دەستەی 4 – 5 کەس. هەر گرووپەی چەند شتێکیان بدەیە ڕێک دابەش نەکرێت لە نێوانیاندا، بۆ نموونە سێ بووکەڵە بۆ چوار منداڵ، چوار فۆتۆ بۆ پێنج منداڵ و هتد. داوایان لێ بکە بە شێوەیەکی ڕەوا و دروست هەڵسوکەت لەگەڵ بابەتەکان بکەن. هەر گرووپەی نوێنەرێک دیاری بکات، ڕەفتاری گرووپەکە بۆ هەموو پۆلەکە ڕوون بکاتەوە.

### چالاکیی دووهەم

لەگەڵ فێرخوازاندا زیاتر باسی ڕەوایەتی بکە. نموونەی جۆراوجۆر بێنەوە و لێگەڕێ فێرخوازان باس لە ڕادەی ڕەوایەتیی نموونەکان بکەن.

- هەر منداڵە و یەک بسکیتی بەردەکەوێت. بەڵام منداڵێک لە بری یەک، دوو دانە دەبات. منداڵێک بێبەش دەمێنێت. ئایا ئەوە ڕەوایە؟ (نەخێر) بۆ نا؟
- پێویستە هەر هەفتەی یەکێک ببێت بە چاودێری پۆل. گەر تەنها یەک کەس بە درێژایی ساڵەکە چاودێر بێت، ئایا ئەوە ڕەوایە؟ (نەخێر) بۆ نا؟
- نیازت وایە ئەو کتێبە بخوێنیتەوە، بەڵام کەسێکی دیکە لە کتێبخانەکەی خواستووە و دەیخوێنێتەوە. ئەو فێرخوازە ئامادەیە کە تەواو بوو لە خوێندنەوە یەکسەر کتێبەکە بدات بە تۆ. ئایا ئەوە ڕەوایە؟ (ئەرێ) بۆ؟

- یەکێک لە فێرخوازان لە هەمووان باڵای بەرزترە. هەر لەبەر ئەوەش لە هەموو وانەیەکی وەرزشدا هەردەم دەبێتە بڕیاردەر. ئایا ئەوە ڕەوایە؟ (نەخێر) بۆ نا؟
- یەکێک لە فێرخوازان ڕێساکانی پۆل دەشکێنێت و سزاکەی ئەوەیە لە کاتی پشوودا لە ژوورەوە بێت و نەیەتە دەرێ. فێرخوازانی دیکە دەچنە دەرێ. ئایا ئەوە ڕەوایە؟ (ئەرێ) بۆ؟

### ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێر بووین ڕەوایەتی چییە. گەر چەند کەسێک مافی وەک یەکیان هەبێت لە بەکارهێنانی بابەتێک، دەبێت بەشی بکەن، سەرەی بۆ بگرن یان ڕێگەیەکی دیکەی ڕەوای بۆ بدۆزنەوە.

### گواستنەوەی زانیار

هەر هەفتەی بارودۆخێک بدە بە فێرخوازان تا بڕیاری خۆیانی لەسەر بدەن، ڕەوایە یان نا، بۆ نموونە کەلوپەلێکی دابەش بکرێت یان چالاکییەکی تێیدا بەشدار بن. گفتوگۆ لەسەر ڕەوایەتیی دۆخەکە ساز بکەن. سوود لە نموونەکانی ئەدەب و مێژوو وەربگرن – خەبات بۆ دادپەروەری و دژی ستەم.

**یادی ئەمڕۆ:** داوا لە فێرخوازان بکە بەسەرهات و ئەزموونی خۆیان بگێڕنەوە کە تێیدا باسی ڕەوایەتی هاتۆتە کایەوە.

# بەشی دووهەم – کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشە

## دەربارەی بەشی دووهەم

ئامانج لەم بەشە کەمکردنەوەی جرپنی و هەڵسوکەوتی درِە لای منداڵ، ئەویش بە پەیرِەوکردنی هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» و«چارەی کێشە» و «ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار».

- «خۆئارامکردنەوە» هونەری جڵەوگرتنی هەست بەکار دێنێت بۆ کۆنترۆڵی جرپنی. «کۆنترۆڵی جرپنی» بریتییە لەوەی وچانێک بگریت و بیر لە چارەی کێشەکە بکەیتەوە نەک دەستوبرد یەکەم بیرۆکەی بە خەیاڵدا دێت بخەیتە کار.
- «چارەی کێشە» بریتییە لە چەند هەنگاوێک بۆ چارەکردنی کێشە و ناکۆکیی نێوان خەڵک.
- «ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار» شێوازێکە چارەی کێشە دابەش دەکات بە سەر سێ تا پێنج هەنگاودا بۆ دیاریکردنی ڕەفتاری گونجاو لە تەک چارەی دیاریکراودا.

### خاڵی سەرەکی

**«خۆئارامکردنەوە»**

1- وچانێک بگرە.

2- لە خۆت بپرسە «هەست بە چی دەکەم» - منداڵ نیشانەی فیزیکی هەستەکانی خۆی دیاری دەکات.

3- هەوڵ بدە:

«سێ جاران هەناسەی قووڵ هەڵبمژە» - سکەهەناسە: هەناسەی قووڵ و ئارام بە لووت هەڵمژە بە دەم بیدەوە.

«پشتەوژمێری خاو» (ژماردنی لەسەرەخۆی بەرەودوا)

«بیر لە ڕووداوی ئارام و هێمن بکەوە»

**«چارەی کێشە»**

دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشەکان، پێنج هەنگاون:

**1**- کێشەکە چییە؟ - لە ڕێی نیشانەی زارەکی (گوتن)، فیزیکی (ڕوخسار و لەش) و هەروەها نیشانەی دۆخەکی (بارودۆخ) ـیەوە کێشەکە دیاری بکە.

**2**- کامانەن ڕێگەچارە؟ ڕێبازی **«بیرۆکەبارانە»** بەکار بهێنە.

(«بیرۆکەباران»: brainstorming - میتودێکە بۆ کۆکردنەوەی بیروڕا دەربارەی مەسەلەیەکی تایبەت بێ ئەوەی هیچ جۆرە ڕەخنە و سانسوورێک بکەینە لەمپەڕ. پاش کۆکردنەوەی بیرۆکەکان ئەوجا پرۆسەی نرخاندنیان دەست پێ دەکات نەک کاتی پێشنیازکردنیان).

**3**- بۆ هەر یەک لەو چارانە پرسیار لە خۆت بکە:

- ئایا ئەمە چارەیەکی سەلامەتە؟
- ئاخۆ خەڵکی چۆن لەم چارەیە دەڕوانن؟
- ئایا ئەمە چارەیەکی ڕەوایە؟
- ئایا ئەم چارەیە سەردەگرێت؟

«بۆ هەڵسەنگاندنی چارەکان پێشبینی لە ئەنجامەکانیان بکە».

**4**- ڕێگەچارەیەک هەڵبژێرە. هونەری «ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار» بخە کار. ئەم چارەیە سەری گرت؟ - ئەگەر سەری نەگرت چی بکەم؟ دەچمەوە خاڵی چوارەم و چارەیەکی دیکە هەڵدەبژێرم. «هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی چارەی دیکە».

**«بیردانەوە»** (بیرکردنەوە دەربارەی بابەتێک) تەواوکەری پرۆسەی کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشەیە. «ڕاپۆرتی فێرخواز» لە چەند وانەیەکدا فێرخواز هان دەدات بیر لە نەخش و ڕەفتاری ڕۆژانەی خۆی بکاتەوە.

**«ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار»** دێت ڕێگەچارەی دیاریکراو دابەش دەکات بەسەر سێ – پێنج هەنگاوی کورتدا. گرینگە ڕێنمایی فێرخوازان بکرێت بۆ ئەوەی فێر بن هەنگاوی خۆیان بەرانبەر چارەی دیاریکراو هەڵبژێرن. ئەم هەنگاوانە لە بەشی «ڕۆڵوازی / چالاکی» ی نێو وانەکاندا پیادە دەکرێن. دەشکرێت ئەو هەنگاوانە لە «ڕۆڵوازی»دا وەک ڕێنوێنی بخرێنە کار.

**«بیرکردنەوەی ئاشکرا»** پرۆسەیەکە تێیدا منداڵ بەدەم فێربوون و پیادەکردنی هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» وە - بە دەنگی بەرز لە هونەرەکان دەدوێن. ئەم «بیرکردنەوە ئاشکرا» یە منداڵ کێش دەکات بەرەو پرسیار و وەڵام دەربارەی هەنگاوەکانی چارەی کێشە.

بەکارهێنانی **«پەڵەبیر»** لە میانەی ڕۆڵوازیی نێو وانەکاندا (بڕوانە ڕێنامەی مامۆستا) کۆمەک بە فێرخوازان دەکات تەکنیکی «بیرکردنەوەی ئاشکرا» بەکار بهێنن.

بە ڕاهێنان منداڵ فێری هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» دەبن، ئەوسا دەتوانن هەنگاوەکان، بە بێدەنگی، لە هۆشی خۆیاندا بڵێنەوە.

## سەرچاوەی بە ئینگلیزی

Camp, B. W., and Bash, M. S. (1981). *Think Aloud: Increasing Social and Cognitive Skills—A Problem-Solving Program for Children* (Primary level). Champaign, IL: Research Press.

## چەمکی زمان

زۆربەی ئەو چەمکە زمانیانەی لە بەشی یەکەمدا بەکار هاتوون، لەم بەشەی دووهەمدا تۆکمەتر و فرەوانتر دەخرێنەوە کار. پەیوەستەی وەک «ئەگەر- کەواتە، بۆچی- لەبەر ئەوەی، وێکچوو- جیاواز» تێکەڵ بە هونەرەکانی «چارەی کێشە» کراون. هەروەها وشە، چەمک و شێوازی نوێ دێنە بەرباس، بۆ نموونە:

- کێشە چییە و چۆن چارە دەکرێت.
- بەکارهێنانی «بیرۆکەبارانە» بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشە.

## وانەکانی بەشی دووهەم

1- کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشە / سەرنجێکی گشتی – باس لە جرپنی، هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە و بەکارهێنانی «چارەی کێشە».

2- داوای یارمەتی بە شێوەیەکی ڕێزدارانە - فێربوونی ئەوەی بەڕێز و سەبرەوە داوای یارمەتی بکەیت.

3- بەگەڵکەوتن – بە شێوەیەکی دۆستانە و لە کاتی گونجاودا بەشداریی چالاکیی گرووپ بکەیت.

4- وازی – دۆزینەوەی گیانی وازیمەندانە.

5- داوای ڕوخسەت – لە ڕێی «کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشە»وە داوای ڕوخسەت بکەیت.

6- داوای لێبوردن – هەڵکردن لەگەڵ بەرانبەردا، داوای لێبوردن و ڕاستکردنەوەی هەڵە.

## گواستنەوەی زانیار

گواستنەوەی زانیار سێ بەشی هەیە لە نامیلکەی «ڕێنامەی مامۆستا»دا باس کراون، ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ چەسپاندنی شاهونەرەکانی بەشی دووهەم.

## خەیاڵی ئەمڕۆ

فێرخوازان هان بدە، ڕووداوەکانی ڕۆژ و هەنگاوەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» گرێ بدەن. بەو گرێدانە ڕۆژەکە یاد بکەنەوە. بۆ نموونە: «ڕۆژەکەی گۆران سوپاسی کردیت چونکە تۆ هاوکاریت کرد».

## ڕاهێزانی ڕەفتار

یارمەتیی منداڵ بدە ڕاهێزانی خۆڕسک بدۆزنەوە. بۆ نموونە، تێبینی دەکەیت گۆران چاوەڕێی سەرەی خۆیەتی لە یاریی تۆپانێدا، دەڵێی: «گۆران، تێبینی دەکەیت چاوەڕوانیی ئارام سوودی هەیە».

## یادی ئەمڕۆ

داوا لە فێرخوازان بکە باسێکی ئەمڕۆ یاد بکەنەوە کە هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» ی تێدا پیادە کرابێت.

- کامتان ئەمڕۆ کێشەیەکی چارە کرد؟ چۆنی چارە کرد؟
- کامتان ئەمڕۆ پەیمانێکی بردەسەر؟

تێهەڵکێشی گواستنەوەی زانیار لەگەڵ وانەکانی ڕۆژ دەبنە یاریدەری منداڵان بۆ پیادەکردنی هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە»، «چارەی کێشە» و «ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار» لە ژیانی ڕۆژانەدا.

**تێبینی دەربارەی ئاستی گەشەسەندن**

**بابەتی تایبەت و ناساندن**

ئەو منداڵەی جڵەوی جرپنی خۆی دەگرێت و کێشەی پێ چارە دەکرێت:

- توانای هەیە هەستی خۆی ڕێک بخات.
- دۆخی جڤاکی باش دەخوێنێتەوە.
- پەیوەستەی «هۆ - و - ئەنجام» دەرک دەکات.
- ڕێساگەلی ڕەفتاری جڤاکیی لەبار دەزانێت.
- دەتوانێت چەندین وەڵامدانەوەی گونجاوی بۆ کێشە هەبێت.

توانای دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشە، بەندە بە هونەری هاوسۆزییەوە. ئەم هونەرەش لە بەشی یەکەمدا باس کرا.

لەگەڵ دەستپێکی فێرگەدا، منداڵ:

- ئاشنای هونەرەکانی جڵەوگرتنی جرپنی و ڕێکخستنی هەست دەبن.
- فێر دەبن ئەو هونەرانە لە بواری هەمەجۆردا پیادە بکەن.
- چەند دەرکێکی جڤاکی تێیاندا پەیدا دەبێت، بەڵام بەگشتی کزە.

لە پلەی فێرگەی سەرەتاییدا، منداڵ:

دەگەن بەوەی ئاگایانە سەرنج بدەنە هۆکاری ڕووداو نەک تەنها بەرتەکیان لە خودی ڕووداوەکە هەبێت.

- لە کۆنترۆڵی وەڵامدانەوەی جرپندا تواناتر دەبن.

- لە دۆزینەوەی چارەی کێشەدا تواناتر دەبن.
- لە هەڵسوکەوتی ڕێکی جڤاکیدا تواناتر دەبن. (وەک مامەڵەکردن).
- هەڵسوکەوتی نارێکی جڤاکییان کەمتر دەبێتەوە (وەک لێدان و پەلاماردان).

گشت ئەم هونەرانە بە کاوەخۆ لە منداڵاندا بە تێپەڕبوونی تەمەنی منداڵی گەشە دەکەن. لە میانەی ئەو ساڵانەدا، توانای چارەسەری کێشە لای منداڵ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پەرەدەستێنێت.

## گرینگیی ئەم بەشە

کێشەکانی پێگەیشتنی جڤاکی و کۆنترۆڵی جرپنی پەیوەستی ئەم خاڵانەن:

- هەڵچوون،
- ڕەتکردنەوەی دۆست،
- ڕەفتاری دڕ.

## چالاکیی دیکە

ئەمەش چەند نموونەیەک بۆ پیادەکردنی هونەرەکانی ئەم بەشە:

1- داوا لە فێرخوازان بکە چیرۆکنامەیەکی هەڵبژاردەی خۆیان بە وێنەی «چارەی کێشە» بڕازێننەوە. (هونەر)

2- داوا لە فێرخوازان بکە، دەربارەی دۆست پەیداکردن، دیدار لەگەڵ هاوپۆل، مامۆستا و کارمەندانی فێرگەکەیان، خێزان و هاوسێ ساز بکەن. ئەمەش نموونەی پرسیار:

- تۆ چۆن هاوڕێ پەیدا دەکەیت؟
- تۆ تازە هاتوویتە ئەم کۆڵانە، چۆن هاوڕێ بۆ خۆت پەیدا دەکەیت؟
- چی دەکەیت بۆ ئەوەی کەسێکی تازە هاتۆتە پۆلەکەتان هەست بە نامۆیی نەکات.

سەرلەبەری وەڵامی گشت فێرخوازان لە کتێبێکدا کۆ بکەنەوە و ناوێک لە کتێبەکە بنێن. ئەم کتێبە بۆ خوێندنەوە بدەن بە پۆلەکانی دیکە و بە کتێبخانەی فێرگەکەی خۆتان. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی. زمان)

3- گریمان فێرخوازان گەشتێکی دەشت یان سەرچیا دەکەن. دەستەیەکی چوار کەسین و دەبێت پێنج بابەتی زۆر پێویست و گرینگ لەگەڵ خۆ ببەن بۆ ئەو گەشتە. پاش پێنج دەقیقە لە گرووپەکە بپرسە:

- چیتان بڕیار دا؟
- چۆن گەیشتنە ئەو بڕیارە؟
- لەم هاوکارییە فێری چی بوون؟
(بیری ورد، سروشتناسی)

4- داوا لە فێرخوازان بکە «شارەفتاری ڕۆژ»یان بنووسن. مەبەست لە «شارەفتار» ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گەشە بەرانبەر کەسانی دیکە. هەفتەی وانەیەک بۆ «شارەفتاری ڕۆژ» تەرخان بکەن، فێرخواز باس لە ئەزموونی خۆیان بکەن. (زمان- هونەر)

5- داوا لە فێرخوازان بکە بە وێنەکێشان یان بە نووسین هونەرێکی «هەنگاو بە هەنگاو» / بەشی ڕۆڵوازی – بەسەر بکەنەوە کە خۆیان پیادەیان کردبێت یان سەرنجیان دابێت. (زمان و هونەر)

6- با فێرخوازان دوو لەم پۆل و دوو لەو پۆل، دەستەیەک پێک بێنن و پێکەوە هەوڵ بدەن هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» بکەن بە سیناریۆ و پەڵەبیری بۆ بکێشن. ئەوجا هەر دەستەیەک پەڵەبیرەکانی خۆی پێشان بدات و دەربارەی کارەکەی بدوێت. (زمان، هونەر، دراما)

7- داوا لە فێرخوازان بکە، بە هاوکاریی دایکوباوکان، بە نووسین ژمارەی ئەو جارانە تۆمار بکەن کە لە ڕۆژانی پشوودا هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» پیادە دەکەن، بۆ نموونە «داوای یارمەتی بە شێوەیەکی ڕێزدارانە». یەکەم ڕۆژی پشوو، فێرخوازان ژمارەکان بە گرافیک و دایگرام پێشان بدەن. (ماتەماتیک، هونەری گرافیک)

8- کاتێک لە پۆلدا چیرۆک بۆ فێرخوازان دەخوێنیتەوە، گەر باس لە کێشە کرا، وچانێک بگرە و داوا لە فێرخوازان بکە کێشەکە دیاری بکەن و چارەی بۆ بدۆزنەوە. ئەوجا داوایان لێ بکە دیدی خۆیان لەگەڵ بەرهەمی نووسەرەکەدا بەرواد بکەن. خاڵی جیاواز و وێکچوو دیاری بکەن. (خوێندنەوە و تێگەیشتن، زمان و هونەر)

9- لە ڕێی «بیرۆکەبارانە» وە لیستێکی کێشەکانی دەراوسێکانی فێرخوازان دابڕێژن. یەکێک یان دووان لەو کێشانە هەڵبژێرن. داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» بخەنە کار و چارەیان بۆ بدۆزنەوە. ئەوجا فێرخوازان هەم کێشە و هەم چارەی کێشە بۆ دەراوسێیان ڕوون بکەنەوە، بۆ نموونە خاوێنیی گەڕەک. لەم ڕاهێنانەدا ئاستی توانای فێرخوازان ڕەچاو بگرە. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی. زمان و هونەر)

10- داوا لە فێرخوازان بکە لاسایی تەکنیکی خۆئارامکردنەوەکەی «مارتین لۆسەر کینگ» بکەن. مارتین لوسەر کینگ خەباتی ئاشتییانەی دەکرد دژ بە سیاسەتی

ڕەگەزپەرستی. بۆ نموونە: کاتێک مارتین لۆسەر کینگ – ی ڕەشپێست دەچێتە بەردەم ڕیستۆرانتێک و لە دەرگەکەی نووسراوە «تەنها سپی بۆی هەیە بێتە ژووریَ» سیَ جاران هەناسەی قووڵ هەڵدەمژێت پێش ئەوەی خۆی بە ڕستۆرانتەکەدا بکات. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی، دراما)

**11**- داوا لە فێرخوازان بکە چالاکی خالّی دەهەم بۆ چەند دۆخێکی دیکە دووبارە بکەنەوە. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی، دراما).

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی سایتەکەمان www.cfchildren.org بکە. لەو سایتەدا، مامۆستایان گفتوگۆ دەکەن، بیروڕا و زانیاری دەربارەی کۆمیتەی منداڵان دەگۆڕنەوە.

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی گونجاوت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی دووهەم – کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشە

### وانەی یەکەم:

### کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشە / سەرنجێکی گشتی

وانەی ڤیدیۆ

**چەمک**

ناسینەوەی جرپنی و دەرککردنی دەرئەنجامەکەی، بنەمایەکی گرینگە لە گەشەکردنی توانای جڤاکیدا.

تەکنیکی «خۆئارامکردنەوە» ڕەفتاری جرپنانە کەم دەکاتەوە.

هونەرەکانی «چارەی کێشە» لە بواری کێشەی نێو خەڵکدا پیادە دەکرێن.

چەمکی زمان: ئارامبوونەوە، دۆزینەوەی ڕێگەچارە، چارەکردن، کێشە، بیرکردنەوەی ئاشکرا.

**ئامانج**

فێرخوازان دەبێت فێر بن:

**1**- هەناسەی قووڵ هەڵبمژن.

**2**- کێشە لە چێوە (چوارچێوە) ی ڕووداوەکەدا بهێڵنەوە.

**3**- ڕێگەچارەی جۆراوجۆر بۆ کێشەیەکی دیاریکراو بدۆزنەوە.

**4**- لە نێو چەندین ڕێگەچارەدا، یەک دانە هەڵبژێرن.

**5**- ڕێگەچارەی هەڵبژاردە هەڵسەنگێنن و گەر پێوسیتی کرد چارەی دیکە بدۆزنەوە.

**پێداویستی**

- ڤیدیۆی بەرگی دووهەمی «هەنگاو بە هەنگاو» - گەمەی ماربڵێن، تۆپی ڕەنگین.
- تەلەڤیزیۆن و ڤیدیۆ.

- پۆستەری «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە».
- پەڕە، پۆستەر و نیشاندەر.
- بۆ ماڵەوە - نامەی چوارەمی «هەنگاو بە هەنگاو» / بەشی دووهەم

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

کۆپلەکانی «دەربارەی بەشی دووهەم» و «خاڵی سەرەکی» ی نێو کارتی پێشوو بخوێنەوە. فێرخوازان فێر بکە بێلایەنانە لە کێشەکان بڕوانن. دەربڕینی وەک «ژینۆ ڕێم نادات جۆلانە بکەم» ببێتە «ژینۆ و من، هەردووکمان دەمانەوێت جۆلانێ بکەین».

سەیری فیلمی ڤیدیۆکە بکەن. پاشان هەڵی بکەوە سەرەتا بۆ جاری داهاتوو. دەکرێت ئەم وانەیە بکەیتە دوو بەش، هەر بەشەی ئەوپەڕی دوو ڕۆژ.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ فێر دەبین گەر کێشەیەک هاتە پێش، وچانێک بگرین و بیری لێ بکەینەوە، نەک خێرا هەرچی بە خەیاڵماندا هات بیڵێین و بیکەین. فێری ئەوەش دەبین گرێی کێشەکان بکەینەوە. بەڵام جارێ سەیری فیلمێکی ڤیدیۆ دەکەین دەربارەی کچێک ناوی «ئاڤان» ـە. ئێوارەی هەینییە، پۆلێک منداڵ لە باخێکدا یاری دەکەن و ئاڤان هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵ ئەوان بگونجێنێت. سەیر بکەن ئاڤان چی دەکات.

ڤیدیۆ بخە کار و پاشان پشوویەک بۆ گفتوگۆ. ئەوجا فۆتۆکەی ئاڤان پێشان بدە.



**1**- ئاڤان تووڕەیە. بەر لەوەی کێشەکە چارە بکات دەبێت خۆی ئارام بکاتەوە. بۆچی؟
(چونکە لە ئارامیدا باشتر بیر دەکاتەوە).

پۆستەری «خۆت ئارام بکەوە» پێشانی دەدات چۆن خۆمان ئارام بکەینەوە.
(پۆستەرەکە پێشان بدە) وەرن هەموومان سێ جاران هەناسەی قووڵ هەڵبمژین.

هەناسەی قووڵ وەها دەبێت: بە لووت هەوا هەڵبمژە و لە دەمەوە هەواکە دەرکە.
کاتێک بە لووت هەوا هەڵدەمژیت وەهای دانێ بۆنی شۆربایەکی خۆش دەکەیت.
کاتێک نەرم نەرم بە دەم هەناسە دەدەیتەوە وەهای دانێ شۆرباکە بە فوو سارد دەکەیتەوە.

دەوەرن خۆمان ئارام بکەینەوە (ئاماژە بە پۆستەرەکە بکە) سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، بیرکردنەوە لە دیاردەیەکی ئارام، خۆدواندن (قسە لەگەڵ خۆت بکە). ئەمانە هەموو شێوازی خۆئارامکردنەوەن.

**2**- یەکەم هەنگاوی ئاڤان بۆ بەشداربوون لە گەمەی منداڵەکاندا چی بوو؟ (خۆی هەڵدایە نێوەندی یارییەکەوە و لەوانی شێواند).

**3**- ئاڤان کارێکی باشی کرد؟ (نەخێر) بۆ کارەکەی ئاڤان باش نەبوو؟ (بەو کارە منداڵەکانی دیکەی تووڕە کرد، ئەوانیش ڕێی نادەن بەشدار بێت).

خۆهەڵدانە نێو گەمەی منداڵەکانەوە یەکەم بیرۆکە بوو بە خەیاڵی ئاڤاندا هات. کرداری پەلەی بێ بیرکردنەوە دەبێتە جرپنی.

وەرن تەماشای بەشی دووهەمی فیلمەکە بکەین و بزانین ئاڤان چۆن خۆی ئارام دەکاتەوە و کێشەکە چارە دەکات.

(دیمەنی دووهەمی فیلمەکە پێشان بدە و پشوویەک بدەن بۆ گفتوگۆ) ئاڤان بە شێوازی «خۆدواندن» خۆی ئارام دەکاتەوە.

**4**- ئاڤان لەبەر خۆیەوە چی بە خۆی دەگوت؟ (ئارام بەوە، هێمن بەوە) پاش ئارامبوونەوە ئاڤان هاتە سەر چارەی کێشەکە.

(ئاماژە بە هەنگاوی یەکەمی پۆستەری «چارەی کێشە» بکە). وەرن هەموو پێکەوە بە دەنگی بەرز بیڵێینەوە «کێشەکە چییە؟»

**5**- ئاڤان دەیەوێت چی بکات؟ (ئاڤان دەیەوێت بەشداری گەمەی منداڵەکان بێت. ئەوان یاریی خۆیان دەکەن و داوا لە ئاڤان ناکەن بێتە یارییەکەوە).

دەبێت کێشەکە وەک خۆی ببینین، نابێت بیکەینە گلەیی و گازەندە لەم و لەو. ڕاستییەکە چۆنە وەک خۆی دەیڵێین. پاشان دەبێت ئاڤان بیر لە چارەی کێشەکە بکاتەوە. (ئاماژە بە هەنگاوی دووهەمی پۆستەرەکە بکە).

**6**- دەبێت ڕێگەچارە بۆ کێشەکەی ئاڤان چی بن؟ (دەربارەی یارییەکە پرسیار لە منداڵەکان بکات. چاوەڕێ بکات تا داوای لێ دەکەن بەشدار بێت). من ئەو پێشنیازانە لەسەر پەڕەکە دەنووسمەوە. (منداڵەکان هان بدە بەشدار بن و بەرتەکیان هەبێت:) «ئەمەش بۆچوونێک. دەی بزانم کێ پێشنیازی دیکەی هەیە. ئاڤان بۆ ئەوەی جێی خۆی بکاتەوە، چی بکات باشە؟»

وەرن با تەماشای دوابەشی فیلمەکە بکەین و بزانین ئاڤان بیر لە چ ڕێگەچارەیەکی دیکە دەکاتەوە؟

(ئەو بەشەی فیلمەکە پێشان بدە و پشوویەک بۆ گفتوگۆ)

(ئاماژە بە هەنگاوی سێهەمی پۆستەرەکە بکە). بۆ هەر ڕێگەچارەیەک دەبێت بیری لێ بکەینەوە:

- ئایا چارەیەکی سەلامەتە؟
- دەبێت خەڵکی چۆنی لێ تێبگەن؟
- ئایا چارەیەکی ڕەوایە؟
- ئایا بەکەڵک دێت؟

فێرخوازان بە نۆرە ئەو چوار پرسیارەی سەرەوە ئاراستەی هەر یەک لە چارەکان دەکەن و وەڵامیان دەدەنەوە. ئاماژە بە هەنگاوی چوارەمی پۆستەرەکە بکە. ئاڤان دەبێت ڕێگەچارەیەک هەڵبژێرێت. بڕیار دەدات سەرەتا داوای لێبوردن بکات لەوەی کە بەشی یەکەمی کایەکەی تێکدا. دواتر زۆر ڕێزدارانە دەپرسێت «دەکرێت منیش بەشدار بم؟» سۆسەن وەڵامی دەداتەوە: «با لەم یارییە تەواو بین ئەوسا تۆش بەشداریی بکە».

**7**- ئایا ئەم چارەیە باش بوو؟ (ئەریّ) بۆ؟ (سەلامەت بوو. خەڵک لایان باش بوو. ڕەوا بوو. سوودی هەبوو).

چارەکەی ئاڤان کەڵکی هەبوو. ئەوەتا داوایان لێ کرد بەشدار بێت.

(ئاماژە بە هەنگاوی پێنجەمی پۆستەرەکە بکە). جار هەیە ئەو چارەیەی هەڵی دەبژێریت بەکەڵک نایەت. گەر ئەم چارەیە کەڵکی نەبوو بگەڕێوە سەر لیستەی چارەکان و چارەیەکی دیکە هەڵبژێرە.

**8**- گریمان ئاڤان هەوڵی دا و ئەم چارەیەی پیادە کرد. سوودی نەبوو، منداڵ ڕێیان نەدا بەشدار بێت، چی بکات باشە؟ (بۆ خۆی لە لاوە یاری بکات. داوای یارمەتی لە کەسێکی گەورەساڵ بکات. پاش ماوەیەک دووبارە هەوڵ بداتەوە). بگەڕێنەوە بۆ لیستی چارەکان کە پۆلەکە ئامادەیان کردووە).

## ڕۆڵوازی

وەرن بیکەینە ڕۆڵوازی و هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» پیادە بکەین. من دەست پێ دەکەم، پێشانی دەدەم ئاڤان چۆن لە ڕێی «بیرکردنەوەی ئاشکرا» وە خۆی ئارام دەکاتەوە و چارەی کێشەکەی خۆی دەکات. (سێ فێرخوازی دڵخواز - بە ئارەزووی خۆیان - هەڵبژێرە تا ڕۆڵی گەمەی هەڵماتێن وازی بکەن. بۆ ئەوەی فێرخوازان بتوانن لەگەڵ پرۆسەکەدا بڕۆن وەها باشە هەر یەک لە ڕێگەچارەکان لە شێوەی «پەڵەبیر»دا بنووسنەوە - بڕوانە ڕێنامەی مامۆستا. بەدەم ڕۆڵوازییەوە داوا لە پۆلەکە بکە پێشنیازی خۆیان هەبێت و زیاتر بچنە ناو باسەکەوە).

(تۆ دەست پێ بکە. پێشانی بدە چۆن ئاڤان «بیری ئاشکرا» دەکاتەوە): منیش دەمەوێت بەشداری گەمەکەیان بم. وەها باشە یەکسەر خۆم هەڵدەمە نێو گەمەکەوە و دەست پێ بکەم. نا وەها باشترە وچانێک بگرم و بیرێکی لێ بکەمەوە. بەر لەوەی هیچ بکەم، خۆم ئارام دەکەمەوە. ئارام بەوە، بە هێمنی ڕێ بکە. کێشەکە چییە؟ من دەمەوێت یاری لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بکەم، بەڵام ئەوان پێشتر دەستیان پێکردووە. چارە چییە؟ دەتوانم بڵێم «ئەم کاتەتان باش». دەتوانم بڵێم «منیش پێم خۆشە یاریتان لەگەڵ بکەم». دەتوانم یەکسەر خۆم تێهاوێژم و بچمە کایەکەوە. دەتوانم داوا بکەم ڕێم بدەن بەشدار ببم. دەکرێت بوەستم و چاوەڕێ بکەم تا ئەوان بانگم دەکەن لەگەڵیان یاری بکەم. بابزانم کام چارەیە باشە، گەر داویان لێ بکەم ڕێم بدەن بەشدار ببم، چۆنە؟ چارەیەکی سەلامەتە؟ (... هەر چوار پرسیارەکەی هەڵسەنگاندن ئاڕاستەی ئەم چارەیە بکە). دەی، دەبێت چارەیەک هەڵبژێرم. بە نەرمی داوایان لێ دەکەم ڕێم بدەن بەشداری گەمەکەیان بم. بزانم سەر دەگرێت.

ئەوجا لە منداڵەکان پرسە: من چیم کرد؟ ئایە هەنگاوەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» م پەیڕەو کرد؟

پاشان سەرەی منداڵەکانە. لەم لیستەیەی خوارەوە دۆخی لەبار هەڵبژێرن. گەر خۆتان نموونەی باشترتان لا هەیە کاری لەسەر بکەن. وەبیری فێرخوازانی بێنەوە شێوازی جۆراوجۆری خۆئارامکردنەوە پیادە بکەن. ئەم کارە لەگەڵ کاتی خۆیان بگونجێنن.

- هاوڕێکەت سیدییکەی هەیە و تۆش دەتەوێت گوێیی لێ بگریت.
- ئەو کتێبەی تۆ نیازت بوو لە کتێبخانەی بخوازیت، منداڵێکی دیکە خواستوویەتی.
- دەتەوێت کار لەسەر کۆمپیوتەرەکە بکەیت، بەڵام منداڵێکی دیکە کاری لەسەر دەکات.
- هاوڕێیەکت بە سواری بایسیکلێکی نوێوە هاتووە بۆ ماڵەوە بۆ لات و تۆش پێت خۆشە سورێک سواری ئەو بایسیکلە ببیت.
- خوشکەکەت تەماشای تەلەڤیزیۆن دەکات و لەو کاتەشدا، ئەو بەرنامەیەی تۆ زۆرت لا خۆشە، لە کەناڵێکی دیکە پێشان دەدرێت.
- هاوڕێیەکت چەند وێنەیەکی فوتبۆڵی هەیە، تۆش پێت خۆشە ئەو وێنانەت هەبێت و لە ئەلبومەکەی خۆتدا کۆیان بکەیتەوە.
- لە ئۆتۆبوس (پاس) دا پێت خۆشە لە لای پەنجەرەکەوە دابنیشیت بەڵام براکەت پێش تۆ جێگەکە دەگرێت.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێر بووین گەر کێشەیەک هاتە ڕێ، پێش هەر شتێک وچانێک بگرین و بیر بکەینەوە، خۆمان ئارام بکەینەوە. فێر بووین کە ئارامی دەبێتە هۆی بیرکردنەوەی باش. هەروەها فێر بووین چۆن هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» پیادە بکەین.
پۆستەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» ئەو هەنگاوانە دەهێننەوە یادمان.

فەرموون، هەر یەکەتان پۆستەری خۆی هەڵگرێت. (هەر یەکەیان کۆپیی خۆی بدەیە).

**بۆ ماڵەوە:** نامەی چوارەم، «هەنگاو بە هەنگاو» / بەشی دووهەم

**گواستنەوەی زانیار**

کاتێک فێرخواز ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبێتەوە، داوای لێ بکە بیر لە چەند ڕێگەچارەیەکی جیاواز بکاتەوە. بیری بخەوە کە هەر کێشەیەک چەندین ڕێگەچارەی هەیە.

**یادی ئەمڕۆ**: داوا لە فێرخوازان بکە باسی ئەو کێشانە بکەن، کە ئەمڕۆ هاتۆتە ڕێیان. چۆن خۆیان ئارام کردۆتەوە. چۆن یان چ چارەیەکیان بۆ کێشەکە دۆزیوەتەوە.

## بەشی دووهەم – کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی دووهەم: داوای یارمەتی بە شێوەیەکی ڕێزدارانە

## چەمک

داوای یارمەتی، چاوەڕێ و خۆڕاگریی گەرەکە، نابێت وەڕەز و هەراسان بین.

چەمکی زمان: بە ئەدەبەوە، بە سەبرەوە، ڕێزدارانە.

## ئامانج

فێرخواز فێر بن:

- هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» پیادە بکەن.
- هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» بەکار بهێنن.
- ڕێزدارانە داوای یارمەتی بکەن، کەسی بەرانبەر بێزار نەکەن.

## پێداویستی

- «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە»
- پەڕە کاغەز و پێنووسی خامە.
- ڕاپۆرتی فێرخوازان و ڕاپۆرتی دایکوباوک.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

داوای یارمەتی، چاوەڕێی گەرەکە، ئەمەش باسێکە منداڵ زۆر جار لای سەختە. «خۆدواندن» و تەکنیکی دیکەی «خۆئارامکردنەوە» لەم بارەدا سوودبەخشن، منداڵ فێری سەبر دەکەن. چەند پێشنیازێکی خۆخەریککردن بدە بە فێرخوازان کە کاتی

چاوەڕێکردن بەکەڵک بن. داوایان لێ بکە ئەو پێشنیازانە لە لیستەیەکدا لای خۆیان تۆمار بکەن بۆ کاتی پێویست.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێر دەبین بە ئەدەبەوە داوای یارمەتی بکەین و ڕێزدارانە چاوەڕێی وەرگرتنی یارمەتی ببین.

(فۆتۆی شێرۆ پێشان بدە). ئەمە شێرۆیە. شێرۆ وانەی هونەری پێ خۆشە بەڵام ئەم پرۆژە تازەیەی هونەر کەمێک سەختە. شێرۆ پێویستی بە یارمەتیی مامۆستا هەیە، بەڵام مامۆستا بەسەر فێرخوازی دیکەدا دەگەڕێ و یارمەتییان دەدات. وەرن هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» بخەینە کار بۆ دۆزینەوەی چارەیەک بۆ کێشەکەی شێرۆ. (ئاماژە بە هەردوو پۆستەرەکە بکە).



1- کێشەکە چییە؟ (شێرۆ پێویستی بە یارمەتی هەیە و مامۆستاش سەرقاڵە و ناپەرژێت). شێرۆ، گەرووی پڕ گریانە و خەریکە کوڵ دەدات.

2- چی ڕوو دەدات گەر شێرۆ کوڵ بدات و بیکاتە گریان؟ (پۆلەکە دەشێوێنێت. دەبێت سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە).

3- شێرۆ دەبێت چی بکات تا خۆی ئارام بکاتەوە؟ (ئاماژە بە پۆستەری «خۆئارامکردنەوە» بکە). وەرن هەنگاوەکانی هونەری «خۆئارامکردنەوە پیادە بکەین». (چەند هەنگاوێک لە تەکنیکی خۆئارامکردنەوە پیادە بکەن و پاشان ئاماژە بە خاڵی دووهەمی پۆستەری «چارەی کێشە» بکە).

4- چ چارەیەک هەیە بۆ کێشەکەی شێرۆ؟ (دەست هەڵبڕێت، یان هەڵسێتە سەرپێ و بچێت بۆ لای مامۆستا). بە «بیرۆکەبارانە» فێرخوازان هان بدە پێشنیازی دیکە بکەن: «ئەرێ، ئەمەش پێشنیازێکە. کێ پێشنیازی دیکەی هەیە؟ پێشنیازێکی نارێکی وەک: «بە هەموو پۆلەکەدا بگەڕێ و داوای یارمەتی بکات» تۆمار بکە، با لەباریش نەبێت، ئەمەیان بۆ کاتی هەڵسەنگاندن باشە.

5- ئەگەر شێرۆ ...... ئەو چارەیە ........ هەڵبژێرێت چی ڕوو دەدات؟ (ئەمەیان هەنگاوی هەڵسەنگاندنی چارەکانە / هەنگاوی سێهەمی «چارەی کێشە»)

6- شێرۆ بڕیاری دا دەست بەرز بکاتەوە و داوای یارمەتی لە مامۆستا بکات. ئایە ئەمە چارەیەکی باشە؟ (ئەرێ) بۆ؟ (چونکە بەو کارە کەسی دیکە بێزار ناکات. پێشانی مامۆستای دەدات کە پێویستی بە یارمەتی هەیە).

شێرۆ دەیەوێت بەڕێز بێت. چاوەڕوانی سەبری گەرەکە و ئەمەش ئاسان نییە.

7- بۆ سەبرگرتن و خۆڕاگری شێرۆ چی بکات باشە؟ (لەبەر خۆوە بڵێت «دەتوانم چاوەڕێ بم». پشتەوژمێری خاو).

جار هەیە چارەیەک هەڵدەبژێرین بەڵام کار ناکات و بەکەڵک نایەت.

8- گریمان مامۆستا نەیبینی شێرۆ دەستی هەڵبڕیوە؟ (شێرۆ دەتوانێت ڕێگەچارەی دیکە هەڵبژێرێت، وەک ئەوەی زۆرتر چاوەڕوان بێت، یان دەتوانێت بە هێمنی هەڵسێت و بچێتە لای مامۆستا)

9- دەبێت شێرۆ چی بە مامۆستا بڵێت کاتێک داوای یارمەتی دەکات؟ («مامۆستا..... ئەو ..... تکایە یارمەتیم پێویستە»).

وەرن هەنگاوەکانی داوای یارمەتی بنووسینەوە: یەکەم کارێکی شێرۆ دەبێت بیکات چییە؟ دەی، پاش ئەوە چی بکات باشە؟

ڕێنوێنی فێرخوازان بکە هەنگاوی خۆیان دیاری بکەن. ڕەنگە ئەم چەند خاڵە گونجاو بن:

1- دەست بەرز بکاتەوە و چاوەڕێ بکات.

2- بەدەم چاوەڕوانییەوە، بە خۆی بڵێت «دەتوانم چاوەڕێ بکەم»، خۆی بە بابەتێکی دیکەوە خەریک بکات.

3- ڕێگەچارەی دیکە هەڵبژێرێت وەک ئەوەی، گەر بزانێت شتێک بەرچاوی مامۆستای گرتووە، بە نەرمی هەڵسێت و بچێتە لای مامۆستاکەی.

4- ڕێزدارانە داوای یارمەتی بکات.

## ڕۆڵوازی

ئێستا بە ڕۆڵوازی پێشانی دەدەم شێرۆ چۆن هەنگاوەکانی ئێمە بەکار دێنێ و داوای یارمەتی لە مامۆستا دەکات. (داوا لە فێرخوازێکی دڵخواز بکە ڕۆڵی مامۆستا ببینێت)

ڕۆڵی شێرۆ ببینە و ئەو لیستەی هەنگاوانەی پۆلەکە دیارییان کردووە پیادە بکە.
دەست هەڵبڕە و چاوەڕێ بە. لەبەر خۆتەوە بە چرپە بڵێ «دەتوانم چاوەڕێ بکەم».
پاشان هەڵسە و لەسەرخۆ بەرەو لای مامۆستا بچۆ و بە ئەدەبەوە پرسیار بکە: «تکایە، پێویستم بە یارمەتی هەیە. کاتت هەیە؟».

پاش ڕۆڵوازییەکە لە فێرخوازان بپرسە: «چۆن بووم؟ ئایا پەیڕەوی هەنگاوەکانم کرد؟»

پاشان سەرەی منداڵەکانە. لەم لیستەیەی خوارەوە دۆخی لەبار هەڵبژێرن. گەر خۆتان نموونەی باشترتان لا هەیە کاری لەسەر بکەن.

- تۆ لە کتێبخانەیت و بۆ دۆزینەوەی کتێبێکی تایبەت پێویستت بە هاوکاری هەیە، بەڵام کتێبدار (کارمەندی کتێبخانە) - کە سەرقاڵە و یارمەتیی کەسێکی دیکە دەدات.
- تۆ دەستت هەڵبڕیوە، مامۆستا ڕووشی لێتە، کەچی ناتبینێت.
- تۆ ڕێگەت بزر کردووە و لە پڕ ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس دەبینیت، بەڵام پۆلیسەکە تۆ نابینێت، لە ئۆتۆمبیلەکەیەوە خەریکی تەلەفۆنە.
- پێویستت بە یارمەتی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی فێرگە، بەڵام لەو کاتەدا باوکت خەریکی کارێکی دیکەیە و ناپەرژێت.

### ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێر بووین چۆن بە ئەدەب و ڕێزەوە داوای یارمەتی بکەین. فێری ئەوەش بووین ڕێزدارانە نۆرەبڕین بکەین گەر کەسی یارمەتیدەر ئاگای لێمان نەبێت. هەروەها فێر بووین چۆن بە سەبرەوە چاوەڕێ بکەین هەتا سەرەی یارمەتیمان دێت.

**بۆماڵەوە:** ڕاپۆرتی فێرخوازان، ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

### گواستنەوەی زانیار

**خەیاڵی ئەمڕۆ:** با فێرخوازان بیر لەو ساتانە بکەنەوە کە تێیدا پێویستیان بە یارمەتی هەبووە.

**یادی ئەمڕۆ:** داوا لە فێرخوازان بکە باسی بکەن کاتێک هەنگاوەکانی داوای یارمەتییان پیادە کرد، چۆن بوو.

### چالاکیی دیکە

گەر چیرۆکی لەبار هەیە بۆ ئەم باسە دەست بدات هەم خۆت بەکاری بهێنە و هەم ئێمەشی لێ ئاگادار بکە، تکایە.

## بەشی دووهەم – کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی سێهەم: بەگەڵکەوتن

## چەمک

بەشداری لە چالاکیی گرووپدا پێویستی بە چاوەڕێ و بە دۆزینەوەی کاتی لەبار هەیە تا ئەندامانی گرووپەکە تێبینیت بکەن و داوای بەشداربوونت لێ بکەن.

چەمکی زمان: بەگەڵکەوتن، تێبینی، پرسیار.

## ئامانج

فێرخوازان فێر دەبن:

- تەکنیکی خۆئارامکردنەوە بەکار بهێنن
- بە شێوەیەکی دۆستانە داوای بەگەڵکەوتن بکەن
- هونەرەکانی «چارەی کێشە» بەکار بهێنن

## پێداویستی

- پۆستەری «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە»
- لاپەڕە و خامە.
- ڕێنامەی مامۆستا. ڕاپۆرتی فێرخوازان و ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستایان

بەگەڵکەوتن هونەرێکی جڤاکیی گرینگە. منداڵ هەیە لای سەختە پێ بخاتە ئەودیو دەروازەی پەیوەندی و چالاکییەوە. شاهەنگاو لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە منداڵ تێبینی و

گوتەی خۆی هەبێت دەربارەی ئەو چالاکییەی هەیە و پرسیار لە منداڵەکانی دیکە بکات.

گەر منداڵ نەزانێت چۆن تێکەڵ بە منداڵانی دیکە بێت و بەشداریی چالاکیی ئەوان بێت، بێگومان دەرفەتی بەگەڵکەوتنی کزتر دەبێتەوە و زەرەرمەند دەمێنێت. توانای بەشداربوون لە چالاکیدا بەندە بە هونەری جڤاکیی دیکەی وەک: دەست پێشخەری، نۆرەبڕیی و دامەزراندنی باس.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ فێری ئەوە دەبین چۆن بەگەڵ گرووپ بکەوین. (فۆتۆی جوودی پێشان بدە)

ئەمە «جوودی» ـیە. جوودی ئەزموونی سروشتناسیی زۆر لە لا خۆشە. نیازی وابوو، کاتی پشوو، لە ئەزموونگە کار لەگەڵ کەرستەی زانستی بکات. ئەزموونگە تەنها یەک سێتی کەرەستەی بەردەستی هەیە و ئەویش گیراوە، چەند فێرخوازێک پێش ئەو



هاتوون و خەریکن. جوودی - یش دەیەوێت بەگەڵ بکەوێت و لەگەڵیاندا خەریک بێت.

**1-** جوودی چی دەوێت؟ (دەیەوێت بەشدار بێت و خەریکی ئەزموون بێت)

**2-** ئەدی کێشەکە چییە؟ (جوودی دەیەوێت بەگەڵ گرووپەکە بکەوێت، بەڵام ئەوان پێشکات دەستیان بە کارەکەیان کردووە و خەریکی ئەزموونن) — (هەوڵ بدە کێشەکە بە شێوەیەکی بێلایەنی گازەندەبەدەر، باس بکەیت).

**3-** یەکەم بەرتەکی جوودی ئەوەیە، کە پەلاماری کەرەستەکان بدات تا سەرنجی گرووپەکە ڕابکێشێت. ئایا ئەمە چارەیەکی سەلامەتە؟ (نەخێر، لەوانەیە شتێک بشکێنێت). دەبێت گرووپەکە بەرانبەر ئەم چارەیە هەست بە چی بکەن؟ (تووڕەیی) چارەیەکی ڕەوایە؟ (نەخێر، چونکە لەوانەیە جوودی ئەزموونەکەیان تێک بدات). پێت وایە ئەم چارەیە سوودی هەبێت؟ (نەخێر، هاوپۆلەکانی تووڕە دەبن و ڕێی نادەن بەشدار بێت)

ڕێک لەو ساتەی خەریکە پەلاماری کەرەستەکان بدات بیری دەکەوێتەوە وچانێک بگرێت، خۆی ئارام بکاتەوە و بیرێک لە کارەکە بکاتەوە.

**4-** جوودی چی بکات باشە تا خۆی ئارام بکاتەوە؟ (ئاماژە بە پۆستەری «خۆئارامکردنەوە» بکە) وەرن هەناسەی قووڵ هەڵمژین.

**5-** چ چارەی دیکە هەیە جوودی بیگرێتە بەر تا بتوانێت بچێتە ناو گرووپەکە و بەگەڵیان بکەوێت؟ (لێیان بپرسێت خەریکی چین. داوا بکات تا بەگەڵ بکەوێت. داوای یارمەتی لە مامۆستا بکات)

**6-** چی دەبێت ئەگەر........؟ (هەموو ڕێگەچارەکان، بە پرسیار و وەڵام هەڵبسەنگێنن، بڕوانە هەنگاوی سێهەمی «چارەی کێشە»)

جوودی بڕیار دەدات چارەی دواندن و پرسیاری ڕێپێدان هەڵبژێرێت.

**7-** جوودی کەی قسەیان لەگەڵدا بکات باشە؟ (کاتێک گرووپەکە هەست بە بوونی جوودی دەکەن. کاتێک وچانێکی کورت دەکەویتەوە کارەکەیانەوە).

**8-** دەیسا جوودی هاتە گۆ، چی بڵێت باشە؟ («دیارە یارییەکەتان خۆشە؟»، «مەبەستتان لە ئەزموونەکە چییە؟»، «لە پەیجۆریی چیدا بوون؟»)

**9-** گەر گرووپەکە ڕێی بدەن بەشدار بێت، جوودی بڵێت چی باشە؟ (سوپاس)

**10-** جوودی دەبێت چی بکات گەر هاتوو پێیان گوت: «نەخێر ناتوانیت بەگەڵ بکەویت چونکە ئێمە تازە دەستمان پێ کردووە؟» (شتێکی دیکە بدۆزێتەوە خۆی پێوە خەریک بکات. داوا لە مامۆستاکەی بکات هەندێک کەرەستەی زانستیی دیکەی بۆ پەیدا بکات. داوا بکات جاری داهاتوو لەسەری بکەن).

وەرن هەنگاوەکانی بەگەڵکەوتن بنووسینەوە. یەکەم هەنگاوی جوودی دەبێت چی بێت؟ فێرخوازان هان بدە پێشنیازی خۆیان هەبێت. ئەمانەش نموونە:

**1-** لە نزیک گرووپەکەوە بوەستە و ئامادەیی بەگەڵکەوتن پێشان بدە.

**2-** چاوەڕێی دەرفەتێک بکە.

**3-** پرسیار بکە و تێبینی خۆت دەربارەی کارەکەیان دەرببڕە.

**4-** ڕێزدارانە بپرسە «دەتوانم منیش بەشداربم؟»

**5-** گەر سوودی نەبوو ڕێگەچارەی دیکە بدۆزەوە.

**ڕۆڵوازی**

من ڕۆڵی جوودی وازی دەکەم، هەنگاوەکانی بەگەڵکەوتن پیادە دەکەم. یەکەم جار ڕێی دەدەن بەشدار بێت. دووبارەی دەکەمەوە. ئەم جارەیان گرووپەکە دەڵێن: «نەخێر» و جوودی ناچارە ڕێگەچارەی دیکە بدۆزێتەوە. (سێ فێرخوازی دڵخواز هەڵبژێرە ڕۆڵی گرووپی بەرمێزی ئەزموونگەکە ببینن).

ڕۆڵی جوودی ببینە. هەنگاوەکانی بەگەڵکەوتن بگرە بەر. نزیک ڕاوەستە و چاوەڕێی دەرفەت بکە و ئەوجا بڵێ: دەتوانم بەگەڵ بکەوم؟ یەکەم جار گرووپ دەڵێن «ئەرێ، فەرموو». جاری دووهەم دەڵێن «نەخێر». بڵێ (جوودی دەڵێ): باشە، تازە دەستان بە کار کردووە، ئەی دەکرێت تەماشا بکەم؟

دوای ڕۆڵوازییەکە بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا پەیڕەوی هەنگاوەکانی بەگەڵکەوتنم کرد؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. وەبیر فێرخوازانی بهێنەوە کاتێک بە بەرانبەر دەڵێن «نەخیر»، ڕێزدارانە ڕوونی بکەنەوە بۆ «نەخێر». نموونەی لەبار لەم لیستەیە بەکار بێنە:

- دەتەوێت بەگەڵ گرووپەکە بکەویت و پێکەوە دیوارنامەیەک بڕازێننەوە.
- باوکت و خوشکەکەت خەریکی یاریی تەختەن (دامە، تاولە) تۆش دەتەوێت بەگەڵ کەویت، بەڵام ئەوان زووتر دەستیان پێکردووە.
- دۆستێک پەتپەتێن دەکات و تۆش دەتەوێت بەگەڵ کەویت.
- دەتەوێت لە یاری شەترەنجدا بەشداریی بکەیت، بەڵام تەنها دوو کەس دەتوانێت پێکەوە یاری بکەن.

- تۆ دەتەوێت لە یاریی چاوشارکێدا بەگەڵ بکەویت، بەڵام هاوڕێکانت ماندووبوون و چیدی نایانەوێت گەمە بکەن.
- دەتەوێت بەگەڵ هاوپۆلەکانت بکەویت کە خەریکی شانۆگەرین.
- دەتەوێت بەگەڵ ئەو گرووپە بکەویت کە خەریکن کۆشکەقوڕە ساز بکەن، بەڵام هیچ خاکەناز و دەزگەی دیکە بۆ تۆ نەماوە.

**ئەنجامگیری**

ئەمڕۆ فێری ئەوە بووین چۆن چاوەڕێ بین و لە کاتی گونجاودا پرسیاری بەشداربوون بکەین. فێری ئەوەش بووین گەر گرووپەکە ڕێگەیان نەدا بەشدار بین، چ بکەین.

**بۆماڵەوە:** ڕاپۆرتی فێرخوازان و ڕاپۆرتی دایکوباوکان: «چۆن بەگەڵ گرووپ دەکەویت».

**گواستنەوەی زانیار**

**یادی ئەمڕۆ:** داوا لە فێرخوازان بکە بەسەرهاتی خۆیان لە بەگەڵکەوتنی گرووپدا باس بکەن. چی کاریگەر بوو؟ گەر سەری نەگرتایە چییان دەکرد؟

## بەشی دووهەم – کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی چوارەم: وازی

**چەمک**

وازیکردن پێویستی بە ڕێسا هەیە، بەرە هەڵبژاردن، دیاریکردنی پێشەنگ (ئەو کەسەی یارییەکە دەستپێ دەکات)، نۆرەگرتن، پەیڕەوکردنی ڕێساکانی گەمەکە و هەروەها بە سنگفرەوانییەوە ئەنجامی گەمەکە، براوە بیت یان دۆڕاو، پەسەند بکەیت.

چەمکی زمان: ڕەوا، «گیانی وازیمەندانە»، ڕێسا.

**ئامانج**

فێرخوازان دەبێت فێر بن:

- ڕێسا پێویستە بۆ یاری،
- نۆرەبڕیی نەکەن، هەرکەس چاوەڕێی نۆرەی خۆی بێت،
- هونەرەکانی «چارەی کێشە» پیادە بکەن،
- لە کۆتای گەمەکەدا بە گوتەی جوان دەستخۆشی لە یەک بکەن.

**پێداویستی**

- پۆستەر و پەڕە و خامە.
- گەمەی ساکار کە لە لای فێرخوازان ئاشنابن

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

وازیکردن و چالاکی فیزیکی هەم پەلەپەل و دڵەڕواکێی منداڵان کز دەکاتەوە هەم ناکۆکی و دژایەتی نێوانیان. هەروەها فێری هاوکاریشیان دەکات.

چەندین جۆر گەمە هەن لە ململانێ بەدەرن و منداڵ فێری هاوکاری دەکەن. ئەم وانەیە خۆڕسکانە دەگاتە «گواستنەوەی زانیار». فێربوون لە ڕێی چالاکییەوە ڕێگەیەکی سروشتییە بۆ ڕاهێزانی توانای یاریکردن لای منداڵ.

### چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا فێر دەبین بە شێوازێکی ڕەوا گەمە بکەین، لەگەڵ دۆڕان و سەرکەوتندا بە گیانێکی بەرز هەڵسوکەوت بکەین، بەم هەڵسوکەوتە دەگوترێت «گیانی وازیمەندانە».

(فۆتۆی نارین پیشان بدە). ئەمە نارینە، تۆپێکی بە دەستەوەیە و پێی خۆشە لەگەڵ دۆستاندا گەمان بکات. بەڵام نارین لە شێوەی گەمەی ئەم ماوەیەی هاوڕێیان ناڕازییە. فێرخوازان بگرەوبەردەیان زۆر بوو. نارین دەیەوێت گەمەکەیان ڕەوا بێت و هەموو خۆشیی لێ ببینن.



1- کێشەکە چییە؟ (گەمەی ماوەی پێشوو خۆش نەبوون چونکی فێرخوازان هەر خەریکی بگرەوبەردە بوون).

2- نارین چی دەوێت؟ (دەیەوێت یارییەکە ڕەوا و بۆ هەمووان خۆش بێت و بگرەوبەردەی تێدا نەبێت).

3- گەمە چۆن دەبێتە گەمەیەک خۆش و ڕەوا؟ (کاتێک هەموو لەسەر ڕێساکان کۆک دەبن. کاتێک هەموو پەیڕەوی ڕێساکان بکەن. کاتێک هەر کەسە چاوەڕێی نۆرەی خۆی بکات). کەواتە بۆ ئەوەی گەمەکە هەم خۆش بێت و هەم ڕەوا، پێویستە لە پێشدا لەسەر ڕێساکان ڕێک بکەون.

4- گەمە ڕێسای بۆچییە؟ (بۆ ئەوەی هەرکەس بزانێت چی دەکات. بۆ ئەوەی گەمەکە ڕەوا بێت).

5- پاش ئەوەی ڕێساکان دیاری و پەسەند دەکرێن، هەنگاوی داهاتوو چییە پێش دەستپێکی یاری؟ (بەرە هەڵبژاردن).

6- دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی بەرە سوود لە هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» وەربگرین. ئادەی بزانم کێ پێشنیازی باشی هەیە بۆ هەڵبژاردنی بەرە؟ (بە ژماردنی 1-2 و 2-1. یان وەستایەک هەڵدەبژێرین و ئەویش ئەندامی دوو تیپەکە دیاری دەکات).

شێوازی دیکە هەیە، بۆ بەرە هەڵبژاردن، ڕەواتر دێنە بەرچاو.

7- چی دەبێت ئەگەر.........؟ (هەموو ڕێگەچارەکان، بە پرسیار و وەڵام هەڵبسەنگێنن، بڕوانە هەنگاوی سێهەمی «چارەی کێشە»)

8- بۆ دیاریکردنی یەکەم کەس چی بکەین باشە؟ (شێروخەت، فیکلانکۆ. دەست لەبان دەست)

جار هەیە فێرخواز زۆر دڵگەرمی گەمەکە دەبێت و هەر بۆ ئەوەی دیسان سەرەی بەر بکەوێت نۆرەبڕیی لە هاوڕێکانی دەکات.

9- بۆچی دەبێت هەموو کەسێک چاوەڕێی نۆرەی خۆی بێت و نۆرەبڕیی نەکات؟ (بۆ ئەوەی بۆ هەموومان وەک یەک ڕەوا بێت).

10- کاتی چاوەڕوانی، بۆ خۆڕاگری، چی بە خۆت دەڵێی؟ («خۆت ئارام بکەوە»، «ڕەوا بە»، «چاوەڕوانی نۆرەی خۆت بە»).

11- نارین کاتێک یارییەکە تەواو دەبێت، براوە بێت یان دۆڕاو، چەند گوتەیەکی جوان ئاڕاستەی تیپی بەرانبەر دەکات، دەڵێت چی؟ («گەمەیەکی خۆش بوو»، «پێم خۆش بوو یاریمان بەیەکەوە کرد»).

12- هەست بە چی دەکەیت گەر کەسی براوە بکەوێتە خۆهەڵکێشان؟

13- هەست بە چی دەکەیت گەر کەسی دۆڕاو بیکاتە بۆڵە و خوتە؟

کاتێک لە کۆتای گەمەکەدا گوتەیەکی جوان ئاڕاستەی تیمی بەرانبەر دەکەیت زۆر گرینگە گوتەکانت، گوتەی دڵ بن، دروست لە ناخەوە بن نەک هەر قسە.

**14-** باسی شێوازی هەمەجۆری گەمە و «گیانی وازیمەندانە»مان زۆر کرد. «گیانی وازیمەندانە» چییە؟ (ئەوەیە ڕێساکان پەیڕەوی بکەیت، بە شێوازێکی ڕەوا گەمە بکەیت، بە جوانی هەڵسوکەوت بکەیت، چ براوە بیت چ دۆڕاو).

وەرن با خاڵ و هەنگاوەکانمان دەربارەی وازیکردن بنووسین. یەکەم هەنگاوی نارین دەبێت چی بێت؟ (فێرخوازان هان بدە پێشنیازی خۆیان هەبێت) ئەمەش چەند نموونەیەک:

- لەسەر ڕێساکانی گەمەکە ڕێک بکەون.
- بەرە هەڵبژێرن.
- بڕیار بدەن کێ گەمەکە دەست پێ بکات.
- بە نۆرە.
- کاتی کۆتابوونی گەمە، گوتەیەکی جوان ئاڕاستەی تیمی بەرانبەر بکە.

## چالاکی

وەرن با ئەو هەنگاوانەی نووسیومانە لە گەمەیەکدا بەکردەوە پیادە بکەین. (گەمەیەکی ئاشنا لە لای منداڵەکان وازی بکەن. وەک «مام سلێمان دەڵێت..». یان «هەی ڕێوی، ڕێوی...». فێرخوازان هان بدە هەنگاوەکان پیادە بکەن. پاشان داوا لە فێرخوازان بکە باس لە خاڵی سەرکەوتوو و ناسەرکەوتووی ئەزموونەکەی خۆیان بکەن. خاڵەکانی سەلامەتی، ڕەوایەتی، هەستی بەرانبەر و بەکەڵکهاتن بکەنە پێوەر.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێر بووین بە شێوەیەک وازی بکەین بۆ هەمووان ڕەوا بێت. بە پەیڕەوکردنی ئەو هەنگاوانەی دامان ڕشتوون گەمەکردن بۆ هەموومان خۆشتر دەبێت.

## گواستنەوەی زانیار

فێرخوازان هان بدە کاتی وازیکردن، چ لە نێو و چ لە دەرەوەی پۆلەکە، پەیڕەوی ئەو خاڵ و هەنگاوانە بکەن کە لەم وانەیەوە فێری بوون. لیستی هەنگاوەکان لە نزیک دەرگەی ژوورەکە هەڵبواسە، با کاتێک فێرخوازان دەچنە دەرەوە بۆ پشوو بیبینن و بیریان بکەویتەوە.

**یادی ئەمڕۆ:** داوا لە فێرخوازان بکە باسی گەمە و «گیانی وازیمەندانە» ی ئەمڕۆی خۆیان بەسەر بکەنەوە.

## بەشی دووهەم – کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی پێنجەم: داوای ڕوخسەت

## چەمک

داوای ڕوخسەت هونەرێکی گرینگە بۆ ڕەفتاری بەرپرسانە.

چەمکی زمان: ڕوخسەت، ڕێپێدان.

## ئامانج

فێرخواز فێر بێت:

- داوای ڕوخسەت بکات.
- وەڵامی ڕوخسەت نەدان بسەلمێنێت.
- هونەرەکانی «چارەی کێشە» پەیڕەو بکات.

## پێداویستی

- پۆستەری «چارەی کێشە».
- کاخەزی پۆستەر و خامە
- ڕاپۆرت فێرخواز و ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

داوای ڕوخسەت یان بە «ئەرێ» یان بە «نەخێر» وەڵامی دێتەوە. هەموو جارێک «ئەرێ» نییە. فێرخوازان هان بدە بەرانبەر «ئەرێ» سوپاسگوزاریی خۆیان پێشان بدەن و وەڵامی «نەخێر» یش بە جوانی پەسەند بکەن.

## چیرۆک و گفتوگۆ

ئەمڕۆ، فێری ئەوە دەبین چۆن ڕێزدارانە داوای ڕێگەپێدان و ڕوخسەت بکەین. کاتێک پێویستت بە ڕەزامەندیی کەسی دیکە بێت داوای ڕوخسەت دەکەیت.

(فۆتۆی لاڤە و زریان پێشان بدە). ئەمە لاڤەیە و دەیەوێت لەگەڵ زریان بچێت بۆ فرۆشگەی کۆڵانەکەی ئەودیویان تا هەندێک شیرینی بکڕن. زریان پێی خۆشە لەگەڵ لاڤە بڕوات بەڵام پێشتر دایکی پێی گوتبوو نابێت لەم کۆڵانەی خۆیان دوور بکەوێتەوە. (ئاماژە بە هەنگاوی یەکەمی «چارەی کێشە» بکە).



1- کێشەکە چییە؟ (زریان دەیەوێت لەگەڵ هاوڕێیەکەیدا بچێت بۆ بازاڕ بەڵام دایکی پێی گوتووە نابێت لەم کۆڵانە دوور بکەوێتەوە).

2- چ ڕێگەچارەیەک هەیە بۆ کێشەکەی زریان؟ (داوای ڕوخسەت لە دایکی بکات. بچێت بۆ فرۆشگە و بە هیوا بێت دایکی پێی نەزانێت! بە لاڤە بڵێت ئەمڕۆ ناتوانێت لەگەڵی بێت و لەوانەیە سبەی بتوانێت).

3- چی دەبێت ئەگەر........؟ (هەموو ڕێگەچارەکان، بە پرسیار و وەڵام هەڵبسەنگێنن، بڕوانە هەنگاوی سێهەمی «چارەی کێشە»)

زریان بڕیار دەدات بچێت داوای ڕوخسەت لە دایکی بکات تا لەگەڵ لاڤە بچێت بۆ فرۆشگە.

4- بەڵام زریان بڕیاری دا لە بەردەم لاڤەدا داوای ڕوخسەت لە دایکی نەکات. بۆ؟ (چونکە لەوانەیە دایکی لەبەر لاڤە لە ڕوودا دابمێنێت. لەوانەیە زریان خەجاڵەت بێت گەر دایکی لەبەر چاوی لاڤە بڵێ «نەخێر»).

5- زریان چی بڵێت و چۆنی بڵێت باشە؟ («دایە، تکایە، دەتوانم لەگەڵ لاڤەدا بچم بۆ فرۆشگە؟»). فێرخوازان هان بدە پرسیاری ڕێزدارانە بکەن).

6- گەر دایکی زریان گوتی «ئەرێ»، زریان بڵێت چی باشە؟ («زۆر سوپاس»)

7- گەر دایکی زریان گوتی «نەخێر»، زریان چی بکات باشە؟ (هەر بچێت بۆ فرۆشگە. بیکاتە گریان. بە لاڤە بڵێت دوای گەڕانەوەی لە فرۆشگە بێتە میوانی).

8- بڕوا دەکەیت زریان چی دەکات؟ بۆچی؟

وەرن با هەنگاوەکانی داوای ڕوخسەت بنووسینەوە. یەکەم هەنگاوی زریان چی بێت باشە؟ (فێرخوازان هان بدە پێشنیازی خۆیان هەبێت) ئەمەش چەند نموونەیەک:

- بڕیار بدە لە کات و شوێنی خۆیدا داوای ڕوخسەت بکەیت.
- ڕێزدارانە داوای ڕوخسەت بکە و بڵێ «تکایە، دەتوانم...؟».
- گەر وەڵام «ئەرێ» بوو، بڵێ «زۆر سوپاس» و گەر وەڵام «نەخێر» بوو، بە سنگفرەوانییەوە بیسەلمێنە.

**ڕۆڵوازی**

ئێستا من ڕۆڵی زریان دەبینم، داوای ڕوخسەت لە دایکی دەکات بچێت بۆ فرۆشگە. دواتریش سەرەی ئێوەیە. (دوو فێرخوازی دڵخواز هەڵبژێرە، یەک بۆ ڕۆڵی دایکی زریان و یەک بۆ ڕۆڵی لاڤە).

پێشانی فێرخوازانی بدە. تۆ زریانیت و هەنگاوەکانی پۆلەکە دیارییان کرد، بنوێنە. ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی لاڤە دەبینێت دەڵێت: «زریان چۆنیت؟ من دەچم بۆ بازاڕ و شیرینی دەکڕم. دێیت لەگەڵم؟». تۆش دەڵێی: «دەبێت ڕوخسەت لە دایکم وەربگرم». ڕوو دەکەیتە ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی دایک وازی دەکات و دەڵێیت: «دایە! تکایە دەتوانم لەگەڵ لاڤە تا فرۆشگە بچم؟». ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی دایک دەبینێت دەڵێت: «باشە، بەڵام کە گەڕایتەوە، ئاگادارم بکەوە». ئەوجا تۆ بەو فێرخوازەی ڕۆڵی دایک وازی دەکات بڵێ: «زۆر سوپاس دایە. ئەرێ، یەکسەر ئاگادارت دەکەمەوە».

گەر دایکی زریان گوتی «نەخێر» ئەو کاتە گفتوگۆکە دەگۆڕین، بۆ نموونە: تۆ ڕوو بکە ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی دایک دەبینێت و بڵێ: «باشە. ئەدی دەکرێت کە لاڤە لە فرۆشگە گەڕایەوە بێتە لام و پێکەوە یاری بکەین؟». ڕوو بکە ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی

لاڤە دەبینێت و بڵێ: «من ناتوانم لەگەڵت بێم، بەڵام گەر پێت خۆش بێت، کە گەڕایتەوە وەرە پێکەوە یاری دەکەین». ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی لاڤە دەبینێ دەڵێت: «زۆر باشە، بەڵام دەبێت لە باوکم بپرسم و بزانم ڕێم دەدات».

دوای ڕۆڵ وازیکردنەکە بپرسە: «چۆن بووم؟ ئایا پەیڕەوی هەنگاوەکانی «داوای ڕوخسەت» م کرد؟

ئەوجا نۆرەی فێرخوازانە. دەبێت هەردوو وەڵامی «ئەریٚ» و «نەخێر» وازی بکەن. نموونەی لەبار لەم لیستەیە بەکار بێنە:

- داوای ڕوخسەت لە باوکت بکە تەماشای بەرنامەیەکی درەنگی تەلەڤیزیۆن بکەیت.
- داوای ڕوخسەت لە هاوڕێیەکت بکە کتێبێکی لیٚ قەرز بکەیت.
- داوای ڕوخسەت لە دایکت بکە هاوڕێیەکت شەو لە لات بمێنێتەوە.
- داوای ڕوخسەت لە مامۆستا بکە لە پۆل بچیتە دەرەوە بۆ توالێت.

**ئەنجامگیری**

ئەمرۆ فێر بووین چۆن بە ڕێزەوە داوای ڕوخسەت بکەین. بە ئەدەبیشەوە پرسیار بکەیت دیسان مەرج نییە هەموو جارێک بە ئەریٚ وەڵامی داواکەت بێتەوە. گەر وەڵام «نەخێر» یش بوو هەوڵ بدە هەڵوێستێکی ڕێک و جوان پێشان بدەیت.

**بۆماڵەوە:** ڕاپۆرتی فێرخوازان، ڕاپۆرتی دایکوباوکان. لیستی «داوای ڕوخسەت».

## گواستنەوەی زانیار

کاتێک فێرخوازان داوای ڕوخسەتت لێ دەکەن ئەو هونەرەیان ببینە و پەسنی ئەو ڕەفتار و ئەدەبەیان بکە.

**یادی ئەمڕۆ:** لە فێرخوازان بپرسە ئایە ئەمڕۆ داوای ڕوخسەتیان لە کەس کردووە؟ ئەنجامەکەی چی بووە؟

## چالاکیی دیکە

گەمەیەکی خۆش بدۆزنەوە پەیوەندیی بە «داوای ڕوخسەت» ـەوە هەبێت.

## بەشی دووهەم – کۆنترۆڵی جرپنی و چارەی کێشە

## وانەی شەشەم: داوای لێبوردن

**چەمک**

داوای لێبوردن و هەوڵی ئاشتبوونەوە و چاککردنەوە یارمەتیمان دەدات لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەڵبکەین.

چەمکی زمان: داوای لێبوردن، بەرپرسایەتی، ئاشتبوونەوە، ڕووداوی بێمەبەست، چاککردنەوە.

**ئامانج**

فێرخوازان دەبێت فێر بن:

- داوای لێبوردن بکەن و پێشنیازی ئاشتبوونەوە و چاککردنەوە بکەن.

**پێداویستی**

- پۆستەری «چارەی کێشە» و «خۆئارامکردنەوە»،
- کاخەزی پۆستەر و خامە،
- دەفتەرچەی ڕاپۆرتی فێرخوازان خۆیان و ڕاپۆرتی دایکوباوکان.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

جۆشدانی توانای داوای لێبوردن ڕەنگە نیگەرانیی هەستەکیمان لە لا دروست بکات. هەستی کەسێکی داوای لێبوردن دەکات بخەنە بەرباس: مرۆڤ نیگەرانە، پەشۆکاوە، پەژارەدارە. ئەوجا هەستی ئەو کەسەش داوای لێبوردنی لێ دەکرێت: تێخوێندنەوە،

بەهەندگرتن، ئاسوودەیی و پەژارەیی. بەسەرکردنەوەی وانەی پێنجەمی بەشی یەکەمی ئەم بەرگە کارێکی باشە.

## چیرۆک و گفتوگۆ

لە وانەی ئەمڕۆدا فێر دەبین چۆن داوای لێبوردن بکەین. مرۆڤ کاتێک داوای لێبوردن دەکات پێشانی دەدات کە بەرپرسە لە ڕەفتاری خۆی. مرۆڤ ڕووداوەکە ڕوون دەکاتەوە، داوای لێبوردن دەکات و پاشان پێشنیازی دەبێت بۆ چاککردنەوەی بارەکە.

(فۆتۆی دەرسیم پێشان بدە). ئەمە دەرسیمە. دەرسیم کاتێک لە کتێبخانە بوو، بەڕێکەوت و بەبێ مەبەست کوپی قاوەی کتێبدارەکەی شکاند. نە کتێبدار لەوێ بوو نە کەسی دیکەش چاوی لێبوو. [کتێبدار: کارمەندی کتێبخانە].



**-1** به بڕوای تۆ دەرسیم هەست بە چی دەکات؟ (دەترسێت، نیگەرانە) دەرسیم بیر دەکاتەوە بڕوات و کەسیش نەزانێت.

**-2** دەرسیم، بەر لەوەی چارە بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە، چی بکات باشە؟ (دەبێت خۆی ئارام بکاتەوە)

**-3** کامانەن هەنگاوەکانی خۆئارامکردنەوە؟ (ئاماژە بە هەنگاوی سێهەمی «خۆئارامکردنەوە» بکە). وەرن هەنگاوەکانی «چارەی کێشە» بۆ چارەی کێشەکەی دەرسیم بەکار بهێنین.

**-4** کێشەکە چییە؟ (دەرسیم بەڕێکەوت و بەبێ مەبەست کوپی قاوەی کتێبدارەکەی شکاند)

**-5** چی دەبێت گەر دەرسیم بڕوات و خۆی نەکات بە خاوەنی کێشەکە و وەهای پێشان بدات کە ئاگای لەو کارە نییە؟ (ئەوکاتە هەم دەرسیم و هەم کتێبدارەکەش هەردووکیان دڵگران دەمێنن).

**-6** لە بری ئەوە، دەرسیم دەتوانێ چی بکات؟ (بەسەر کەسێکی دیکەیدا بهێنێت. داوای لێبوردن بکات).

**-7** چی دەبێت ئەگەر.........؟ (هەموو ڕێگەچارەکان، بە پرسیار و وەڵام هەڵبسەنگێنن، بڕوانە هەنگاوی سێهەمی «چارەی کێشە»)

دەرسیم بڕیار دەدات باسی ڕووداوەکە بکات و داوای لێبوردن بکات. دەرسیم بەرپرسایەتیی خۆی بەرانبەر ڕووداوەکە پێشان دەدات.

8- کەی داوای لێبوردن بکات باشە؟ (بەزووترین کات)

داوای لێبوردن هەر ئەوە نییە بە دەم داوای لێبوردن بکەیت، دەبێت دەنگیشت پەرۆشی پیشان بدات و هەروەها دەبێت پێشنیازی چاککردنەوەی کارەکەش بکەیت.

9- بۆچی گرینگە دەرسیم بە دەنگێکی سۆزدارەوە داوای لێبوردن بکات؟ (بۆ ئەوەی کتێبدارەکە تێبگات کە دەرسیم بەڕاستی داوای لێبوردن دەکات).

10- دەرسیم چۆن دەتوانێت کارەکە چاک بکاتەوە؟ (پارچەکانی کوپەکە بە کەتیرە وەک خۆی پێکەوە بنێتەوە. کۆپێکی دیکە بۆ کارمەندەکە بهێنێت).

11- بۆ دەبێت داوای لێبوردن بکەین؟ (بۆ پێشاندانی پەرۆشیی خۆمان).

12- باشە ئەگەر دەرسیم داوای لێبوردنی کرد بەڵام کتێبدارەکە نەیسەلماند و هەر تووڕە بوو، دەرسیم چی بکات باشە؟ (نابێ خۆی تێک بدات، دەبێت هەڵوێستی جوان بێت. پرسیار بکات گەر شتێکی دیکە بەم بکرێت).

وەرن هەنگاوەکانی داوای لێبوردن بنووسینەوە. یەکەم هەنگاوی دەرسیم چی بێت باشە؟ (فێرخوازان هان بدە پێشنیازی خۆیان هەبێت) ئەمەش چەند نموونەیەک:

1- دان بە ڕووداوکەدا بنێ.

2- داوای لێبوردن بکە.

3- پێشنیازی چاککردنەوەی کارەکە بکە.

**ڕۆڵوازی**

کێ دەتوانێ بەسەرهاتێکی خۆی بگێڕێتەوە تێیدا داوای لێبوردنی کردبێت؟ (دوای ئەوەی فێرخوازان بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە، بڵێ: دەکرێت پاشان چەند بەسارهاتێک بکەینە ڕۆڵوازی).

سەرەتا من خۆم دەکەم بە دەرسیم و داوای لێبوردن لە کتێبدارەکە دەکەم. پاشان نۆرەی ئێوەیە. (فێرخوازێکی دڵخواز بۆ نۆرەی کتێبدارەکە هەڵبژێرە. هەنگاوەکانی داوای لێبوردن پیادە بکە) بە کتێبدارەکە بڵێ: «ببورە، بەڕێکەوت کوپەکەت کەوت و شکا. گەر دەڵێی بە کەتیرە پارچەکانی پێکەوە دەنێمەوە، یان کوپێکی نوێت بۆ پەیدا دەکەم».

دوای ڕۆڵوازییەکە بپرسە «چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانی داوای لێبوردنم پەیڕەو کرد؟»

ئەوجا نۆرەی فێرخوازانە. نموونەکانی خۆیان یان نموونە لەم باسانەی هەڵبژێرن:

- بیرت چوو لیستۆکەکە بدەیتەوە بە هاوڕێیەکت.
- بۆیاخ دەپرژێنی بە فێرخوازێکدا.
- بە پێڵاوەکانتەوە قوڕت هێناوەتەماڵەوە.
- هاوارت بەسەر هاوڕێیەکدا کرد و ئێستا دەتەوێت چاکی بکەیتەوە.
- دایکت کارێکی پێ سپاردوویت و تۆ بیرت چووە ئەنجامی بدەیت.
- زنجیری بایسیکلی هاوڕێکەت پچڕاندووە.

### ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێر بووین بەرپرسایەتیی کارەکانمان لە ئەستۆ بگرین، داوای لێبوردن بکەین و پێشنیازی چاککردنەوەی کارەکە بکەین.

**بۆ ماڵەوە:** ڕاپۆرتی فێرخوازان، ڕاپۆرتی دایکوباوکان: لیستی هەنگاوەکانی داوای لێبوردن.

### گواستنەوەی زانیار

**یادی ئەمڕۆ:** داوا لە فێرخوازان بکە یادی بەسەرهاتێک بکەنەوە تێیدا داوای لێبوردنیان کردبێت یان لێیان کرابێت. چۆن بووە و کێ بووە. هەستیان چۆن بووە. جەخت بکە لەسەر ئەوەی هەر یەک لە ئێمە دەبێت ئامادە بێت بەرپرسایەتیی کردەوەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆ.

### چالاکیی دیکە

چیرۆکی منداڵانەی گونجاو هەڵبژێرە کە تێیدا باسی داوای لێبوردنی تێدا بێت.

# بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## دەربارەی بەشی سێهەم

تەکنیکی جڵەوگرتنی تووڕەیی یارمەتیمان دەدات گەشەی تووڕەیی خامۆش بکەینەوە. ئامانجی ئەم بەشە ئەوەیە یارمەتیی فێرخوازان بدات:

- جڵەوی هەستی تووڕەیی بگرن.
- ڕەفتاری دڕیی سەربە تووڕەبوون دابمرکێنەوە.
- لە ڕێی هونەرەکانی دیاریکردنی هەستی تووڕەیی و ناسینەوەی پنتەکانی تووڕەبوون و هەروەها پیادەکردنی هەنگاوەکانی «جڵەوگرتنی تووڕەیی» یەوە - فێر ببن چارەی کێشە جڤاکی بکەن.

هەموو کەس تووڕە دەبێت. تووڕەبوون هەستێکی خراپ نییە. بەڵام زۆر جار تووڕەبوون دەبێتە هۆکاری ڕەفتاری زبر و دڕ. تووڕەبوون، وەک هەست، دیاردەیەکی خۆڕسکە، کێشە نییە. بەڵام ڕەفتاری مرۆڤی تووڕە دوور نییە ببێتە کێشە. نە هەموو ڕەفتارێکی دڕ بەرهەمی تووڕەبوونە و نە تووڕەبوونیش بەردەوام ڕەفتاری دڕی لێ دەزێتەوە.

جڵەوگرتنی تووڕەیی بریتییە لە کۆکردنەوەی هونەرەکانی خامۆشکردنەوەی شپرزەیی و هەوڵدانە بۆ جڵەوکێشانی هەستی تووڕەیی بەرەو ڕێچکەیەکی جڤاکیی پەسەند. مەبەست وێڵکردنی هەستی تووڕەیی نییە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ ڕێکخستنی بەرتەکی هەستەکە ڕووەو چارەی کێشە.

## خاڵی سەرەکی

### کاتی تووڕەبوون چی بکەم باشە؟

وچانێک بگرە و بیر بکەوە

**1**- لەخۆت بپرسە: لەشم هەست بە چی دەکات؟ (دیاریکردنی نیشانەکانی تووڕەیی)

2- هەوڵ بدە خۆت ئارام بکەیتەوە. (پیادەکردنی تەکنیکی جڵەوگرتنی تووڕەیی)

- سێ جار هەناسەی قووڵ هەڵمژە
- پشتەوژمێری خاو
- بیر لە دیاردەی هێمن بکەوە
- خۆت بدوێنە

3- بیرکردنەوەی ئاشکرا (پیادەکردنی هەنگاوەکانی «چارەی کێشە»)

4- دواتر بیری لێ بکەوە (بیردانەوە لە ڕووداو و هەڵسەنگاندی تاوانی خۆ)

ئەم بەشە باس لە پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی دەکات، بەتایبەتی ساز کراوە بۆ ئەوەی یارمەتیی منداڵی پلەی سەرەتایی بدات چارەی پەشێوی بکات. هەنگاوی کارای خاوبوونەوەی لەشەکی گرێدراوە بە هونەری هۆشەکیی خۆ – ڕێبەری و چارەی کێشە.

لەم بەشەی سێهەمدا هونەرەکانی بەشی دووهەمی وەک: «خۆئارامکردنەوە»، «چارەی کێشە»، «ڕاهێنانی هونەری ڕەفتار» و «بیرکردنەوەی ئاشکرا» دێنەوە پێش.

**بیردانەوەش** (وەک ڕەنگدانەوەی بیر) دەچێتە پاڵ هونەرەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی. «ڕاپۆرتی فێرخواز» بەشێکە لە کاری -ماڵەوە و لە زۆربەی وانەکاندا فێرخواز دەبێت کاری لەسەر بکات. ئەم ڕاپۆرتە بۆ بیردانەوەی فێرخوازە دەربارەی نەخش و ڕەفتاری خۆی.

## وانەکانی بەشی سێهەم

1. جڵەوگرتنی تووڕەیی / سەرنجێکی گشتی – باسی نیشانەکانی تووڕەیی، ئەو ڕووداوانەی تووڕەیی دادەگیرسێنن و هەروەها پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەیی دەکات.

2. ڕەخنەوەرگرتن – لە ڕێی پیادەکردنی هونەرەکانی «چارەی کێشە» وە.

3. هەڵکردن لەگەڵ وەدەرناندا - لە ڕێی پرۆسەی «چارەی کێشە» وە.

4. هەڵکردن لەگەڵ دەرئەنجامدا – لە ڕێی وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی ڕەفتاری خۆ.

5. با «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت - هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» لە نێو دەوروبەردا پیادە بکە.

تێبینی: وانەی پێنجەم بەسەرکردنەوەی گشت وانەکانی بەرگی دووهەمە.

بەر لە دەستپێکی وانەکان کات بۆ خۆت تەرخان بکە، وانەکە بخوێنەوە و خۆت ئامادە بکە بۆ سیناریۆی ڕۆڵوازیی نێو وانەکان. گەر فێرخوازان دەتوانن سەربەخۆ بخوێننەوە ئەوا بەشی ڕۆڵوازییان بۆ کۆپی بکە و هەر یەک نامەی خۆی بدە دەست.

## تێبینی دەربارەی ئاستی گەشەسەندن

## بابەتی تایبەت و ناساندن

تووڕەیی بەرتەکی فیزیکیی وەهای بەدەمەوەیە لەگەڵ «چارەی کێشە»دا ناکۆک بێن. دیارە تووڕەبوون لە ئارادا بێت، چارەی کێشە سەختتر دەبێت.

منداڵ لە سەرەتای ساڵانی خوێندندا، بەگشتی:

- لە دەمی کێشەی جڤاکیدا، ڕەفتاری نەیارانەیان کەمێک خامۆشتر دەبێت و پتر مەیلی ژیرانەیان دەبێت.

لە ماوەی خوێندنی سەرەتاییدا منداڵ فێری هونەری دیکە دەبن، وەک:

- **خۆخەریککردن** بە کارێکی دیکەوە، بۆ نموونە لەبری هەرا و کێشە لەگەڵ منداڵی دیکە لەسەر ئەو لیستۆکە، خۆ بە نیگارکێشییەوە خەریک دەکات.
- **دۆخگۆڕین**، بۆ نموونە دەگەڕێ بۆ لیستۆکێکی دیکە.

## چەمکی زمان

چەمکی زمان لە بەشی سێهەمدا بەردەوامیی کارە لەگەڵ چەمکە زمانیەکانی بەشی یەکەم و دووهەم. گرینگترین چەمکی زمانی لەم بەشەدا کە پێویستە فێرخوازان تێبگەن چەمکی «خۆئارامکردنەوە»یە. هەنگاوەکانی ئەم هونەرە بریتین لە: هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێر، بیرکردنەوە لە دیاردەی ئارام و هەروەها خۆدواندن.

## لیستی بەشی سێهەم

پنتەکانی تووڕەیی، نیشانەکانی تووڕەیی، ڕەخنە، بەگەڵکەوتن، وەدەرنان، بەهۆی، بیردانەوە، بەرپرسایەتی، ئەنجامی پەسەند و ناپەسەند، خۆدواندن.

## گرینگیی ئەم بەشە

تووڕەبوون کۆسپ دەخاتە ڕێی «چارەی کێشە»، بۆ نموونە:

- ڕێ لە بیرکردنەوەی ژیرانە دەگرێت،
- ڕێ دەگرێ لە وردبوونە لە کرداری خۆ،
- ڕێ خۆش دەکات بۆ بەرتەکی ئۆتۆماتیکی خۆڕسکانە لەبری وردبوونە لە چەند ڕێگەچارەیەک و هەڵبژاردنی باشەکەیان.

## گواستنەوەی زانیار

گواستنەوەی زانیار سێ بەشی هەیە لە نامیلکەی «ڕێنامەی مامۆستا»دا باس کراون، ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ چەسپاندنی شاهونەرەکانی بەشی سێهەم.

## خەیاڵی ئەمڕۆ

فێرخوازان هان بدە بەسەرهاتێکی ڕۆژەکە بگێڕنەوە کە خۆیان تێدا ئارام کردۆتەوە (بۆ نموونە: پاش کێبەرکێ) یان جڵەوی تووڕەییان تێدا گرتووە.

## ڕاهێزانی ڕەفتار

یارمەتیی منداڵ بدە، کاتی کێشە و شپرزەیی، سوودی هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» ببینێت. لە ژیانی ڕۆژانەدا دەرفەت زۆرن بۆ فێرخواز هونەری جڵەوگرتنی تووڕەیی تێیاندا پیادە بکات. منداڵ هەیە لای سەختە سەربەخۆ ئەو هونەرانە پیادە بکات، تۆ یارمەتی بدە. ئەمەش نموونەی دیالۆگی نێوان مامۆستا و فێرخواز:

- مامۆستا (بە منداڵە تووڕەکە): «مەریەم، هەناسەیەکی قووڵ وەربگرە. ئافەرین، زۆر باشە. دەی دوو هەناسەی دیکەش».

- مەریەم (ئارامترە بەڵام هەر فرمێسکاوییە): «پێی گوتم درۆزن!»
- مامۆستا: «دەزانم تووڕەیت. وەرە بەیەکەوە بڵێین: خۆت ئارام بکەوە!»
- مەریەم و مامۆستا: «خۆت ئارام بکەوە!»
- مامۆستا: «ئەمجارەش زۆر بە هێمنی دووبارەی بکەوە»
- مەریەم: «خۆت ئارام بکەوە!»
- مامۆستا: «زۆر باشە، ئافەرین. دەی ئەوجا باسی کێشەکە دەکەین».

دەستەواژەی وەک: «ساردبوونەوە»، «ئارامی» و «گۆشەی وچان» بکە ئاماژەیەک بۆ منداڵ بۆ ئەوەی هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە پیادە بکەن. لە بیرت نەچێت پاش هەموو خۆئارامکردنەوەیەک باس لە خودی کێشەکە بکرێت.

**یادی ئەمڕۆ**

داوا لە فێرخوازان بکە باسێکی ئەمڕۆ یاد بکەنەوە کە هونەرەکانی «خۆئارامکردنەوە» و «جڵەوگرتنی تووڕەیی» ی تێدا پیادە کرابێت. فێرخواز نابێت ناوی ئەو منداڵانە بێنێت کە بەشداری کێشەکە بوون، تەنها باس لە هەنگاوەکانی جڵەوگرتنی تووڕەیی دەکرێت.

**تێهەڵکێشی گواستنەوەی زانیار لەگەڵ وانەکانی ڕۆژ دەبنە یاریدەری منداڵان بۆ پیادەکردنی هونەرەکانی «جڵەوگرتنی تووڕەیی» لە ژیانی ڕۆژانەدا.**

**چالاكیی دیكە**

ئەمەش چەند نموونەیەک بۆ تێهەڵکێشانی وانەکانی ئەم بەشە و بابەتی دیکە:

**1**- داوا لە فێرخوازان بکە وێنەیەکی باری تووڕەیی خۆیان بکێشن. داوایان لێ بکە ڕەنگ بەکار بهێنن بۆ پیشاندانی هەستی لەشی خۆیان. هانیان بدە گفتوگۆ دەربارەی نیشانەکانی تووڕەیی بکەن. (هونەر)

**2**- پۆلەکە بکە بە دوو گرووپ، داوایان لێ بکە وێنە لە گۆڤار و ڕۆژنامان دەربهێنن و کۆلاژی لێ دروست بکەن. گرووپێک وێنەی کەسانی تووڕە، و گرووپەکەی دیکە وێنەی کەسانی ئارام کۆ بکەنەوە. دواتر لەسەر جیاوازیی هەردوو دۆخەکە گفتوگۆ لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا ساز بکەن. (هونەر)

**3**- داوا لە فێرخوازان بکە ڕۆڵێک وازی بکەن گازەندەی تێدا بێت. بە سەرنج و ڕێنوێنی هاوکارییان بکە. (هونەر و زمان)

**4**- داوا لە فێرخوازان بکە تێکستی خۆدواندن بۆ ئەم دۆخانەی خوارەوە بنووسن و گەر لایان باشە بووکەڵە لە ڕۆڵوازییەکەدا بەکار بهێنن:

- یەکەم جارتە یاریی سۆفتباڵ / هەلووکێن دەکەیت.
- زۆر تووڕە بوویت لەوەی خوشکەکەت ژوورەکەتی تێکداوە.
- دەبێت بە دەوری حەوشەی فێرگەدا ڕابکەیت، بەڵام زۆر ماندویت و پێت وا نییە سووڕەکەت بۆ تەواو بکرێت.
- ئەو جێگەیەی خۆت دەتویست لە گەمەکەدا بەر تۆ نەکەوت.
- تۆ لەوە تووڕەیت کە فێرخوازێک لەمێژە کۆمپیوتەرەکەی گرتووە.

(زمان، هونەر، دراما)

5- له پۆلدا دەفتەرێکی ئەلفوبێ دەربارەی دۆخەکانی تووڕەبوون و پێشنیاز بۆ جڵەوگرتنیان ساز بکەن. بیرۆکەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» تێهەڵکێشی باسەکە بکەن. بارودۆخی پۆل، فێرگە و ناوچەکەی خۆتان ڕەچاو بگرن. (زمان، هونەر)

6- فیلمی کارتۆنی لەبار پێشانی فێرخوازان بدە و داوایان لێ بکە دۆخەکانی تووڕەبوون و شێوازی جڵەوگرتنیان بژمێرن. گفتوگۆ دەربارەی باسەکە بکەن. (ماتەماتیک)

7- پارچە مۆسیقای کلاسیک بۆ پۆلەکە لێبدە، سەرنجی فێرخوازان بۆ تۆنە ئارام و هەڵچووەکانی (تووڕەکانی) ئاوازەکان ڕابکێشە و داوایان لێ بکە بەدەم بیستنی مۆسیقاوە خەریکی نیگارکێشی و ڕەنگکاری بن. پاشان بەرهەمەکان بەراورد بکەن. مۆسیقای کلاسیک بگۆڕە بە مۆسیقای دیکە و هەمان پرۆسە دووبارە بکەنەوە. (هونەر- مۆسیقا)

8- گوێ لە گۆرانی و مۆسیقای هەمەڕەنگی میللەتان بگرن و باس لە کاریگەریی ئەو ئاوازانە بکەن لەسەر هەست و دەروونی مرۆڤ، چەند ورووژێنن، چەندیش ئارامبەخشن. (مۆسیقا- لێکۆڵینەوەی جڤاکی)

9- داوا لە فێرخوازان بکە، بۆ خۆساردکردنەوە و جڵەوگرتنی تووڕەیی، پەنا بەرنە بەر چالاکی فیزیکی (وەرزش) ی وەک ڕاکردن و پەتپەتێن.

10- داوا لە فێرخوازان بکە تەماشای کتێبێک بکەن وێنەی مرۆڤی تووڕەی تێدا بێت. بەسەرهاتی مرۆڤە تووڕەکان بە دەنگی بەرز بۆ منداڵەکان بخوێنەوە و داوایان لێ بکە هۆکاری تووڕەبوونی ئەو خەڵکە دیاری بکەن. لێیان بپرسە:

- ... ئەو ... چۆن جڵەوی تووڕەیی خۆی گرت؟
- هەنگاوەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» لەم بارەدا چ سوودێکی بۆ ... ئەو ... هەیە؟ (زمان – هونەر)

11- داوا لە فێرخوازان بکە باسی ئەو ژوور و گۆشەیەیماڵەوە بکەن کە کاتی تووڕەبوون و شپرزەیی پەنای بۆ دەبەن (بۆ نموونە ژووری نووستن، باخەکەی پشتەوە، کورسییەکی تایبەت...). (هونەر- لێکۆڵینەوەی جڤاکی)

12- کارمەند و خزمەتگوزاری وەک پۆلیس، پۆستەچی، سستەر، ئاگرکوژێن... بۆ پۆلەکەتان بانگهێشت بکەن بۆ ئەوەی بەسەرهاتی خۆیان دەربارەی تووڕەبوون و جڵەوگرتنی تووڕەیی بۆ منداڵان بگێڕنەوە. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی)

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چالاکیی دیکە، سەردانی سایتی کۆمیتەی منداڵان بکەن، هەر لەوێدا دەروازەیەک هەیە بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و ئەزموونی مامۆستایان:
www. cfchildrn.org

**کتێب**

گەر کتێبی کوردیی لەبارت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

### وانەی یەکەم:

### جڵەوگرتنی تووڕەیی / سەرنجێکی گشتی

(وانەی بە ڤیدیۆ)

## چەمک

هەم ڕووداوی دەرەکی و هەم بیری ناوەکی دەبنە مایەی داگیرسانی تووڕەیی.

جڵەوگرتنی تووڕەیی پێویستی بە هونەرەکانی خۆئارامکردنەوە و چارەی کێشە هەیە.

بیردانەوە و وردبوونەوەی مرۆڤ لە ڕەفتاری دەمی تووڕەبوونی خۆی لەوانەیە ببێتە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنی لە پێشەڕۆژدا.

چەمکی زمان: نیشانەی تووڕەیی، پنتەکانی تووڕەیی، خۆدواندن، بیردانەوە.

## ئامانج

فێرخوازان دەبێت بتوانن:

- نیشانەی فیزیکی (لەشەکی) تووڕەبوون بناسنەوە.
- ناوی چەند هۆکارێکی تووڕەبوون بهێنن.
- بە پرۆسەی جڵەوگرتنی تووڕەییدا بچنەوە و بەکاری بهێنن.

## پێداویستی

- فیلمی ڤیدیۆی «چاوەڕێی ئۆتۆبوس» ی «هەنگاو بە هەنگاو»
- تەلەڤیزیۆن، ڤیدیۆ.
- پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی» و «چارەی کێشە»
- بۆماڵەوە، نامەی پێنجەم، بەرگی دووهەم / بەشی سێهەم.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

لەم وانەیەدا دیاریکردنی نیشانەی لەشەکیی تووڕەبوون و هەروەها پنتەکانی تووڕەبوون (واتە ئەو دیاردانەی دەبنە مایەی داگیرسان و گەرمکردنی تووڕەبوون) بەسەر دەکەینەوە.

لێرەدا سوودی هونەرەکانی بەشی دووهەم، دەربارەی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە»، لە بواری «جڵەوگرتنی تووڕەیی»دا ڕوون دەکرێنەوە.

پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی» لە پۆلەکەدا هەڵواسە.

کلیپی فیلمە ڤیدیۆکە پیشان بدە و دواتر فیلمەکە هەڵبکەوە بۆ سەرەتا.

(دەکرێت ئەم وانەیە بە دوو جار بگوترێتەوە، بەڵام هەر بەشەی نابێت لە دوو ڕۆژ زیاتر بەرێت).

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ باس لەوە دەکەین چۆن لەگەڵ هەستی تووڕەییدا هەڵبکەین. جار هەیە مرۆڤ نازانێت چی لەگەڵ تووڕەییدا بکات.

1. هەستی تووڕەبوونی خۆت چۆن دەناسیتەوە، لەشت هەست بە چی دەکات؟ (سەرئێشە و پێچ بەسکداهاتن)

لەشی مرۆڤ دەمی تووڕەبوون چەندین نیشانە دەدات. سەرنجدانە **نیشانەکانی تووڕەبوون** یارمەتیمان دەدات ڕێگەچارە بدۆزینەوە.

**پنتەکانی تووڕەبوون** ئەو خاڵانەن کە تووڕەمان دەکەن. بۆ نموونە کەسێک نۆرەبڕیی دەکات. پنتی تووڕەبوون هەیە لە نێو دەروونی خۆماندا دروست دەبێت. باسێک مرۆڤ زوو زوو بە خۆی دەڵێتەوە و پێی تووڕە دەبێت. بۆ نموونە زوو زوو بە خۆت دەڵێت نۆرەبڕیی ...ئەو... زۆر ناڕەوا بوو.

**2.** ئادەی بزانم کامانەن پنتی تووڕەبوونی تۆ؟

ئاماژە بە پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی» بکە و بڵێ: ئەم پۆستەرە بیرمان دەخاتەوە کاتی تووڕەبوون چی بکەین باشە. داوا لە فێرخوازان بکە هەنگاوەکان بخوێننەوە، بیریان بخەوە کە هەنگاوی سێهەم ئاماژەیە بە هەنگاوەکانی «چارەی کێشە». ئێستا ئەم هەنگاوانە پیادە دەکەین بۆ ئەوەی کاتی تووڕەبوون بەکاریان بهێنین.
(فۆتۆی هەردی پێشان بدە) ئەمە «هەردی» ـیە.



3. چۆن دەزانیت هەردی تووڕەیە؟ (ڕووخساری وەهای پێشان دەدات)

وەرن سەیری دیمەنێکی ڤیدیۆکە بکەین و بزانین دەکرێت هۆی تووڕەبوونی هەردی بدۆزینەوە. ڤیدیۆ کلیپەکە پێشان بدە. پشوویەک بدەن بۆ گفتوگۆ.

4. هەردی بۆچی تووڕە بوو؟ (سەیوان نۆرەبڕیی کرد)

5. سەیوان دەیویست چی بکات؟ (دەیویست سەعاتەکەی دەستی پێشانی سەروەر بدات).

6. پێت وایە سەیوان مەبەستی بووبێت هەردی تووڕە بکات؟ (ئێمە زانیاری تەواومان لەو بارەیەوە نییە) نۆرەبڕیەکەی سەیوان پنتی تووڕەیی «هەردی»ی بزواند.

7. بە بڕوای تۆ هەردی چی بکات باشە؟ (دەبێت خۆی ئارام بکاتەوە و بیر لە کێشەکە بکاتەوە)

(ئاماژە بە خاڵی دووهەمی پۆستەرەکە بکە). هەنگاوەکانی خامۆشکردنەوەی تووڕەیی هەر ئەوانەن کە زووتر فێریان بوون بۆ خۆئارامکردنەوە.

8. بۆ دەبێت هەردی، بەر لەوەی هەر کارێک بکات، خۆی ئارام بکاتەوە و بیر لە کێشەکە بکاتەوە؟ (بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبێت. کاتی هەبێت بیر لە ئەنجامی بەرتەکی خۆی بکاتەوە).

خۆدواندن یان قسە لەبەر خۆوەکردن ڕێگەیەکە بۆ خۆئارامکردنەوە. خەڵکی وەرزشکار و موزیکژەن ئەم ڕێبازی خۆدواندنە پیادە دەکەن بۆ وەدەستهێنانی باشترین ئەنجام. لەوانەیە لەبەر خۆوە بڵێن: «من دەتوانم ئەم کارە بکەم»، «من دەتوانم ئەم ئاوازە ساز بکەم».

**9.** هەردی، بۆ خۆئارامکردنەوە، چی بە خۆی بڵێت باشە؟ («ئارام بەوە»، «نامەوێت تووڕە ببم»، «من دەتوانم ئەم کێشەیە چارەسەر بکەم»).

دیسان ئاماژە بە خاڵی سێهەمی پۆستەرەکە بکە و بڵێ: دوای ئەوەی خۆت ئارام کردەوە، ئیدی دەتوانیت بیر لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشەکە بکەیتەوە.

**10.** کێشەکە چییە؟ (هەردی شاد بوو بەوەی دووهەم کەسە لە ڕیزەکەی ویستگەی ئۆتۆبوسەکەدا، وەلێ سەیوان هات و نۆرەی لێ بڕی)

وەرن دیسان سەیری فیلمەکە بکەین و بزانین هەردی چی لەگەڵ ئەم کێشەیەدا دەکات. (فیلمەکە پیشان بدە، پشوویەک بۆ گفتوگۆ)

**11.** هەردی چۆن خۆی ئارام کردەوە؟ (هەناسەی قووڵی هەڵمژی) ئەی تۆ چۆن خۆت ئارام دەکەیتەوە؟ (هەر یەک لە فێرخوازان شێوەیەک هەڵبژێرێت)

**12.** پاش خۆئارامکردنەوە، هەردی چ چارەیەکی لەبەردەمە؟ (گشت ڕووداوەکە فەرامۆش بکات، قسە لەگەڵ کەسێکی گەورەساڵ بکات. قسە لەگەڵ سەیوان بکات).

**13.** هەردی دەیەوێت لە جێگای خۆی لە ڕیزەکەدا بمێنێتەوە. ئایا ئەوە ڕێگەچارەیەی هەڵی بژارد سوودی هەبوو؟

پاش ئەوەی چارەی کێشەکە دەکەیت دەبێت بە وردی بیری لێ بکەیتەوە. بەمەیان دەگوترێت **بیردانەوە**. (ئاماژە بە خاڵی چوارەمی پۆستەرەکە بکە و پرسیارەکان ئاڕاستەی ڕێگەچارەکەی هەردی بکە).

**ڕۆڵوازی**

وەرن بە ڕۆڵوازی باس لەو بارودۆخانە بکەین کە تووڕەمان دەکەن. دەبێت هەنگاوەکانی پۆستەرەکە پیادە بکەین. ئەمەش نموونەیەک: بۆتان لە دیوەخانی فێرگە دانیشتووە، بەهۆی کارێکەوە دەچێتە دەرێ، کە دەگەڕێتەوە دەبینێت موژدە جێگەکەی ئەمی گرتووە.

من ڕۆڵی بۆتان دەبینم، خۆم ئارام دەکەمەوە و ڕێگەچارە بۆ کێشەکە دەدۆزمەوە. (داوا بکە فێرخوازێکی دڵخواز ڕۆڵی موژدە ببینێت).

دەست پێ بکە. پێشانی فێرخوازانی بدە بۆتان تووڕە دەبێت، سێ هەناسەی قووڵ هەڵدەمژێت، بەرەو داوا بە هێمنی دەژمێرێت و خۆی دەدوێنێت دەڵێت: سارد ببەوە. من دەتوانم ئەم کێشەیە چارەسەر بکەم. کێشەکە چییە؟ من جێگەی خۆمم جێهێشت، کە هاتمەوە دیم موژدە لە شوێنەکەم دانیشتوە. ئەی چارە چییە؟ دەکرێت پێی بڵێم: ئەوە جێگەی منە، من لەو جێگەیە دانیشتبووم.

یان دەتوانم بچمە جێگەیەکی دیکە. یان دەتوانم بە مامۆستاکەم بڵێم کە ئەوە جێگەی من بووە و مژدە گرتوویەتی. پێموایە پێی بڵێم ئەوە جێگەی منە. ئایا ئەوە چارەیەکی سەلامەتە؟ (هەر چوار پرسیارەکەی هەڵسەنگاندن بکە پێوەری ئەم چارەسەرە). دواتر بڵێ: وا باشترە پێی بڵێم کە ئەو جێگەیە، جێگەی من بوو. (ڕوو بکە ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی موژدە دەبینێت و بڵێ:) «من پێش تۆ لەم جێگەیە دانیشتبووم. تۆ بۆ ناچیت لەسەر ئەو کورسیەی ئەوبەر دابنیشیت؟»

پاش ڕۆڵوازییەکە بکەونە بیردانەوە، پرسیارەکانی خاڵی چوارەمی پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی» بکە پێوەری هەڵسەنگاندنی چارەکە.

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. ڕێ مەدە کێشەکان بنوێنن. وەهای دانێن کێشەکە ڕووی داوە و ئێستا کاتی دۆزینەوەی چارەیە. ئەمەش چەند نموونەیەک، ئەوانە هەڵبژێرن کە بە گونجاویان دەزانن:

- تۆ سەیری کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنت دەکرد و خوشکەکەت هات و گۆڕی.
- فێرخوازێک کڵاوەکەت دەفڕێنێت و لەگەڵ هاوڕێکەیدا دیقەدیقەت پێ دەکەن.
- هاوپۆلێکت نۆرەبڕیت لێ دەکات.
- هاوڕێیەکت پاڵت پێوە دەنێت و دەتخات.
- هاوڕێیەکت هاتۆتەماڵەوە و یاریت لەگەڵ دەکات، بەڵام ئامادە نییە لیستۆکەکانت لەگەڵ خڕ بکاتەوە.
- منداڵێک پێ دەنێت بە پێتدا و دەڕوات.
- هاوڕێیەکت، هەر بۆ ئەوەی تەنها هاوڕێی ئەو بیت، چووە بە گشت ئەوانەی دیکەی گوتووە کە تۆ هیچ کام لەوانت خۆش ناوێت.

- کاتی فراڤین (خواردنی نیوەڕۆ) تۆ بۆ ماوەیەکی کورت مێزی خواردن جێ دەهێڵیت. هەتا دێیتەوە هاوڕێکەت گشت شیرینی سەر مێزەکەی خواردووە.
- دوو منداڵ لە گۆڕەپانی فێرگەکەدا ڕێگەت نادەن یاریی بە تۆپەکە بکەیت.

## ئەنجامگیری

هەموو کەسێک تووڕە دەبێت، هەستی تووڕەیی خراپ نییە، بەڵام گرینگ ئەوەیە بزانین کاتی تووڕەبوون چۆن ڕەفتار دەکەین. هەر ڕەفتارێک ئازاری خەڵک بدات، یان هەستیان بریندار بکات، یان ببێتە هۆی کەلوپەل شکاندن، کارێکی باش نییە. دەبێت لە کاتی تووڕەبووندا تەکنیکی «خۆئارامکردنەوە» و «چارەی کێشە» بخەینە کار بۆ ئەوەی ڕەفتارمان جوان بێت.

**بۆ ماڵەوە:** نامەی پێنجەم - «هەنگاو بە هەنگاو»، بەرگی دووهەم / بەشی سێهەم.

## گواستنەوەی زانیار

کاتێک فێرخوازان توشی ناکۆکی دەبن و خەریکە دەگاتە ناخۆشی و شەڕ، ڕێنوێنییان بکە هەنگاوەکانی «جڵەوگرتن تووڕەیی» پیادە بکەن. هانیان بدە کاتێک تووشی کێشە دەبن هونەری «خۆدواندن» پیادە بکەن.

یادی ئەمڕۆ: لە فێرخوازان بپرسە ئاخۆ هەنگاوەکانی «جڵەوگرتنی تووڕەیی»یان بەکار هێناوە بۆ چارەکردنی هەستی تووڕەیی؟

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی دووهەم: ڕەخنەوەرگرتن

**چەمک**

جار هەیە مرۆڤ بە ڕەخنە هەراسان دەبێت. ڕەخنەوەرگرتن مانای هەستکردنە بە بەرپرسایەتی بەرانبەر بە گوتار و ڕەفتاری خۆمان.

چەمکی زمان: ڕەخنە.

**ئامانج**

فێرخوازان دەبێت بتوانن

- تەکنیکی جڵەوگرتنی تووڕەیی بەکار بهێنن.
- فێری ڕەخنەوەرگرتن ببن.

**پێداویستی**

- پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی»
- پەڕە، خامە.
- دەفتەرچەی «ڕاپۆرتی فێرخوازان» و «ڕاپۆرتی دایکوباوکان».

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

لەم وانەیەدا لایەنی سازەندەی ڕەخنە پێشان دەدەین و هاوکات ئاماژە دەکەین بەوەی مەرج نییە هەموو ڕەخنەیەک دروست بێت. هەڵکردن لەگەڵ ڕەخنەدا پەیوەندیی بە فەرهەنگەوە هەیە. فەرهەنگ هەیە ڕێگرن لەوەی منداڵ بەرانبەر ڕەخنەی گەورەساڵان ڕاوەستێت و وەڵام بداتەوە.

سەرنج بدە جیاوازیی پەروەردە، پاشخان و پلەی هەستیاریی فێرخوازان. هەردوو جۆرەکەی ڕەخنە، دروست و نادروست، بخەنە بەرباس. گرینگیی شێوازی ڕەخنەگرتن بە باشی ڕوون بکەوە، بەتایبەتی ڕەخنەی سازەندە. بەهای هەر ڕەخنەیەک پێش گرتنەکەی هەڵبسەنگێنە، چونکە ئەم مەسەلەیە بۆ منداڵان زۆر هەستیار و گرینگە. پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی»ـت لە یاد بێت.

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ فێر دەبین چۆن ڕەخنە وەربگرین.

**1**- ڕەخنە چییە؟ (ڕەخنە ئەوەیە کەسێک پێت دەڵێت ئەو کارەی تۆ کردووتە، بە بۆچوونی ئەو، هەڵەیە و دەکرا باشتری بکەیت).

(فۆتۆی بانە و مامۆستا پیشان بدە)



ئەمە «بانە»یە. مامۆستا ئەو هەڵانەی پیشان دەدات کە لە ماتەماتیکدا کردوونی. مامۆستا پێی دەڵێت: بانە! تۆ چەند هەڵەیەکت کردووە، دیارە پەلەت کردووە. بە وردی کارت لەسەر ئەم ڕاهێنانە کردووە؟

**2**- بە بڕوای تۆ، بانە هەست بە چی دەکات؟ (تووڕەیی، نارەزایی، خەمباری)

بانە کەمتەرخەم بووە، بابەتەکە دەزانێت بەڵام کاتی تەواوی بۆ تەرخان نەکردووە. پەلەی کردووە.

**3**- بانە هەست دەکات لەشی بەرەو تووڕەبوون دەچێت. چی بکات باشە؟ (هەناسەی قووڵ هەڵمژێت. بیر لە بابەتی ئارام بکاتەوە). ئاماژە بە خاڵی دووهەمی پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی» بکە.

**4**- بانە، بۆ جڵەوگرتنی تووڕەیی خۆی، چی بە خۆی بڵێت باشە؟ («سارد دەبمەوە»، «من لە ماتەماتیکدا زیرەکم، بەڵام دەبێت وردتر بم»).

**5**- بە بڕوای تۆ مامۆستا بۆ ڕەخنەی لە کارەکەی بانە گرتووە؟ (بۆ ئەوەی باشتر بێت) ئەو مەبەستی ئەوە نییە هەستی بانە بریندار بکات. ئەو دەیەوێت یارمەتیی بانە بدات لە ماتەماتیکدا باشتر بێت.

**6**- بانە پەلەی کردووە و بە ڕاهێنانەکاندا نەچۆتەوە، لەمەولا چی بکات باشە؟ (پەلە نەکات. بڕیار بدات لەمەولا بە کارەکەدا بچێتەوە ئەوجا بیداتە مامۆستا).

وەرن هەنگاوەکانی «ڕەخنەکاری» بنووسینەوە. یەکەم کارێکی بانە دەبێت بیکات چییە؟ (فێرخوازان هان بدە پێشنیازی خۆیان هەبێت) ئەمەش چەند نموونەیەک: 1- خۆئارامکردنەوە. 2- ڕەخنەکە هەڵسەنگێنە، بزانە دروستە. 3- بڕیاری وەڵامێکی گونجاو بدە.

**ڕۆڵوازی**

ڕۆڵوازیی یەکەم

ئێستا ڕۆڵێک وازی دەکەین: یەکێک ڕەخنەیەکی دروست لە تۆ دەگرێت. لە پێشدا من ڕۆڵی بانە وازی دەکەم. بانە هەنگاوەکانی نووسیومانن پیادە دەکات و چارەی ڕەخنەی مامۆستاکەی دەکات). فێرخوازێکی دڵخواز ڕۆڵی مامۆستا ببینێت. تۆ دەست پێ بکە: سێ جار هەناسەی قووڵ هەڵمژە و پاشان بڵێ: «من ئەم ڕەخنەیە دەسەلمێنم. مامۆستاکەم ڕاست دەبێژێت. من پەلەم کردووە، بە ڕاهێنانەکەدا نەچوومەتەوە». (ڕوو بکە ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی مامۆستا دەبینێت و بڵێ: «تۆ ڕاست دەبێژی. من دەتوانم ئەم ڕاهێنانە باشتر ساز بکەم. بەڵام پەلەم کردووە. دەتوانم جارێکی دیکە بینووسمەوە؟»)

دوای ڕۆڵ وازیکردنەکە بپرسە چۆن بووم؟ ئایا هەنگاوەکانم پەیڕەوکردن؟

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە، ئەمەش چەند نموونەیەک:

- دایک و باوکت دەڵێن تۆ بە ئارەزوو براکەت بێزار کردووە.
- هاوڕێکەت پێت دەڵێت تۆ هەراسانی دەکەیت.

جار هەیە ڕەخنە بەکەڵکە، جار هەیە نا. جار هەیە کەسانی دیکە ڕەخنەمان لێ دەگرن و ئێمەش هەست دەکەین ڕەخنەکە نارەوایە. کاتێک کەسێک ڕەخنەت لێ دەگرێت، یەکەم هەنگاوی تۆ دەبێت هەڵسەنگاندنی ڕەخنەکە بێت، ڕەخنەکە دروستە یان نا.

وەرن چیرۆکەکەی پێشوو بگۆڕین. بانە بە وردی کارەکەی خۆی کردووە بەڵام مامۆستا دەڵێت نەیکردووە. بانە چی بکات باشە؟ (دەکرێت زۆر ڕێزدارانە مامۆستا ئاگادار بکات لەوەی ئەم بە وردی کاری خۆی کردووە. هەروەها دەتوانێت داوا لە مامۆستاکەی بکات هەڵەکانی بۆ دەستنیشان بکات).

جار هەیە خەڵکی ڕەخنەی نادروست دەگرن. ئەم کارەش بەڕاستی ناخۆشە. گەر هاتوو تۆ ڕوونت کردەوە کە ڕەخنەکەیان نارەوایە بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون ئەوا هەوڵ بدە ئەو بابەتە لەگەڵ دۆستێکدا، یان گەورەساڵێکی بڕوات پێی هەبێت، باس بکە. زۆرجار بەو کارە ئارامتر دەبیت.

گەر باسێکی وەها بێتە پێش، تۆ ڕاوێژ بە کێ دەکەیت؟ (هاوتەمەن، هاوپۆل یان کەسانی دیکەی گەورەساڵ).

ڕۆڵوازیی دووهەم

ئێستا ڕۆڵی هەمان چیرۆکی پێشوو وازی دەکەین، بەڵام ئەم جارەیان وەهای دادەنێین ڕەخنەکە نادروستە. دیسان من ڕۆڵی بانە وازی دەکەم، پێشانی دەدەم چۆن لەگەڵ ڕەخنەی مامۆستاکەیدا هەڵدەکات. (داوا بکە فێرخوازێکی دڵخواز ڕۆڵی مامۆستا ببینێت). سێ جاران هەناسەی قووڵ هەڵبمژە و بڵێ: «من دەبێت ئەمە چارەسەر بکەم. ئەوەی مامۆستاکەم دەیڵێت ڕاست نییە. من بە ڕاهێنانەکەدا چوومەتەوە». ڕوو

بکە ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی مامۆستا وازی دەکات و بڵێ: «من بە ڕاهێنانەکەدا چوومەتەوە. پێم وایە بابەتەکە سەخت بوو. تۆ دەتوانیت یارمەتیم بدەیت؟»

دوای ڕۆڵوازییەکە بڵێ: «چۆن بووم؟ ئایا پەیڕەوی هەنگاوەکانم کرد؟»

ئەوجا سەرەی فێرخوازانە. بەسەرهاتەکانی پێشوو بەکار بهێننەوە.

## ئەنجامگیری

بە شێوەیەکی گشتی بیستنی ڕەخنە مایەی ناخۆشییە. بەڵام ئەمڕۆ فێر بووین چۆن لەگەڵ ڕەخنەدا هەڵبکەین. کاتێک ڕەخنەکە دروست بێت بە هێمنی دەیسەلمێنین و سوودی لێ وەردەگرین. خۆ ئەگەر نادروست بوو، دیسان هەر بە هێمنی وەری دەگرین و زۆر بەڕێز و ئەدەبەوە ڕوونی دەکەینەوە بۆ ڕەخنەکە ڕەت دەکەینەوە و نایسەلمێنین.

**بۆ ماڵەوە:** ڕاپۆرتی فێرخوازان و دایکوباوکان. لیستی هەنگاوەکانی «ڕەخنەکاری»

## گواستنەوەی زانیار

کاتێک ڕەخنەی سازەندە دەگریت داوا لە فێرخوازان بکە تێبینی بدەن لەسەر ئەوەی ئایا، ڕەخنەکەت دروستە. فێرخوازان لەوە دڵنیا بکەوە کە ئەو ڕەخنەیە بۆ هاندانە ڕووەو ڕاهێزانی توانای خۆیان.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی سێهەم: هەڵکردن لەگەڵ وەدەرناندا

## چەمک

هەڵکردن لەگەڵ وەدەرناندا پێویستی بە جڵەوگرتنی هەست و پیادەکردنی هونەرەکانی «چارەی کێشە»یە بۆ ئەوەی بێیتەوە نێو گەمەکە.

چەمکی زمان: وەدەرنان، بە مەبەست، بەگەڵکەوتن.

## ئامانج

فێرخوازان فێر بن:

- هونەری هەڵکردن لەگەڵ «وەدەرنان»دا دەرک و پیادە بکەن.
- ڕێگەچارەی گونجاو بۆ بەگەڵکەوتن بدۆزنەوە.
- هونەرەکانی «جڵەوگرتنی تووڕەیی» پیادە بکەن.

## پێداویستی

- پۆستەری «جڵەوگرتنی تووڕەیی» و «چارەی کێشە».
- پۆستەر، پەڕە و خامە.
- دەفتەرچەی ڕاپۆرتی فێرخوازان و دایکوباوکان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

ئەم وانەیە لە ڕوانگەیەکی نوێوە هونەرەکانی بەگەڵکەوتن پێشان دەدات. جار هەیە منداڵ، کاتێک لە گەمەیەک وەدەر دەنرێت، بۆچوونی نایانە (نێگەتیڤ) ی لە لا دەخەملێت، وەها دەزانێت ئەوانەی دیکە بە مەبەست وەدەری دەنێن. زۆر جار

ڕەفتاری درِ دەبێتە هۆی وەدەرنان بەڵام جاروباریش ئەنجامی نارِۆشنا و لەیەک نەگەیشتنە.

لەم وانەیەدا منداڵ فێر دەبێت لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری کێشەکە بکات:
«دەبێت چ ڕەفتارێکی دۆستانە پێشان بدەم بۆ ئەوەی منیش بەشدار ببم؟»

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ فێر دەبین کاتی وەدەرنان چی بکەین باشە.

فۆتۆی هێڤی پێشان بدە. هێڤی دەیەوێت لەگەڵ هەڤاڵان بەشداری گەمەی «گرِدان» بێت بەڵام کەس تۆپی بۆ هەڵنادات. کاتێک کەسێکی دیکە دێتە گەمەکەوە تۆپی بۆ هەڵدەدەن.



-1 کێشەکە چییە؟ (هێڤی وا هەست دەکات لە کایەکە وەدەر نراوە).

-2 دەبێت هێڤی هەست بە چی بکات؟ (دڵتەنگی، خەمگینی، تووڕەیی).

-3 لەشی هێڤی چۆن تووڕەبوون دەنوێنێت، چی لێ دێت؟ (پێچ بە سکیدا دێت، ماسوولکەکانی گرژ دەبنەوە).

-4 دەی وا هێڤی تووڕەیە، چی بکات باشە؟ (خۆی ئارام بکاتەوە: سێ هەناسەی قووڵ، پشتەوژمێری خاو، بیرکردنەوە لە دیاردەیەکی ئارام، خۆدواندن)

-5 بۆچی هێڤی لە کایەکە وەدەر نراوە؟ (لەوانەیە بەڕێکەوت بێت، نەیان دیبێت، لەوانەیە منداڵەکانی دیکە نەیناسن). پێت وایە بە مەبەست وەدەر نرابێت؟ (نازانین، زانیاریی تەواومان لەو بارەیەوە نییە).

-6 هێڤی دەتوانێت چی بکات؟ (دەتوانێت لە گەمەی داهاتوودا بەشداریی بکات، دەتوانێت داوای یارمەتی لە کەسێکی گەورەساڵ بکات). لیستەیەک لە پێشنیازی فێرخوازان ساز بکە.

-7 هێڤی داوای یارمەتی لە کێ بکات باشە؟ (هاوڕێکانی، مامۆستاکەی، دایک و بابی)

-8 چی دەبێت ئەگەر........؟ (هەموو ڕێگەچارەکان، بە پرسیار و وەڵام هەڵبسەنگێنن، بڕوانە هەنگاوی سێهەمی «چارەی کێشە»)
هێڤی بڕوای وایە هەڤاڵەکانی بە مەبەست وەدەریان نەناوە. هەوڵ دەدات بەگەڵ کەوێت، بە دەنگێکی دۆستانە داوا لە یەکێک لە منداڵەکان دەکات جاروبار تۆپەکە بۆ ئەویش هەڵبدات.

-9 کێ هەنگاوەکانی بەگەڵکەوتنی بیرماون؟ (لە نزیکەوە چاوەڕێ بکە، سەرنجی جوانت هەبێت دەربارەی گەمەکە، پرسیار بکە).

-10 گریمان هێڤی جارێکی دیکەش هەوڵی دا بەگەڵ کەوێت، بەڵام بۆی دەرکەوت منداڵان بە مەبەست وەدەریان ناوە؟ (ئەو کاتە دەبێت ڕێگەچارەیەکی دی بدۆزێتەوە و شێوازێکی دیکە هەڵبژێرێت).

**11-** ئایا ڕووی داوە تۆ وەدەر بنرێیت؟ هەستت بە چی کردووە. ئەدی چیت کردووە؟

**12-** چی بکەین باشە بۆ ئەوەی کەس خۆی بە وەدەرنراو نەزانێت؟ (هەمووان بەشدار بکە).

وەرن چەند هەنگاوێکی چارەکردنی وەدەرنان بنووسینەوە بۆ کاتی پێویست.
(فێرخوازان هان بدە پێشنیازی خۆیان هەبێت) ئەمەش چەند نموونەیەک:
1- ئارام بەوە. 2- بزانە بە مەبەست وەدەرنراویت یان نا. 3- داوای بەشداریی بکە، یان هەستی خۆت بۆ منداڵەکانی دیکە ڕوون بکەوە).

**ڕۆڵوازی**

ئێستا وەدەرنان دەکەینە ڕۆڵوازی. من ڕۆڵی هێڤی دەبینم کە چۆن لەگەڵ وەدەرناندا هەڵدەکات. هەنگاوەکانی لیستەکەی خۆمان پەیڕەوی دەکەم. (سێ فێرخوازی دڵخواز هەڵبژێرە).

وەهای پێشان بدەن منداڵەکان تۆپێکی خەیاڵکرد بۆ یەکدی هەڵدەدەن بەڵام بۆ تۆ نا، تۆش لەبەر خۆتەوە بەرەودوا بژمێرە، خۆت بدوێنە و بڵێ: «سازی دەکەم. لەوانەیە نەزانن منیش دەمەوێت بەشدار بم. داوا لە یەکێکیان دەکەم تۆپەکەم بۆ هەڵبدات». داوا لە منداڵێک بکە: «لەوە دەچێت گەمەیەکی خۆش بێت. دەتوانیت جاروبار تۆپەکە بۆ منیش هەڵبدەیت؟» هەنگاوی چوارەمی «جڵەوگرتنی تووڕەیی» پرسیاری بیردانەوەی تێدایە، لێرەدا بەکاریان بهێنن.

ئەوجا نۆرەی فێرخوازانە. نموونەی بەسەرهاتی خۆیان یان نموونە لەم باسانەی هەڵبژێرن:

- چەند منداڵێک یاریی بە تۆپ دەکەن. بەڵام داوا لە تۆ ناکەن بەشدار بیت.
- دەتەوێت لەسەر مێزی نانخواردنی فێرگە دابنیشیت، بەڵام کەس جێگەت ناکاتەوە.
- ئەو هاوڕێیەی هەموو ڕۆژێک پێکەوە لە فێرگە دەگەڕانەوە، ئێستا لەگەڵ یەکێکی دیکەدا دەڕواتەوە.
- دوو خۆشەویسترین هاوڕێی تۆ بەیەکەوە دەچن بۆ سینەما، بە تۆ ناڵێن.

## ئەنجامگیری

ئەمڕۆ فێری ئەوە بووین کاتی وەدەرنان چی بکەین باشە. دوای خۆئارامکردنەوە، بڕیار دەدەین ئایا بە مەبەست وەدەر نراوین یان نا. دووبارە باسمان لەوەش کردەوە چۆن بە شێوەیەکی دۆستانە داوای بەگەڵکەوتن دەکەین. فێری ئەوەش بووین، گەر زانیمان بە مەبەست وەدەر نراوین، چۆنی چارە بکەین.

**بۆ ماڵەوە:** دەفتەرچەی ڕاپۆرتی فێرخوازان و دایکوباوکان، هەروەها لیستی «وەدەرنان».

## گواستنەوەی زانیار

زۆر جار وەدەرنان دیاردەیەکی تەنها خەیاڵکردە نەک کارێکی بە مەبەست. لەبەر ئەوە گرینگە منداڵ فێر بێت دۆخەکە شی بکاتەوە. پاش شیکردنەوە پلان بۆ چارەی کێشەکە دابنێن.

**خەیاڵی ئەمڕۆ:** باس لەو کاتانە بکەن کە فێرخوازان ڕێی منداڵی دیکەش بدەن بەشداری چالاکییان بێت. فێرخوازان هان بدە بازنەی دۆستانی خۆیان فرەوانتر بکەن و فێرخوازی دیکەی نوێ لە گەمە و چالاکیدا بەشدار بکەن.

**یادی ئەمڕۆ:** داوا لە فێرخوازان بکە بەسەرهاتێک بگێڕنەوە تێیدا لەسەر منداڵی دیکەیان کردبێت.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی چوارەم: هەڵکردن لەگەڵ ئەنجامدا

**چەمک**

هەموو ڕەفتارێک ئەنجامی هەیە، جار هەیە ئەنجامی باشە، جار هەیە بەدە.

هەڵکردن لەگەڵ ئەنجامدا یەکێکە لە مەرجەکانی بەرپرسایەتی.

چەمکی زمان: ئەنجامی باش و خراپ، هەستی بەرپرسایەتی.

**ئامانج**

فێرخوازان دەبێت فێر بن:

- هەموو ڕەفتارێک ئەنجامی هەیە.
- بەرانبەر وەڵامی «نەخێر» دەرکیان هەبێت و جوانڕەفتاربن.
- لەگەڵ ئەنجامی کارەکانی خۆیاندا هەڵبکەن.
- هونەرەکانی «چارەی کێشە» بەکار بهێنن.
- هونەرەکانی «جڵەوگرتنی تووڕەیی» بەکار بهێنن.

**پێداویستی**

- پۆستەری « جڵەوگرتنی تووڕەیی»
- پۆستەر، پەڕە. خامە.
- دەفتەرچەی ڕاپۆرتی فێرخوازان خۆیان، ڕاپۆرتی باوان.

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا**

منداڵ دەبێت پەی بەرن بەوەی هەموو ڕەفتارێک ئەنجامی هەیە. دەبێت خۆیان فێر بکەن لەگەڵ ئەنجامی نایەتی (نێگێتیڤ) ی کردەوەکانی خۆیاندا هەڵبکەن و هەراسانبوونی خۆیان بەو ئەنجامە بەرەو چالاکی و هەڵسوکەوتی دیکە بەرن.

تێبینی بکە کە منداڵ هەیە پەروەردەی سەختی دیوە. لەبەر ئەوە گرینگە یارمەتیی بدەیت سزا و هەڵسوکەوتی دروست و نادروست جودا بکاتەوە. نابێت منداڵ بە هەڵە بخرێتە سەر بارێک، گەر تووشی بەدکاری و ستەمکاری بوو، ساکارانە بیسەلمێنێت و داوای یارمەتی نەکات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە «ڕێنامەی مامۆستا».

**چیرۆک و گفتوگۆ**

ئەمڕۆ باس لە ئەنجام دەکەین. ئەنجام بەرهەمی کارێکی تایبەتە. گەر هێلکەیەک بدەیت بە زەوییەکی سەختدا، هێلکەکە دەشکێت. شکانی هێلکەکە ئەنجامی ئەو کێشانەیە بە زەویدا.

هەموو کارێک ئەنجامی هەیە. (چەند نموونەیەکی ئایانە (پۆزەتیڤ) ی وەها بێنەوە لای فێرخوازان ئاشنا بن، بۆ نموونە: ئەگەر زوو خوێندنی ئەمڕۆت تەواو بکەیت بۆت هەیە کار لەسەر کۆمپیوتەرەکە بکەیت. ئەم دەرفەتی کارکردنە لەسەر کۆمپیوتەر ئەنجامی ئەوەیە کە ئەرکی خوێندنەکەت تەواو کردووە).

لە وانەی ئەمڕۆدا فێری ئەوە دەبین چۆن لەگەڵ ئەنجامێکدا هەڵبکەین کە بە دڵمان نییە. مرۆڤ گەر ڕێسا بشکێنێت یان هەڵسوکەوتی نارێک بنوێنێت، ئەنجامی ناخۆشی لێ دەبێتەوە، بۆ نموونە، ماف و دەستکەوتەکانی دادەشکێنرێن. سەلماندنی ئەنجام، گەرچی ناخۆشیش بێت، ڕێگەیەکە بۆ فێربوونی بەرپرسایەتی.

جار هەیە ئەنجام نەک هەر ناخۆشە بگرە خەتەرناکیشە بۆ لەش و دەروونمان. هەر کارێک ببێتە مایەی ژان، برین، سوتان یان وەهات لێ بکات هەست بە ترس بکەیت و نەتوانی لە بیر خۆتی بەریتەوە ئەوا کارێکی خەتەرناکە. کەس بۆی نییە کاری وەها خەتەرناک بەرانبەر تۆ بکات، با ئەو کارەش ئەنجامی ڕەفتارێکی تۆش بێت. ئەگەر تووشی کاری وەها بوویت قسە لەگەڵ کەسێکی گەورەساڵ بکە کە جێی متمانەی خۆت بێت.

(فۆتۆی چۆمان پێشان بدە) ئەمە چۆمانە. بڕیارە دوای نیوەڕۆ چۆمان بچێتە سەردانی کاژاوی هاوڕێی، وەلێ چۆمان و بابی وەها ڕێک کەوتوون کە چۆمان پێش ئەوەی بڕوات ژوورەکەی خۆی خاوێن بکاتەوە. بەڵام چۆمان لەبری ئەو کارە هەموو کاتی پێشنیوەڕۆ خەریکی گەمەی وێنەبەستن بوو، کاتی نەبوو ژوورەکەی خاوێن بکاتەوە. ئێستا باوکی لێ ناگەڕێت چۆمان بڕوات تا ژوورەکەی خاوێن نەکاتەوە.



1- چۆمان ژووره‌که‌ی خاوێن نه‌کردۆته‌وه‌، ئه‌نجامه‌که‌ی چی ده‌بێت؟ (نابێت بچێت بۆ ماڵی کاژاوی هاوڕێی).

2- ئایا ئه‌مه‌ ئه‌نجامێکی سه‌لامه‌ته‌؟ (ئه‌رێ) بۆ؟ چونکه‌ ئازاری چۆمان نادات.

3- گه‌ر چۆمان پێشنیوه‌ڕۆ ژووره‌که‌ی خاوێن کردبایه‌وه‌ ئه‌نجامه‌که‌ی چی ده‌بوو؟ (ئه‌و کات چۆمان ده‌یتوانی هه‌موو پاشنیوه‌ڕۆکه‌ لای کاژاو بێت)

4- ده‌بێت ئێستا چۆمان هه‌ست به‌ چی بکات؟ (تووڕه‌یی، دڵشکاوی) چۆن ده‌زانیت؟ (چاوی له‌ زه‌وی بڕیوه‌. مۆنه‌)

چۆمان به‌ باسی خاوێنکردنه‌وه‌ی ژووره‌که‌ تووڕه‌یه‌، به‌ڵام بیری نه‌چووه‌ خۆی ئارام بکاته‌وه‌ و بیر بکاته‌وه‌ بۆ ئه‌م ئه‌نجامه‌ هاته‌ پێش. (ئاماژه‌ به‌ خاڵی دووهه‌می «جڵه‌وگرتنی تووڕه‌یی» بکه‌. چۆمان، بڕیاری دا چاوی خۆی داخست و که‌وته‌ پشته‌وژمێری خاو. ئه‌وجا ئاماده‌یه‌ بیر له‌ باسه‌که‌ بکاته‌وه‌.

5- به‌ بۆچوونی تۆ، بابی چۆمان بۆ سووره‌ له‌سه‌ر په‌یمانه‌که‌ی خۆیان و ئه‌و ئه‌نجامه‌ ده‌دات به‌ چۆمان؟ (تا چۆمان فێری به‌رپرسایه‌تی بێت)

6- چۆمان چی بکات باشه‌؟ (له‌ بابی توڕه‌ و زیز بێت. ژووره‌که‌ی خاوێن بکاته‌وه‌. هه‌وڵ بدات له‌گه‌ڵ بابی ڕێک بکه‌وێت).

7- چی ده‌بێت ئه‌گه‌ر........؟ (هه‌موو ڕێگه‌چاره‌کان، به‌ پرسیار و وه‌ڵام هه‌ڵبسه‌نگێنن، بڕوانه‌ هه‌نگاوی سێهه‌می «چاره‌ی کێشه‌»)

8- به‌ بڕوای تۆ، چۆمان چی ده‌کات؟

دوای ئه‌وه‌ی ئارام ده‌بێته‌وه‌، چۆمان بیر له‌ باسه‌که‌ ده‌کاته‌وه‌. به‌ خۆی ده‌ڵێت:
«ده‌زانم ده‌با من ژووره‌که‌م خاوێن کردبایه‌وه‌. ده‌بێت ژووره‌که‌ خاوێن بکه‌مه‌وه‌ و پاشان داوای لێبوردنیش له‌ بابم بکه‌م». دوای ئه‌وه‌ی ژووره‌که‌ی خاوێن ده‌کاته‌وه‌،

داوای لێبوردن لە بابی دەکات و پێی دەڵێت کە لەمەولا پەیمانشکێنی ناکات و ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات. ئەوجا لە بابی دەپرسێت ئایا ئێستا بۆی هەیە بچێت بۆ ماڵی کاژاوی هاورێی. بابیشی دەڵێت ئەرێ. چونکە چۆمان پەیمانەکەی خۆی بردە سەر.

چۆمان لەگەڵ ئەنجامی کردەوەکەی خۆیدا، کە خاوێن نەکردنەوەی ژوورەکەی خۆی بوو. هەڵی کرد. ڕاستە بۆی نەلوا هەموو کاتی پاشنیوەڕۆ لای کاژاوی برادەری بێت بەڵام دوای ئەوەی بڕیاری دا بەرپرسایەتیی خۆی بگرێتە ئەستۆ و ژوورەکەی خۆی خاوێن کردەوە ئیدی توانی ماوەیەک لای کاژاو بێت.

بیر لە باسێک بکەوە کە، لە ئەنجامی کردەوەیەکی خۆتدا، دایک و بابت بە «نەخێر» وەڵامی داوایەکی تۆیان داوەتەوە. هەستت چۆن بووە و چۆن لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا هەڵت کرد.

وەرن چەند هەنگاوێکی هەڵکردن لەگەڵ ئەنجامی ناخۆشدا بنووسینەوە. یەکەم هەنگاو چییە؟ (فێرخوازان هان بدە پێشنیازی خۆیان هەبێت) ئەمەش چەند نموونەیەک:

**1-** ئارام بە.

**2-** بیر لەوە بکەوە بۆچی ئەو ئەنجامەت وەرگرتووە.

**3-** بڕیار بدە چی بکەیت.

**4-** ئەنجامەکە پەسەند بکە.

**5-** بیر لەوە بکەوە لە داهاتوودا بەرپرسایەتیی خۆت بگریتە ئەستۆ.

**6-** گەر دەزانیت سزاکە خەتەرناکە لای کەسێکی گەورەساڵی جێمتمانە باسی بکە.

## ڕۆڵوازی

ئێستا دەیکەینە ڕۆڵوازی. تۆ ڕێسابەزێنی یان پەیمانشکێنیت کردووە و کەسێکی گەورەساڵی ناسیاو بڕیارێک دەکاتە ئەنجامی کارەکەی تۆ. سەرەتا من دەبمە چۆمان ئەو ئەنجامەی باوکم بڕیاری داوە دەسەلمێنم. (فێرخوازێکی دڵخواز ڕۆڵی بابی چۆمان دەبینێت).

پێشانی فێرخوازانی بدە. هەناسەی قووڵ هەڵبمژە و بەرەودوا بژمێرە و بڵێ: «من دەزانم دەبایە ژوورەکەم خاوێن کردایەتەوە. من دەبێت ئەو کارە بکەم و پاشان بە باوکم بڵێم جارێکی دیکە پەیمانشکێنی ناکەم، پەیمانی خۆم دەبەمەسەر». (پێشانی بدە خەریکی خاوێنکردنەوەیت و دواتر ڕوو بکە ئەو فێرخوازەی ڕۆڵی باوک دەبینێت و بڵێ: «بابە! ژوورەکەم خاوێن کردەوە. پەیمان بێت جارێکی دیکە پەیمانشکێنی نەکەم. ئەی ئێستا دەتوانم بچم بۆ لای کاژاو؟؟».

دوای ڕۆڵوازییەکە بپرسە: چۆن بووم؟ ئایا پەیڕەوی هەنگاوەکانم کرد؟

ئەوجا نۆرەی فێرخوازانە. نموونەی بەسەرهاتی خۆیان یان نموونە لەم باسانەی هەڵبژێرن:

- تۆ ئەرکی خوێندنت تەواو نەکردووە، لەبەر ئەوە دایە ڕێ نادات سەیری تەلەڤیزیۆن بکەیت.
- تۆ ئەرکی خوێندنی دوێنێت تەواو نەکردووە. مامۆستا بڕیار دەدات کاتی پشوو لە پۆلدا دانیشیت و کارەکەت تەواو بکەیت.
- جاری پێشوو بە پێڵاوەوە هاتیتە ژووری دیوەخان و قوڕاویت کرد. ئێستا داپیرە ڕێگەت نادات لە دیوەخان گەمان بکەیت.
- فراڤین (ژەمی نیوەڕۆ) ت تەواو نەخوارد. باپیرە ڕێگەت نادات شیرینی بخۆیت.
- مامۆستا ڕێت نادات یاری باسکە بکەیت، چونکە جاری پێشوو هەرات نایەوە.

- وەستای تیپی تێنسبۆڵ بڕیار دەدات تۆ داوای لێبوردن لە تیپەکەت بکەیت و تا کۆتای یارییەکەش دابنیشیت و یاری نەکەیت، چونکی تۆ ڕێکتەکەت فڕێ داوە.

**ئەنجامگیری**

ئێمە دەبێت هەمیشە بەرپرسایەتی بگرینە ئەستۆ. مرۆڤ گەر ڕێسایەک بشکێنێت دەبێت چاوەڕێی ئەنجام بێت، با ئەنجامەکەش ناخۆش بێت. تەنانەت گەورەساڵانیش ناچارن ئەنجامی ناخۆشی کردەوەی خۆیان بسەلمێنن، بۆ نموونە کاتی تیژهاژووتن و بەزاندنی ڕێساگەلی ترافیک. مەرجێکی بەرپرسایەتی ئەوەیە ئەنجام بسەلمێنیت و بیکەیتە پەند بۆ داهاتوو.

**بۆ ماڵەوە:** ڕاپۆرتی فێرخوازان و دایکوباوکان. لیستەی هەڵکردن لەگەڵ ئەنجامدا.

**گواستنەوەی زانیار**

کاتێک فێرخواز ڕێسابەزێنی دەکات و تۆ بڕیاری سزایەکی بۆ دەدەیت، هەوڵ بدە پێشانی بدەیت کە سزاکە بەرهەمێکی سروشتی کردەوەی خۆیەتی. داوا لە فێرخوازەکە بکە هۆکاری سزاکە باس بکات بۆ ئەوەی لە لای ڕوون بێت. چەمکی وەک «بەرپرسایەتی» و «پەیمان» بەکار بهێنە تا فێرخوازان فێر ببن بیردانەوەی خۆیان لە ئاست ئەو چەمکانە هەبێت.

**چالاکیی دیکە**

یەکێک لە سیناریۆکانی ئەم وانەیە بکە بابەتێک بۆ فێرخوازان، بە نووسین و نیگارکێشی باس لە هەڵکردنی خۆیان لەگەڵ ئەو باسە بنەخشێنن.

## بەشی سێهەم – جڵەوگرتنی تووڕەیی

## وانەی پێنجەم: با«هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت

## چەمک

هونەر و زانستەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» کاتێک بە کردەوە پیادە دەکرێن دەچنە ڕەوتی ڕۆژانەی فێرخوازەوە و نەخشیان گەشتر دەبێت.

## ئامانج

فێرخوازان دەبێت فێر بن:

- چیرۆکی وانەکان بکەنە دیالۆگ بۆ شانۆی بووکەڵە.
- چیرۆکی وانەکان بکەنە شانۆگەریی بووکەڵە.
- بە هاوکاریی کەسانی دیکە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» وەک شانۆگەریی پێشکەش بکەن.

## پێداویستی

- کەرەستە و کەلوپەل بۆ سازکردنی بووکەڵە.
- سازکردنی دەفتەرچەی پەڵەبیر.
- بۆماڵەوە، نامەی شەشەم - با «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بێت.
- دوو بووکەڵەی ئامادە
- هەموو کارت و پۆستەرەکانی بەرگی دووهەم.
- کاغەز و پەڕە و خامە.
- دەفتەرچەی بووکەڵە. بڕوانە «ڕێنامەی مامۆستا» - پاشکۆی یەکەم.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

لەم وانەیەدا جیاوازیی «بیرکردنەوەی ئاشکرا» و «گوتنی ئاشکرا» پیشان دەدەین. کاتێک بووکەڵە خەریکی «بیری ئاشکرا»یە منداڵ «پەڵەبیر» پیشان دەدەن و کاتێک بووکەڵە خەریکی «گوتنی ئاشکرا»یە پەڵەبیر لادەبرێت.

کات بۆ گوتنەوەی ئەم وانەیە دیاری بکە. دەکرێت بکرێتە چەند وانەیەک. داوا لە فێرخوازان بکە شانۆگەریی بە بووکەڵە بکەن. لە ژیانی ڕۆژانەشیاندا بەردەوام باس لە پیادەکردنی هونەری هەستەکی - جڤاکی بکەن. سوود لە نموونەکانی نێو کارتەکان و نێو «ڕێنامەی مامۆستا» وەربگرن.

دەکرێت ئەم وانەیە بە دوو بەش بگوترێتەوە، بە مەرجێک هەر بەشەی لە دوو ڕۆژ زیاتر نەخایەنێت.

## دەستپێک

ئەمڕۆ دوا وانەی «هەنگاو بە هەنگاو» دەخوێنین. گەرچی ئەمڕۆ بە کردەوە دوا کارت و پۆستەر پیشان دەدەین، بەڵام لە ڕاستیدا تا کۆتای ساڵ بەردەوام باس لە هەست و لە «چارەی کێشە» دەکەین. وانەی ئەمڕۆ بیرمان دەخاتەوە چۆن سوود لە هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» وەربگرین. ئێستا بە پەلە سەیری کارتی وانەکان دەکەینەوە. (هەر کارتێک- لە کارتی یەکەمەوە - بەرز بکەوە، پیشانی فێرخوازانی بدە و سەردێڕەکانی بخوێنەوە. لە فێرخوازان بپرسە چییان دەربارەی ئەو وانەیە لە بیر ماوە. پۆستەرەکان بخەوە سەر یەک!)

با بزانین چی فێر بووین، وەرن گەمەی «هەستە سەرپێ» بکەین. گەر ئەوەی من دەیڵێم لە لات دروستە هەستە سەرپێ. (بۆ هەریەک لەم ڕستانەی خوارەوە داوا لە فێرخوازێک بکە بێتە سەر تەختە و ڕوونی بکاتەوە کەی و چۆن کاری بەو بەشەی «هەنگاو بە هەنگاو» کردووە. پاش هەر ڕستەیەک خاڵەکانی هەنگاوەکە لەسەر تەختە بنووسە، وەک یارمەتی بۆ چالاکیی داهاتوو).

هەستە سەرپێ گەر دێتەوە بیرت:

- کەی داوای لێبوردنت کردووە.
- کەی هەستت بە شانازی کردووە.
- کەی هاوسۆزیت پێشانی کەسێکی دیکە داوە.
- کەی بە پشتەوژمێر خۆت ئارام کردۆتەوە.
- کەی خەریکی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشە بوویت.
- کەی داوای ڕوخسەتت کردووە.
- کەی داوای بەگەڵکەوتنت کردووە.
- کەی بە شێوازێکی ڕێکوپێک داوای یارمەتیت کردووە.
- پنتەکانی تووڕەیی چین.
- کەی داوای نۆرەت کردووە.

(ئێمە گەلێک هونەری سوودبەخش لە «هەنگاو بە هەنگاو» ەوە فێر بووین).

## چالاکی

(فۆتۆی منداڵ و بووکەڵە پێشان بدە)



1- فێرخوازانی ئەم فۆتۆگرافە چی دەکەن؟ (بووکەڵە دروست دەکەن. بە گرووپی گچکە کار دەکەن. بووکەڵەکان دەخەنە یاری)

فێرخوازان، بەم بووکەڵانە، چیرۆکەکانی وانەکان دەکەنە شانۆگەری و پێشانی خەڵکی دەدەن. ئێمەش هەمان کار دەکەین. ئێستا دابەش دەبین بەسەر گرووپی گچکەدا. هەر گرووپێک یەکێک لە کارتی وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» وەردەگرێت. هەر گرووپە، خۆیان بیر لەوە دەکەنەوە چۆن چیرۆکی ناو وانەکە بە شانۆی بووکەڵە پێشان دەدەن. کەواتە ئێوە دەبێت بووکەڵە دروست بکەن و شانۆگەرییەکە ساز بکەن.

ئێمە زۆر جار کە کار لەسەر بیرۆکەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» دەکەین لە نێو خۆدا، بێ ئەوەی دەنگمان بێت، بیر دەکەینەوە.

2- بیرتان دێ ئێمە فێری چی بووین لەگەڵ خۆماندا بیڵێین؟ («ئارام بەوە». «من ئەم کارە دەتوانم». «چی بکەم باشە؟») گەر دەتەوێت پێشانی بدەیت کە بووکەڵەکەت بیر دەکاتەوە و بەدەنگی بەرز نائاخافێت، ئەوا دەکرێت پەڵەبیری بۆ ساز بکەیت. (نموونەیەک پێشان بدە).

من دەست پێ دەکەم و بە بووکەڵە باس لە وانەکەی دەرسیم دەکەم کە کوپی کتێبدارەکەی شکاند. (فۆتۆی شەشەم وانەی بەشی دووهەم پێشان بدە)

داوای یارمەتیی لە دوو فێرخواز بکە. یەکێک وێنەی پەڵەبیر بەرز بکاتەوە. یەکێکیش بە بووکەڵە ڕۆڵی کتێبدارەکە ببینێت. کتێبچەی دروستکردنی بووکەڵە بەکار بهێنە.

فێرخوازان بکە بە گرووپی گچکەوە هەر گرووپەی دوو - چوار کەس. کارتەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» بەش بکەن. پێداویستیی بووکەڵە دروستکردن و پەڵەبیر بەکار بهێنن، بیری فێرخوازان بخەوە کە:

یەکەم، دەبێت بڕیار بدەن بووکەڵەکە «چی بڵێت».

دووهەم، بووکەڵە و پەڵەبیر دروست بکەن.

سێهەم، شانۆگەرییەکە پێشان بدەن.

(ڕەنگە باشتر بێت، ئەم سێ هەنگاوە لەسەر تەختە بنووسیتەوە)

پێویست نییە فێرخوازان ئەم خاڵانە بنووسنەوە، بەڵام گرینگە لە پێشدا گفتوگۆ لەسەر داڕشتنی چیرۆکەکان و چۆنەتیی پێشاندانیان بکەن. بەسەر فێرخوازاندا بگەڕێ و هاوکاریی ئەو فێرخوازانە بکە کە بە نیازن پەڵەبیر بەکار بهێنن.

بیری فێرخوازان بخەوە، بەدەم کارکردنەوە بیر لە هاوکاری بکەنەوە، بۆ نموونە: «بیرتان نەچێت: گوێ لە یەکدی بگرن. دەنگی هەر یەکەتان دەبێت ببیسترێت. دەبێت گشتتان خەریک بن. دەبێت گشت ئەندامانی گرووپەکەت هاوکار و بەشداربن. هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»ی وەک: چارەی کێشە، بەشکردن و یارمەتیدان، پیادە بکەن».

پاش هەر شانۆگەرییەک بپرسە: لەم دیمەنەوە چیمان لەبیر بێت باشە بۆ بەردەوامبوونی هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»؟

(هەوڵ بدە، ئەم دیمەنانە بۆ خێزانی فێرخوازان و بۆ پۆلەکانی خوارووتریش پێشان بدەن).

## گواستنەوەی زانیار

ئەو هەموو دیمەنەی بە بووکەڵە پێشانتان دا ئاشکرای دەکەن چەند بابەتی جۆراوجۆر لە وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو»ەوە فێر بووین. ئایا ئێوە، بەدەم کاری بووکەڵەوە، هیچ کام لەو هونەرانەتان خستە کار؟ هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» یارمەتیمان دەدەن لەگەڵ یەکدیدا هەڵبکەین و بگونجێین. هیوادارم بەردەوام سوود لەو هونەرانە وەربگرین.

**بۆماڵەوە:** نامەی شەشەم: با هونەرەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» بەردەوام بن.

«...»